ئینگلیزیی گشتگر

دانانی

عەبدولئیلاە تەوفیق ئەبوبەکر

دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی



زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

Inclusive English

By

Abdul-Ilah Tawfiq Abu-Bakr

پێشکەشە

بەهاوسەری ژیانم زارا ئەمین و جگەرگۆشەکانمان ڕۆشنا و بنار و گۆزنا

و هاوسەرەکەی ئاریان فەرەج و جگەرگۆشەکەیان واران.

ناوی کتێب: ئینگلیزی گشتگر – Inclusive English
دانانی: عەبدولئیلاە تەوفیق ئەبوبەکر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣٩١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٧٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

پێشەکی

خوێنەری بەڕێز من لەم کتێبەدا ئەوپەڕی هەوڵم داوە ڕستە و دەستەواژە و دایەلۆگ و پارچە نووسین و وشە و زاراوە و بابەتی هەمەجۆر بەزمانی ئینگلیزی ئاسان و ڕاست و دروست دابین بکەم لەگەڵ ماناکەیان بەزمانی کوردی و بەکارهێنانی هەندێ وشەی عەرەبی بۆ ئەوەی خوێنەر بەتەواوی و تێروتەسەلی لە مانای ئینگلیزییەکە بگا.

ئامۆژگاری من بۆ کەسانێک، کە ئارەزووی زمانی ئینگلیزییان هەبێ بەتایبەتی دەرچووانی بەشی زمانی ئینگلیزی ئەوەیە کە پەیوەندی خۆیان نەپچڕن لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا و هەمیشە بەردەوام بن لە خوێندنەوەی سەرچاوە و گۆڤار و ڕۆژنامەی ئینگلیزی هەمەجۆر و گوێ بگرن لە کەناڵە ئینگلیزییەکان و سوود وەربگرن لەو ڕستە و دەستەواژانەی کە لە فەرهەنگە بەناوبانگەکاندا هەن وەکو فەرهەنگی ئۆکسفۆرد و وێبستەر و لۆنگمان و ئەکتیڤەیتەر و فەرهەنگی سیاسی و سەربازی و ئابووری و پزیشکی و کشتوکاڵی... هتد. هەروەها فەرمانایی و دەنگ و زانیاری تر دەربارەی وشەکان فەرامۆش نەکەن. دەبێ ئارەزوومەندانی زمانی ئینگلیزی فێری ئینگلیزییەک بن کە بۆ پێویستی و بواره هەمەجۆرەکانی ژیان بەکار بهێنرێ چونکە زمانی ئینگلیزی زمانێکی زۆر دەوڵەمەندە و هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان زاراوە و وشە و دەستەواژەی تایبەتی خۆی هەیە وەکو لەم کتێبەدا ڕوون کراوەتەوە.

هەرچەندە من لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا لە بەشی زمانی ئینگلیزی زانکۆی بەغدا سوودی زۆرم وەرگرت لەو مامۆستا ئەمەریکایی و بەریتانییانەی کە زۆربەیان دکتۆرایان هەبوو لە پسپۆرییەتی خۆیاندا و ڕۆژانە چەندەها پرسیارم لێ دەکردن و ڕستەی هەمەجۆرم لێ وەردەگرتن بەڵام لە دوای تەواوکردنی زانکۆ سوودی زیاترم وەرگرت چونکە کاتی زیاترم هەبوو بۆ خوێندنەوەی سەرچاوەی ئینگلیزی هەمەجۆر و بایەخی زیاترم دا بەزمانەکە.

لە کۆتاییدا داوای لێبوردن دەکەم لە خوێنەری بەڕێز ئەگەر لاوازی هەبێ لە زمانی کوردییەکەدا بەڵام مەبەست لە بەکارهێنانی زمانی کوردی و هەندێ جار وشەی عەرەبی تەنها ئەوەیە خوێنەری بەڕێز بەتێروتەسەلی لە مانای ئینگلیزییەکە بگا.

ناوەڕۆک Content

A- Simple Imperatives for Practice – فەرمانی ئاسان بۆ ڕاهێنان

B- Dialogues And Useful Sentences on Miscellaneous Topics – دایەلۆگ و ڕستەی بەسوود لەسەر بابەتی هەمەجۆر

1- Talking to a Farmer قسەکردن لەگەڵ جووتیارێکدا

2- Shopping شت کڕین لە بازاڕ

3- Talking to a Carpenter قسەکردن لەگەڵ دارتاشێکدا

4- At a Goldsmith's Shop لە دوکانی زەرنگەرێکدا

5- At a Barber's Shop لە دوکانی سەرتاشێکدا

6- At a Spices Shop لە دوکانی بەهاراتدا

7- At a Butcher's Shop لە دوکانی قەسابێکدا

8- Talking to a Greengrocer قسەکردن لەگەڵ سەوزە فرۆشێکدا

9- Talking to a Grocer قسەکردن لەگەڵ بەقاڵێکدا

10- Useful sentences concerned with talking to a tailor

ڕستەی بەسوود کە پەیوەستن بەقسەکردن لەگەڵ بەرگدرووێکدا

11- At a Beauty Salon لە سالۆنێکی جوانکاریدا

12- A list of the miscellaneous necessities and luxuries that people buy in the market daily

لیستێک لەو پێداویستی و کەمالیاتە هەمەجۆرانەی کە خەڵک ڕۆژانە لە بازاڕ دەیکڕێ

13- At a Restaurant لە چێشتخانەیەکدا

14- Talking to a Lawyer قسەکردن لەگەڵ پارێزەرێکدا

15- Some words and phrases concerned with the court

هەندێ وشە و فرێز کە پەیوەستن بەدادگاوە

16- On the Phone لەسەر تەلەفۆن

17- Sentences and expressions concerned with phone calls

ئەو ڕستە و دەستەواژانەی کە پەیوەستن بەتەلەفۆنکردنەوە

18- Games and Sports یاری و وەرزش

19- Asking for Change داوا بکەی پارەت بۆ ورد بکەنەوە

20- At a Theatre لە شانۆیەکدا

21- At a Hotel لە ئوتێلێکدا

22- Some sentences concerned with hotel هەندی ڕستە کە پەیوەندییان بەئوتێلەوە هەیە

23- Useful sentences concerned with talking to a traveller ڕستەی بەسوود کە پەیوەستن بەقسەکردن لەگەڵ گەشتکەرێکدا

24- Taking a Taxi بەکرێگرتنی تاکسی

25- On a Bus لەسەر پاس (واتا: لەناو پاسدا)

26- Tea Time کاتی چاخواردنەوە

27- At Lunch لە نانخواردنێکی نیوەڕۆدا

28- Making an Appointment دیاریکردنی کات بۆ چاوپێکەوتن

29- Finding a Job دۆزینەوەی ئیشێک

30- Useful sentences concerned with travelling and car problems

ڕستەی بەسوود کە پەیوەستن بەگەشتکردن و گرفتی ئوتومبیلەوە

31- Television تەلەفزیۆن

32- Asking about the Time پرسیارکردن دەربارەی کات

33- Police Registration تۆمارکردن لە فەرمانگەی پۆلیس

34- Showing the Way ڕێگە پیشاندان

35- Some sentences and expressions concerned with showing the way

هەندێ ڕستە و دەستەواژە کە پەیوەندییان بەڕێگە پیشاندانەوە هەیە

36- Thanks for Hospitality سوپاس بۆ میوانداریەتی

37- At a Railway Station لە ئێستگەیەکی شەمەندەفەردا

38- The London Underground ژێر زەمینی لەندەن

39- Booking Airline Tickets بڕینی بلیتی هێڵی ئاسمانی

40- At a Garage لە گەراجێکدا

41- At a Bank له بانکێکدا
42- Weather کەشوهەوا
43- Useful sentences concerned with weather ڕستەی بەسوود کە پەیوەستن بەکەشوهەواوە
C- Administration, Economy and Finance – کارگێڕی و ئابووری و دارایی
D- News and Political Affairs – دەنگوباس و کاروباری سیاسی
E- Health and Diseases – تەندروستی و نەخۆشی
F- Interesting Passages – پارچە نووسینی خۆش
1- The Smell of Kabab for the Chink of Coins. بۆنی کەباب بەزڕەی پارە
2- At the Dyer's: لە دوکانی خومچیدا
3- Biyara: بیارە
4- Mam Homer and a Grizzly: مام هۆمەر و ورچێکی گەورە و درندە
5- A Crafty Gypsy: قەرەجێکی مەکرباز
6- A memory of Daily Life in a Traditional Kurdish Village: بیرەوەرییەکی ژیانی ڕۆژانە لە گوندێکی کوردەواریدا
7- A Pleasant Picnic: سەیرانێکی خۆش
G- Sentences and Expressions on Formal Letters – ڕستە و دەستەواژە لەسەر نووسراوی فەرمی
H- Sentences and Expressions on Commercial Letter – ڕستە و دەستەواژە لەسەر نووسراوی بازرگانی
I- A Letter of Condolence – پرسەنامە
J- Miscellaneous Sentences on Bewildering Words – ڕستەی هەمەجۆر لەسەر وشەی سەرشێوێنەر
K- Military Affairs and Ranks – کاروبار و پلەوپایەی سەربازی
L- Social Affairs – کاروباری کۆمەڵایەتی

A

Simple Impertives for Practice

فەرمانی ئاسان بۆ ڕاهێنان

- Tip the porter. .بەخشیش بدە بەکۆڵهەڵگرەکە
- Tip the police off about saboteurs and smugglers. زانیـــاری نهـــێنی بدە بەپۆلیس دەربارەی تێکدەران و قاچاخچییان.
Try to buy a tip-top car. .هەوڵ بدە ئوتومبلێکی نایاب بکڕی
- No tipping. .زبڵ ڕشتن قەدەغەیە
- Turn the TV. up. .دەنگی تەلەفزیۆنەکە زیادکە
- Turn it down. .کزی کە
- Don't turn the radio on. .ڕادیۆکە مەکەرەوە
- Turn the tap on. .بەلوعەکە بکەرەوە
- Turn the tap off. .بەلوعەکە بگرەوە
- Turn Those sontty kids out. .ئەو منداڵە چڵمنانە بکەرە دەرەوە
- Turn your wet Coat inside out and hang it on the clothes - line to get dry. چاکەتە تەڕەکەت هەڵگێڕەوە بەو دیوەکەیدا و لە سەر تەنافی جلەکە هەڵێخە با وشک ببێتەوە.
- Tell the driver to turn right. .بڵێ بەشۆفێرەکە با پێچ بکاتەوە بۆ لای ڕاست
- Don't let the kids turn the ash - trays over. مەهێڵە منداڵەکان تەپڵەکە جگەرەکان هەڵگێڕنەوە بەو دیودا.
- Have a seat. .فەرموو دانیشە
- Have a tangerine. .فەرموو لالەنگییەک بخۆ

.....

saboteur: تێکدەر (مخرب)

smuggler: قاچاخچی

- Lay off luxuries. .کەمالیات بەکار مەهێنە

- Have a swim to cool down. .مەلە بکە با فێنکت بێتەوە

- Have a look at the sky to see whether it is cloudy or clear.

سەیرێکی ئاسمان بکە بۆ ئەوەی بزانی هەورە یان سایەقەیە.

- Lay the table. .مێز بڕازێنەوە بۆ خواردن

- Lay the carpet. .فەرشەکە ڕاخە

- Don’t lay change on the counter. .پارەی وردە لە سەر کاونتەرەکە دامەنێ

- Lay about the burglar. .بەتوندی پەلاماری مالبڕکە بدە

- Buy me a layer. .مریشکێکی هێلکەکەرم بۆ بکڕە

- Don’t tell me a lie. .درۆم لەگەڵا مەکە

- Don’t be a liar. .درۆزن مەبە

- Don’t lie on the wet lawn. .لە سەر چیمەنە تەڕەکە پاڵ مەکەوە

- Don’t pick on me = don’t bother me = Don’t annoy me = don’t disturb me. .جارسم مەکە

- Tell that child to set the starling free. .بڵێ بەو منداڵە ڕیشۆڵەکە بەرەڵا بکا

- Tell a dentist to make you a set of false teeth.

بەپزیشکێکی ددان بڵێ تاقمێک دانی عەمەلیت بۆ دروست بکا.

- Tell the bus driver to set down and pick up fares only at the official stops.

بڵێ بەشۆفێری پاسەکە با تەنها لەشوێنی وەستانی ڕەسمیدا نەفەر دابەزێنێ و سەری بخا.

- Set the alarm for 7 o’clock. .کاتژمێرەکە لەسەر زەنگ دابنێ بۆ کاتژمێری حەوت

- Set your watch by the clock. .کاتژمێری دیوارەکە تەوقیت بکە. کاتژمێرەکەت لەسەر

.....

starling: ڕیشۆڵە

false teet = dentures: تاقمی دان

turquoise: پیرۆزە

- Tell the picnickers to set out at 7 a.m.

بڵێ بەسەیرانکەرەکان با کاتژمێری حەوتی بەیانی دەرچن.

- Tell the goldsmith to set a turquoise in your gold ring.

بڵێ بەزەرنگەرەکە پیرۆزەیەک بخاتە ناو ئەنگوستیلە زێڕەکەتەوە.

- Tell an orthopedist to set your broken leg.

بەپزیشکێکی ئێسک بڵێ با لاقە شکاوەکەت بگرێتەوە.

- Set a date for the picnic. .ڕۆژێک دیاری بکە بۆ سەیرانەکە

- Set fire to the dry grass. .ئاگر لە گیا وشکەکە بەر بدە

- Set a trap for the mouse. .تەڵەیەک دانێ بۆ مشکەکە

- Make us some petits fours. .هەندێ کولیچەمان بۆ بکە

- Try to make up for your lost time.

هەوڵ بدە کاتی بەفیڕۆ دراوت قەرەبوو بکەیتەوە.

- Try this navy suit on. .ئەم قاتە شینە تۆخە تاقی بکەرەوە

- Make up your mind to give up smoking. .بڕیار بدە جگەرەکێشان تەرک کەی

- Make a call. .تەلەفۆنێک بکە

- Don’t make friends with ill - mannered people.

هاوڕێیەتی کەسانی خوو خراپ مەکە.

- Make for the village. .بەرەو گوندەکە بڕۆ

- Make hay while the sun shines.

لە کاتی هەتاودا گیا گزرە بکە (مانای ئەم پەندە ئینگلیزییە ئەوەیە لە کاتی خۆشیدا خەمی ناخۆشی بخۆ).

- Give me a back massage. .پشتم بشێلە

- Give that fierce dog a blow. .بدە لەو سەگە درندە

- Tell the hijacker to give in. .بڵێ بەفڕۆکە ڕفێنەکە خۆی بدا بەدەستەوە

- Don’t daydream about your fiancee. .دالغە بەدەسگیرانەکەتەوە لێ مەدە

.....

give in = surrender = yield: خۆی بەدەستەوە دەدا/ تەسلیم دەبێ

- Give me a lift. .بمگەیەنە (بەئوتومبیل)

- Give a speech on environmental pollution.

وتارێک بدە لەسەر پیسبوونی ژینگە.

- Hurry up = Hasten = Make haste = Be quick. .خێراکە

- Take some rest. .هەندێ پشوو بدە

- Take the money from him. .پارەکەی لێ وەرگرە

- Take me to a welder. .بمبە بۆ لای لەحیمچییەک

- Take notes in class. .لە ناو پۆلدا تێبینی بنووسە

- Tell the engineer to draw the house design.

بڵێ بەئەندازیارەکە با نەخشەی خانووەکە بکێشێ.

- Draw the curtains. .پەردەکان دادەرەوە

- Draw back the curtains to let the sun light in.

پەردەکان لادە با تیشکی هەتاو بێتە ژوورەوە.

- Peel the orange. .پرتەقاڵەکە پاک بکە

- Hull the boiled chickpeas.

نۆکە کوڵاوەکە پاک بکە(واتە: تۆپکڵە نەرمەکەی لێ بکەرەوە).

- Top and tail the okra.

بامیەکە قنچک بکە. (واتە: سەر و بنەکەی ببڕە با ئامادە بێ بۆ لێنان).

- Shell the boiled eggs. .هێلکە کوڵاوەکان پاک بکە

- Thread the needle. .دەزووەکە بکە بەدەرزییەکەوە

- Thread the beads. .موروەکان بهۆنەرەوە

- Sift the flower with a flour - sifter. .ئاردەکە بەهێڵەکی ئاردبێژان ببێژە

- Mince the meat and make us hamburger.

گۆشتەکە بکە بەقیمە وشفتەمان بۆ بکە.

.....

flour - sifter: هێڵەکی ئاردبێژان

- Don’t let your son get his jacket on inside out.

مەهێڵە کوڕەکەت قەمسەڵەکەی بەهەڵگەڕاو لەبەر بکا.

- Climb the fig tree and pick me some ripe figs.

بەسەر دار هەنجیرەکەدا سەرکەوە و هەندێ هەنجیری گەییوم بۆ لێکەرەوە.

- Roll up the linoleum and put some camphor-balls into its hollow to keep insects away from it.

کومبارەکە لوول بکە و هەندێ ئەسفەنێکی خڕ بخەرە ناو بۆشاییەکەیەوە بۆ ئەوەی مێرووی لێ دوور بخاتەوە.

- Split this chunk of wood with an axe. .ئەم کۆتەرە دارە بەتەورێک بقلێشێنە

- Bring me a glass of buttermilk: پەرداخێک دۆم بۆ بێنە

- Mix the egg yolks and whites and make me an omelette.

زەردێنە و سپێنەی هێلکەکان تێکەڵ بکە و هێڵکە و ڕۆنێکم بۆ بکە.

- Cook the truffles and fry the mushrooms.

دۆمەڵانەکە لێ بنێ و قارچکەکە سوور بکەرەوە.

- Knead the dough. .هەویرەکە بشێلە

- Buy me two bunches of chard. .دوو چەپکە سلقم بۆ بکڕە

- Don’t put off your wedding day. .ڕۆژی ژنهێنانەکەت دوا مەخە

.....

linoleum: کمبار/ مشمع لفرش الارض

camphor-balls: ئەسفەنیکی خڕ

chunk of wood: کۆتەرە دار

buttermilk: دۆ

egg yolks: زەردێنەی هێلکە

truffle: دۆمەڵان/ الکمأ

Knead: ئەیشێلی

put off = postpone = delay: دوای دەخا

put up with = bear = endure = stand: یتحمل/ بەرگە دەگرێ

spin: یغزل/ دەیڕێسێ

- Try to put up with difficulties. .هەوڵبدە بتوانی بەرگەی ناڕەحەتی بگری

- Put out the fire with a fire extinguisher.

ئاگرەکە بەئاگرکوژێنەرەوە بکوژێنەرەوە.

- Put up the tent. .خیوەتەکە هەڵدە

- Don’t burn the candle at both ends. .خۆت زۆر هیلاک و ماندوو مەکە

- Shake a leg = Hurry up = Hasten = Be quick: خێراکە

- Don’t spin yarns. .چیرۆکی دووروودرێژی درۆ مەگێڕەرەوە

- Don’t pull strings for anyone. .واسیتە بۆ هیچ کەس مەکە

- Fly the flag. .ئاڵاکە هەڵکە

- Fly to paris tomorrow. .سبەینێ بەفڕۆکە بڕۆ بۆ پاریس

- Tell the police to fly at the terrorist.

بڵێ بەپۆلیس لەپڕ پەلاماری تیرۆریستەکە بدەن.

- Seperate the sheep from the goats.

کەسانی باش لە کەسانی خراپ جیا بکەرەوە.

- Zip and button your jacket. .زنجیر و قۆپچەی چاکەتەکەت داخە

- Kick off as soon as possible. .زووترین کات دەستبەکار بە

- Renew your passport. .پاسپۆرتەکەت تازە بکەرەوە

- Don’t let the cat out of the bag. .نهێنییەکەت لە دەم دەرنەچێ

- Try to be cat’s whiskers. .هەوڵبدە ببی بەکەسێکی باش و کارامە

- Don’t be always on my case. .هەمیشە ڕەخنەم لێ مەگرە

- Send valentine to your lover on February 14.

لە چواردەی شوباتدا کارتی خۆشەویستی بنێرە بۆ خۆشەویستەکەت.

.....

Kick off = start = begin: دەست پێ دەکا

cat’s whiskers: سمێڵی پشیلە (کەسێک ئەوپەڕی باش و لێهاتوو بێ)

on my case = criticize me all the time. .هەمیشە ڕەخنەم لێ دەگرێ

- Bargain with the real estate agent about the price of the house you are going to buy.

مامەڵە بکە لەگەڵ دەڵاڵی خانووبەرە دەربارەی نرخی ئەو خانووەی کە بەنیازی بیکڕی.

- Trim the lawn with a lawn mower.

چیمەنەکە بەمەکینەی چیمەن بڕین ڕێک ببڕە.

- Cut the red tape. .واز لە ڕەسمییات بێنە

- Sign your application and take it to the real estate department.

داواکارییەکەت ئیمزا بکە و ببە بۆ بەشی خانووبەرە.

B

Dialogues And Useful Sentences on Miscellaneous Topics

دایەلۆگ و ڕستەی بەسوود لەسەر بابەتی هەمەجۆر


1- Talking to a Farmer قسەکردن لەگەڵ جووتیارێک

- What's your job? ؟ ئیشت چییە
- I'm a farme. .من جووتیارم
- How are crops this year? ؟ ئەمسالّ بەروبووم چۆنە
- They're rather good. .تاڕادەیێ باشە
- What do you cultivate? ؟ چێ دەچێنی
- Wheat, barley, chickpeas and vegetables. .گەنم و جۆ و نۆک و سەوزەوات
- What domestic animals do you keep? ؟ چ گیانەوەرێکی مالّی ڕادەگری
- I keep cows, sheep, goats, layers, turkeys, geese and ducks.
مانگا و مەڕ و بزن و مریشکی هێلّکەکەر و قەل و قاز و مراوی ڕادەگرم.
- How do you plough the fields? ؟ چۆن کێلّگەکان دەکێلّی
- I plough them by oxen because I don't have a tractor.
بە گا دەیانکێلّم چونکە تراکتۆرم نییە.
- What agricultural tools do you have? ؟ چ ئامێرێکی کشتوکالّیت هەیە
- I have a shovel, a spade, a pickaxe, a sickle, a reaping-hook and pruners.
خاکەنازێک و بێلّێک و پاچێک و داسێک و کەرەنتوێک و مەقەسی تەقلیمم هەیە.
- How do you reap, thresh and winnow your wheat?
چۆن دروێنە و کوتان و شەنی گەنمەکەت دەکەی؟
- I hire a combine - harvester that can do all the work for me.
دەڕاسەیەک بەکرێ دەگرم کە دەتوانی هەموو ئیشەکەم بۆ بکا.

.....

crops: بەروبووم

cultivate: دەچێنێ
Wheat: گەنم
barley: جۆ
chickpeas: نۆک
domestic: مالّی
keep: بەخێو دەکا/ ڕادەگرێ
job = occupation = profession: ئیش. مهنه. حرفه
cow: مانگا
sheep: مەڕ
goat: بزن
layer: مریشکی هێلکەکەر
turkey: قەل
goose (pl. geese): قاز
duck: مراوی
plough: دەکێلّێ
ox (pl. oxen): گا
agricultural: کشتوکالّی
tool: ئامێر
shovel: خاکەناز
spade: بێلّ
pickaxe: پاچ
sickle: داس
reaping - hook = scythe: کەرەنتو
pruners: مەقەسی قەلّەمکردن
reap: دروێنە دەکا
thresh: دەیکوتێ
winnow: شەنی دەکا/ يُذَرِّي (الحنطه)
hire: بەکرێ دەگرێ
combine - harvester: دەڕاسە



2- Shopping شت کڕین

- Are you being served? ئایا کەس هاتووە بەدەمەوە؟ (ئەم دەربڕینە لە لایەن دوکاندارەوە بەکاردێ بۆ ئەوەی بزانێ کڕیار چی پێویستە).

- No, I'm after a size 35 V- neck pullover in purple.

نەخێر، بەدوای بلووزێکی یەخە حەوتی قەبارە ٣٥ی ئەرخەوانیدا دەگەڕێم.

- Sorry, but we're sold out. .بەداخەوە هەمووی فرۆشراوە و نەمان ماوە

- will you be getting any more in؟ ئایا هی تر دەهێنن؟

- Yes, of course. Look in again next week.

بەڵێ هەڵبەتە، هەفتەی داهاتوو سەر بدەرەوە.

.....

V - neck pullover: بلووزی یەخە حەوت

purple: ئەرخەوانی

3- Talking to a Carpenter قسەکردن لەگەڵ دارتاشێکدا

- What can I do for you?

(ئەم دەربڕینە لە لایەن دوکاندارەوە بەکاردێ بۆ ئەوەی بزانی کرێیار چی دەوێ).

- I need a bedroom suite, a cupboard and a wardrobe.

تاقمێکی ژووری نوستن و دۆڵابێک و کەنتۆرێکم پێویستە.

- What else do you want? چی ترت پێویستە؟

- I want a baby walker and a cradle as well.

هەروەها ڕەوڕەوەیەک و بێشکەیەکیشم دەوێ.

- Which one do I make first? یەکەم جار کامیان دروست بکەم؟

- The wardrobe, please. I want a medium size with two doors.

بەیارمەتی خۆت، کەنتۆرەکە، بەقەبارەی ناوەندم دەوێ دوو دەرگای هەبێ.

- What kind of wood do you like؟ حەزت لە چ جۆرە دارێکە؟

- Either teak or walnut. .یان داری ساج یان داری گوێز

.....

bedroom suite: تاقمی ژووری نووستن

cupboard: دۆڵاب

wardrobe: کەنتۆر

baby walker: ڕەوڕەوە

cradle: بێشکە

teak: داری ساج

walnut: دار گوێز

4- At a Goldsmith's Shop لە دوکانی زەرنگەرێکدا

- What kinds of jewelry do you have؟ چ جۆرە خشڵێکت هەیە؟

- I have ear-rings, rings, necklaces, bracelets, lockets, anklets, brooches, turquoises, nose - studs and girdles.

گوارە و ئەڵقە و ملوانکە و بازن و قاپ قورئان و پاوانە و گوڵی یەخە و پیرۆزە و لووتەوانە و پشتوێنم هەیە.

- Which carat is this gold chain؟ ئەم زنجیرە زێڕە عەیاری چەندە؟

- It's 18 - carat. .عەیاری هەژدەیە

- How heavy is it؟ کێشانەی چەندە؟

- Three pennyweights and seven grains. .سێ مسقاڵ و حەوت حەبە

- Can you burnish it؟ دەتوانی زاخاوی بدەی؟

- Why not؟ ئەی بۆ ناتوانم؟

.....

jewelry: خشڵ/ مجەوهەرات

ear - rings: گوارە

necklace: ملوانکە

bracelet: بازن

locket: قاپ قورئان

anklet: خلخال/ پاوانە

brooch: گوڵی یەخە

turquoise: پیرۆزە

nose - stud: خەزێم، لووتەوانە

girdle: پشتوێن

carat: القیراط/ عەیار

chain: زنجیر
pennyweight: مسقالّ
grain: حەبە
burnish: یَصْقل/ زاخاوی دەدا

5- At a Brber's Shop لە دوکانی سەرتاشێکدا

- How do you want it sir, undercut or crew cut?

چۆنت ئەوێ بەڕێز، حەفر یان زۆر کورت؟

- Niether of them. I want just a light trim, please.

هیچیان، بەیارمەتی خۆت من تەنها ڕێککردنێکی سووکم دەوێ.

- Do you want some hair spray? ئایا هەندێ سپرای قژت دەوێ؟

- No, thank you, but I need some thing good for dandruff.

نەخێر، سوپاس بەڵام پێویستیم بەشتێک هەیە بۆ کڕێش باش بێت.

- I'm sorry I don't have such a thing. بەداخەوە من شتی لەو جۆرەم نییە.

.....

undercut: حەفر
crew cut: زۆر کورت
trim: ڕێککردن/ تعدیل
dandruff: کڕێشی سەر

6- At a Spices Shop لە دوکانی بەهاراتدا

- What spices do you have, sir? بەڕێز چ تەوابیلێکتان هەیە؟

- Cardamom, cinnamon, curry, cubeb, nutmeg, ginger, cumin, turmeric and cloves.

هێل و دارچین و کاری و، کەبابە و جوزة الطیب و زەنجەبیل و زیرەو زەردەچەوە و مێخەک.

- I need some thyme and basil. من هەندێ جاترە و ڕێحانم پێویستە.

- Sorry, we have neither thyme nor basil.

بەداخەوە نە جاترەمان هەیە نە ڕێحان.

- Are they available in the market? ئایا لە بازاڕ دەست دەکەون؟

- I don't know. نازانم.

.....

spices: تەوابیل
cardamom: هێل
cinnamon: دارچینی، دارچین
curry: کاری
cubeb: کەبابە
nutmeg: جوزه الطیب
ginger: زەنجەبیل
cumin: زیرە
turmeric: زەردەچەوە
cloves: مێخەک
thyme /taIm/: جاترە
basil: ڕێحانە
available: دەست دەکەوێ

7- At a Butcher's Shop لە دوکانی قەسابێکدا

- I want lean meat, please. بەیارمەتی خۆت من گۆشتی بێ چەوریم دەوێ.

- Don't you want offal? ئایا جەرگ و هەناوت ناوێ؟

- I want liver, kidneys, testicles and heart.

جگەر و گورچیلە و گون و دڵم دەوێ.

- Just a moment. I'll get them all ready.

تەنها ماوەیەکی کەم چاوەڕوانی بکە. هەمووی ئامادە دەکەم.

.....

- All right. باشە.
lean: بێ چەوری
mutton: گۆشتی بەرخ
beef: گۆشتی گا
veal: گۆشتی گوێرەکە

mince: قیمه
offal: جەرگ و هەناو (وەکو جگەر، گورچیلە، دڵ... هتد)
liver: جگەر
kidney: گورچیلە
testicle: گون
heart: دڵ

8- Talking to a Greemgrocer قسەکردن لەگەڵ سەوزە فرۆشێکدا

- What vegetables do you have? چ سەوزەواتێکت هەیە؟
- I have leek, celery. cress, parsley, tarragon, dill, mallow, marrow, gundelia, purslane, garlic, onion, okra, egg - plant, radish, turnip, beet and water - cress.

کەوەر و کەرەوز و تەرەتیزە و مەعدەنووس و تەرخون و شوێت و تۆڵەکە و کوولەکە و کنگر و پەڵپێنە و سیر و پیاز و بامیە و باینجان و تووڕ و شێلم و چەوەندەر و کووزەڵەم هەیە.

- I need just two bunches of celery. من تەنها دوو دەسک کەرەوزم پێویستە.
- Here you are, sir. فەرموو ئەوەتا بەڕێز.
- How much is a bunch? چەپکەی بەچەندە؟
- Just one dinar. تەنها یەک دینار.
- Here is the mony. فەرموو ئەوە پارەکە.
- Thank you. سوپاس.
- Not at all. شایەنی نییە.

9- Talking to a Grocer قسەکردن لەگەڵ بەقاڵێکدا

- What do you offer for sale? چیت هەیە بۆ فرۆشتن؟
- chickpea, lentil, green gram, long grain rice, bean, kidney bean, black - eye bean, broad bean, groats, vermicelli, macaroni, suger lump, raisin, currant, sultana, sumac, fenugreek, oats, lucerne, millet, acorn, walnut, almond, sesame, honey, haw and olive.

نۆک و نیسک و ماش و برنجی دەنک دڕێژ و لۆبیا و فاسۆڵیا و ماشە سپی و پاقلە و ساوەر و شەعریە و مەعکەرۆنی و شەکری کلۆ و مێوژ و کشمیش و کشمیشی ورد و

سماق و شملێ و پەرشت و وێنجە و گاڵ و بەڕوو و گوێز و بادەم و کونجی و هەنگوین و گۆیژ و زەیتون.

- Weigh me five kilos of kidney bean and ten kilos of rice.

پێنج کیلۆ فاسۆڵیا و دە کیلۆ برنجم بۆ بکێشە.

- O. K. That comes to 100 I. D. باشە. ئەوە دەکاتە سەد دیناری عێراقی.

.....

- Here you are. فەرموو ئەوەتا.
chickpea = garbanzo: نۆک
lentil: نیسک
green gram: ماش
bean: لۆبیا
kidney bean: فاسۆڵیا
black - eye bean: ماشە سپی
broad bean: پاقلە
groats: ساوەر
vermicelli: شەعریە
macaroni: مەعکەرۆنی
suger lump: شەکری کلۆ
raisin: مێوژ
currant: کشمیش
sultana: کشمیشی ورد و زەرد
sumac = sumach: سماق
fenugreek: شملێ/ المحلبه
oats: پەرشت/ الشوفان
lucerne = alfalfa: وێنجە/ فصفصه
millet: گاڵ/ الدخن
acorn /'eIko:n/: بەڕوو
walnut: گوێز
almond /'a:mənd/: بادەم/ لوز
sesame /'sesəmi/: کونجی
honey: هەنگوین

haw: گۆیژ
olive: زەیتون
weigh /weI/: کێشانەی دەکا

10- Useful sentences concerned with talking to a tailor.

ڕستەی بەسوود کە پەیوەستن بەقسەکردن لەگەڵ بەرگدروویێکدا.

1- I wnat to have a suit made. دەمەوێ قاتێک بدەم بەکردن.

2- We have tweed, tartan, check, polka - dot, striped and fur.

قوماشی فەتاح پاشا و خەت خەتی چوارگۆشە و چوارگۆشەی دامە و خاڵخاڵ و خەت خەت و فەرومان هەیە.

3- Plain white, patterned and flowered attract my attention.

سپی سادە و نەقش و نیگاردار و گوڵدار سەرنجم ڕادەکێشن.

4- Roshna likes purple, mauve, crimson, maroon, beige, navy and turquoise.

ڕۆشنا حەزی لە ئەرخەوانی و ئەرخەوانی کاڵ و سووری تۆخ و مارۆنی و بێجی و نیلی و پیرۆزەییە.

5- Does this cloth shrink in water? ئایا ئەم قوماشە دەچێتە ئاو؟

6- Take my coat in by three inches.

سێ ئینچ لە چاکەتەکەم بگرە. (واتە: سێ ئینچ بچووکی بکەرەوە)

7- Shorten my nightgown by one inch.

یەک ئینچ ڕۆبەکەی شەوم بۆ کورت بکەرەوە.

8- Lengthen my trousers by two inches. دوو ئینچ پانتۆڵەکەمم بۆ درێژ بکە.

9- When can I come for the first fitting? کەی دەتوانم بێم بۆ پرۆڤەی یەکەم؟

10- Let me try this round - necked pullover on in the fitting room.

با ئەم بلووزە یەخە خڕە لە ژووری تاقیکردنەوەدا تاقی بکەمەوە.

11- This design has gone out of fashion. ئەم تەسمیمە مۆدەی نەماوە.

12- This design has come into fashion. ئێستا مۆدەی ئەم تەسمیمەیە.

.....

tweed: قوماشی فەتاح پاشا
tartan: قوماشی خەت خەتی چوارگۆشەیی
check: قوماشی چوارگۆشەیی وەکو بۆردی دامە
polka - dot: خاڵخاڵ
striped: خەت خەت
fur: فەرو
Plain white: سپی سادە
patterned: نەقش و نیگاردار
flowered: گوڵدار
purple: ئەرخەوانی
mauve: ئەرخەوانی کاڵ
crimson: سووری تۆخ
maroon: مارۆنی
beige: بێجی
navy /'neIvi/: نیلی
turquoise: پیرۆزەیی

11- At a Beauty Salon **لە سالۆنێکی جوانکاریدا**

- What hairstyles do you like? حەزت لە چ جۆرە مۆدیلێکی قژە؟

I like short straight, long wavy, ponytail, fringe and parting.

حەزم لە کورتی خاو و درێژی شەپۆڵ و کلکی ئەسپ و پەرچەم و لەگەڵ ئەو جۆرەی کە دەکرێ بەدوو بەشەوە و لە ناوەڕاستدا خەتی هەیە.

- Well, what styles does Gona like? ئەی گۆنا حەزی لە چ جۆرە مۆدیلێکە؟

- She likes long curly, layered, bun, cornrows and plait.

ئەو حەزی لە درێژی لوول و قات قات و تەماتە و ڕیزی گەنمەشامی و پرچە.

- How did Roshna wear her hair when she was twelve years old?

ڕۆشنا قژی چۆن لێ دەکرد کاتێک کە تەمەنی دوانزە ساڵ بوو؟

- She used to wear it in ponytail when she was twelve.

ئەو کاتێک کە تەمەنی دوانزە ساڵ بوو بەعادەتی دەیکرد بەکلکی ئەسپ.

- What hair colour do you prefer? چ ڕەنگێکی قژت بەلاوە پەسەندە؟

- I prefer dark, fair, blonde and chestnut.

من مەیلەو ڕەش و کاڵ و ئاڵتوونی کاڵ و کەستانیم بەلاوە پەسەندە.

- The coat you are wearing does’nt match your hair colour.

ئەو چاکەتەی کە لەبەرتدایە لەگەڵ ڕەنگی قژت ناگونجێ.

- You’re right, but this coat is not mine. It belongs to my mother.

تۆ ڕاست دەکەی، بەڵام ئەم چاکەتە هی من نییە. هی دایکمە.

- What purfume do you wear? چ بۆنێک لە خۆت دەدەی؟

- I usually wear Jasmine. من بەعادەتی یاسەمەن لە خۆم دەدەم.

.....

hairstyles: مۆدیلی قژ

short straight: کورتی خاو

long wavy: درێژی شەپۆڵ

ponytail: کلکی ئەسپ

fringe = bangs: پەرچەم

parting: ئەو جۆرەی کە دەکرێ بەدوو بەشەوە و لە ناوەڕاستدا خەتی هەیە

long curly: درێژی لوول

layered: قات قات

bun: ئەو جۆرەیە کە لە پشتی سەرەوە وەکو تەماتە خڕ دەکرێتەوە

cornrows: ڕیزی گەنمەشامی

plait /plæt/: کەزی، پرچ

dark: مەیلەو ڕەش/ بۆر

fair: کاڵ

blonde: ئاڵتوونی کاڵ/ اشقر

chestnut: کەستانی/ قاوەییەکی مەیلەو سووری تۆخ

match: دەگونجێ/ ڕێک دەکەوێ لەگەڵی/ ینسجم مع

perfume: عەتر/ بۆن

12- A list of the miscellaneous necessities and luxuries that people buy in the market daily

لیستێک لەو پێداویستی و کەمالیاتە هەمەجۆرانەی کە خەڵک ڕۆژانە لە بازاڕ دەیکڕێ

- spool of thread = bobbin = cotton reel: بەکرە

needle: دەرزی دروومان

safety-pin: دەرزی یەخە/ دەرزی سنجاق

sewing - machine needle: دەرزی مەکینەی دروومان

knitting - needle: شیشی چنین

shuttle: مەکۆک

thimble: کێس/ داپۆشەرێکی ستیلە دەکرێتە پەنجەوە بۆ ئەوەی لە کاتی دروومانی دەستیدا دەرزی نەچێ بەپەنجەدا

popper = press stud = snap: تەرەقە/ قرتە (جۆرێکە لە دوگمە کاتێک کە دادەخرێ قرتەیەک دەکات)

zipper = zip: زنجیری داخستن

button: قۆپچە



hair - dye: بۆیەی قژ

lipstick: قەڵەمی لێو

rouge: سووراو

white face - powder: سپیاو

eye liner: مکیاجی ڕەش بۆ قەراغی چاو

eye shadow: مکیاجی ڕەنگاوڕەنگ بۆ پێڵووی چاو

face cream: کرێمی چاو

mascara: مەسکەرە/ ماددەیەکە دەدرێ لە برژانگ بۆ ئەوە ڕەش وئەستوور و جوانی بکا

cosmetic: ماددەی جوانکاری بۆ دەموچاو یان شوێنی تری لەش

tights: بەرگێکی تەسک و تەنک دەنووسێ بەلەشدا و شێوەی ئەندامی لەش دەردەخا، بەنەریت لە لایەن سەماکەر و پاڵەوانەوە لەبەر دەکرێ.

pants: شۆرتی ژێرەوە

slip: ژێرکراسی ژنان

brassiére = bra: سوخمەی مەمک

swimsuit: مایۆی مەلە بۆ ژنان

trunks: شۆرتی مەلە بۆ پیاوان

gloves: دەسکێش

gauntlets: جۆرێک لە دەسکێش لەکاتی ئیشوکاردا لەدەست دەکرێ بۆ پارێزگاری دەست

rubber gloves: دەسکێشی لاستیک

oven gloves: جۆرێک لە دەسکێشی ئەستوور لە مطبخ لە دەست دەکرێ بۆ ئەوەی شتی گەرمی پێ بگری و دەستت نەسووتێ.

feeding bottle: بوتلێکی بچووکی پلاستیکییە کۆتاییەکەی مەمکەمژەی لاستیکی پێوەیە منداڵی ساوا شیری لێوە دەمژێ

layette: تاقمی پێویستییەکانی منداڵی تازە لە دایکبوو

tweezers: مووکێش

nail - cutters: مەکینەی نینۆک

nail brush: فلچەی نینۆک

nail varnish = nail polish: بۆیەی نینۆک

wick: پلیتە

lamp - wick: پلیتەی چرا

stove - wick: پلیتەی سۆبا

socks: گۆرەوی کورت

stockings: گۆرەوی درێژ

balaclava: جۆرە کلاوێکە بەشی زۆری سەرومل و دەموچاو دادەپۆشێ

worrybeads: تەسبیح

rosary = chaplet: تەسبیحی سەڵەواتدان

lighter: چەرخ

perfume: عەتر/ بۆن

chewing - gum: بنێشت

lolly = lollipop = sucker: مژمژە، مەساسە

cotton - candy: شعر البنات/ جۆرێکە لە شیرینی وەکو لۆکەی شیکراوەیە

shaving cream: کرێمی ڕیش تاشین

toothpaste: مەعجونی ددان

broom: گسک

bucket = pail: سەتڵ

vacuum cleaner = hoover: گسکی کارەبا

mop: ماسیحە

funnel: ڕەحەتی

tongs: مەقاش

brazier: مەقەڵی خەڵووز

sifter = sieve: هێڵەک

riddle: جۆرێکە لە هێڵەک کونەکانی گەورەیە/ کەو

tea - strainer: چا پاڵێو

colander: سوچگی/ پلاو پاڵێو

rolling - pin: تیرۆک

bowl: قاپی قوولّ

plate: دەوری

dish: قاپ

tray: سینی

basin: تەشت

saucer: ژێر پیالّە

teacup: پیالّە

teaspoon: کەوچکی چا

teashop: چایخانە

kettle: کتری

teapot: قۆری

tomato paste: دۆشاوی تەماتە

samovar: سەماوەر

clothes - peg = clothes pin: جلگر

clothes line: تەنافی جل

peeler: مقشَرَة/ چەقۆی پاککردن

pot: مەنجەلّ

bread - box: مەنجەلّی نان

pressure cooker: مەنجەلّی بوخار

pan: تاوە

saucepan: تاوەی قوولّ و دەسکدار سەری هەبێ

frying pan: تاوەی شت سوورکردنەوە

spit = skewer: شیشی گۆشت برژاندن

grill: شەبەکەی گۆشت برژاندن

washing - up liquid = liquid soap: سابوونی شل بۆ قاپ شتن

tin - opener: ئامێری قوتوو هەلّپچڕین

scouring pad: پارچە ئیسفەنج یان لبادی زبر بۆ خاوێنکردنەوە یان بۆ قاپ شتن

soap powder: سابوونی هاڕدراو/ تاید

deodorant: بۆنبڕ

detergent: مُنَظِّف/ ماددەی هاڕاو یان شل بۆ خاوێنکردنەوە

shampoo: شامپۆ

carpet shampoo: شامپۆی فەرش

bottle opener: ئامێری بوتلّ هەلّپچڕین

ladle: کەوچکی گەورە و قوولّ و دەسک درێژ بۆ چێشت تێکردن

iron: ئوتوو

ironing - board: مێزی ئوتوودان

nail: بزمار

shoe tack: بزماری پێلاّو

hard steel nail: بزماری پۆلاّ

saw: مشار

hacksaw: مشاری ئاسنبڕ

fretsaw: مشاری تەخریم/ مشاری دروستکردنی نەقش و نیگار لە تەختەی تەنک

file: بڕبەن

rasp: جۆرێک لە بڕبەنی زبر بۆ سافکردن و ڕێککردنی دار

sandpaper: سمارتە

plane: ڕەندەی دار سافکردن

vice = vise: گیرە

hatchet: تەورزێن/ تەوری بچووک

axe: تەور

adze: تەشوێ/ شەکرشکێن

wrench: سکوڵ سپانە

hand - drill: دریّلی دەستی

pliers: پلایس

screw: برغو

nut: سەمولە

hammer: چەکوش

box of tissues: پاکەتێک کلینێکس

dustpan: خاکەنازی بچووک بۆ خۆڵی ناوماڵ/ اللقاطة

dustbin: دەبەی زبڵ

hose = hosepipe: سۆندە

blender: مەکینەیەکی کارەباییە بۆ تێکەڵکردنی خواردەمەنی نەرم یان شل

grinder: مەکینەی هارین

fridge = refrigerator: سەلاجە

freezer: مجمدە

oven: فڕن

washing - machine: غەسالە

cooker: تەباخ

primus: پەرەمێز

griddle: ساج

trivet: سێکوچکە

tripod: سێپا

dresser: دۆڵاب یان مێزی مطبخ بۆ قاپ و قاچاخ

cupboard: دۆڵاب

wardrobe: کەنتۆر

pillow: سەرین

pillow case = pillow slip: بەرگە سەرین

sheet: چەرچەف

quilt: لێفە

blanket: بەتانی

mattresss: دۆشەک

towel: خاولی

loofah: لفکە

flannel: لفکەیەک کە لە قوماشی فانیلە دروست کرابێ

comb: شانە

hairpin: تەوقە

insecticide: دەرمانی مێروکوژ/ مبيد الحشرات

weedicide = weed killer: دەرمانی لەناوبردنی گژوگیای بێ کەڵک و زەرەرمەند

lamp: چرا

lantern: چرای فانۆس

mantle: ١- عەبا ٢- تۆڕی چرا

headscarf: سەرپۆش

shawl: لەچک/ سەرپۆشی گەورە

lamp - chimney: بلووری چرا

lawnmower: مەکینەی چیمەن بڕین/ جزارة العُشب

tape: ١- شریتی تۆمارکردنی دەنگ و وێنە ٢- تێپ

blank tape: شریتی بەتاڵ: واتە هیچی لەسەر تۆمار نەکرابێ

insulating tape: تیپی کارەبا

sellotape = Scotch tape: تێپی ئاوی/ تێپی ڕوون

wite - out = correction fluid: حیبری کوژاندنەوە (ماددەیەکی سپییە بەکاردێ بۆ کوژاندنەوەی هەڵە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ هەڵەکە بەڕاستی بنووسرێتەوە)

biro = ballpoint: قەڵەم جاف

stapler: مەکینەی دەرزی

staple: دەرزی مەکینە

stationery: قرتاسیە

pencil sharpener: قەڵەم دادەر

marker: جۆرە قەڵەمێک نووکێکی ئەستووری لبادی هەیە بەکاردێ بۆ دیاریکردن

high lighter: جۆرە قەڵەمێک بەڕەنگی گەش و ڕووناک دەنووسێ

paper clip: کلیپی کاغەزگرتن

pin: دەرزی سەرخڕ/ دبوس

hole punch = punch: مەکینەی کونکردنی کاغەز و چەرم

clothes - hanger = hanger: عەلاگەی جل

curtain: پەردە

underwear: جلوبەرگی ژێرەوە

V - necked cardigan: بلووزی یەخە حەوتی قۆپچەدار

jeans = denim: پانتۆڵی کابۆ

waistcoat: هێلّەک

turtleneck = poloneck: بلووزی ملدار

jacket: قەمسەلّە

raincoat: قاپووتی باران

overcoat: پالّتۆ

apron: سەدریە

pinafore = pinny: سەدریەی بێ قۆڵ

bib: بەروانکەی منداڵ

watchband: قایشی سەعات

watch glass: شووشەی سەعات

winder: قورمیشی سەعات

high - heeled shoes: پێڵاوی پاژنە بەرز

low - heeled shoes: پێڵاوی پاژنە نزم

slippers: پێڵاوی سووک/ نەعل

flip - flops: نەعل

sandals: پێڵاوی هاوینە

stilettoes: پێڵاوی پاژنە بەرز و باریکی ژنانە

trainers = sneakers = tennis shoes: کالەی وەرزش

football boots = cleats: پێڵاوی یاری تۆپی پێ

clogs: قاپقاپ

shoelace: قەیتانی پێڵاو

hooded jacket: قەمسەلّەی کڵاودار

hood: ١- جۆرە کڵاوێک کە سەر و مل دادەپۆشێ ٢- چادری ئوتومبیل

jacket with detachable hood: قەمسەلّەیەک بتوانی کڵاوەکەی لێ بکەیتەوە

cap: شەپقە

helmet: خوزەی سەرباز

beret /'bereɪ/: بێری سەرباز

cowboy hat: کڵاوی کابۆیی

glasses: چاویلکە

goggles: جۆرێکە لە چاویلکە چاو لە هەوای توند و لە خۆڵ دەپارێزێ

carpet: فەرش/ مافوور

rug: بەڕە

felt: لباد

linoleum: کومبار

doormat: حەسیری بەر دەرگا

hubble - bubble = hookah: نێرگەلە

13- At a Restaurant لە چێشتخانەیەکدا

- May I take your order, sir? بەڕێز ڕوخسەت هەیە بزانم چی دەفەرموی؟

- Let me read the menu. با لیستی خواردنەکان بخوێنمەوە.

Appetizers: cherry, tomato soup, melon.

ئەو شتانەی کە ئارەزووی خواردن زیاد دەکەن: گێڵاس، شلەی تەماتە، کاڵەک.

Main course: roast beef, steak, mixed grill, pizza, cheese and tomato roll.

خواردنی سەرەکی لە ژەمدا: گۆشتی گا بەبرژاوی، پارچە گۆشتی نەرمە، برژاوی تێکەڵە، پیزە، لەفەی پەنیر و تەماتە.

Desserts: Fruit, apple pie, fruit cocktail, custard.

شیرینی دوای ژەم: میوە، سێوی برژاو لەناو هەویردا، تێکەڵەی میوەی هەمەجۆر، کاستەر.

- Have you chosen something, sir? بەڕێز، ئایا شتێکت هەڵبژاردووە؟

- Yes, bring me cheese and tomato roll, please.

بەڵێ بەیارمەتی خۆت لەفەی پەنیر و تەماتەم بۆ بێنە.

- And to follow? چی دەکەی بەدوایدا؟

- Just a cup of coffee. تەنها کوپێک قاوە.

.....

menu: لیستی خواردنەکان

appetizer: مُشَهي/ ئەو شتەی کە ئارەزووی خواردن زیاد دەکا

cherry: گێلاس

melon: کاڵەک

main course: خواردنی سەرەکی لە ژەمدا

roast beef: گۆشتی گا بەبرژاوی

steak: پارچە گۆشتی نەرمە

mixed grill: برژاوی تێکەڵە

pizza: پیزە (جۆرە خواردنێکە پێکدێت لە پەنیر و تەماتە و سەوزە و گۆشت لەسەر کولێرە)

desserts: شیرینی دوای ژەم

pie: پای (جۆرە خواردنێک پێکدێت لە میوەی برژاو لەناو هەویردا)

fruit cocktail: تێکەڵەی میوەی هەمەجۆر

14- Talking to a Lawyer قسەکردن لەگەڵ پارێزەرێکدا

- Excuse me sir, I want to sue my hasband for bigamy.

بەیارمەتی خۆت بەڕێز، من دەمەوێ دەعوایەک لەسەر مێردەکەم قەید بکەم چونکە ژنێکی تری مارە کردووە و لە هەمان کاتدا منیش ژنی ئەوم.

- Do you have any documents to prove that?

ئایا هیچ بەڵگەنامەیەکت هەیە بۆ سەلماندنی ئەوە؟

- I've got a marriage certificate proving that he has married another woman.

بڕوانامەیەکی مارەکردنم دەستکەوتووە ئەیسەلمێنێ کە ئەو ژنێکی تری مارە کردووە.

- What do you want him to do now? ئێستا تۆ دەتەوێ ئەو چی بکا؟

- I want him to divorce me after granting me all my own legal rights. I've lost confidence in him and I no longer want to be his wife even if he divorces his other wife.

من دەمەوێ ئەو من تەلاق بدا دوای ئەوەی کە هەموو مافێکی یاسایی خۆم پێ دەبەخشێ. من باوەڕم بەو نەماوە و لەم کاتە بەدواوە نامەوێ ژنی ئەو بم تەنانەت ئەگەر ژنەکەی تریشی تەلاق بدا.

- All right, write an application and attach it to the marriage certificate. I'll do my best to defend you.

باشە، داواکارییەک بنووسە و بینووسێنە بەبڕوانامەی مارەکردنەکەوە من ئەوپەڕی هەوڵ دەدەم بەرگریت لێ بکەم.

- Thanks a lot. زۆر سوپاس.

- Not at all. شایەنی نییە.

.....

sue: دەعوای لەسەر قەید دەکا

bigamy: تاوانی هەبوونی دوو پیاو یان دوو ژن لە یەک کاتدا

document: بەڵگەنامە

certificate: بڕوانامە

divorce: تەلاقی دەدا

grant: پێی دەبەخشێ

lagal: یاسایی

confidence: باوەڕ/ متمانە (ثقة)

application: داواکاری

15- Some words and phrases concerned with the court

هەندێ وشە و فرێز کە پەیوەستن بەدادگاوە

court of first instance: دادگای بەرایی/ محكمة البداءة

court of Appeal: دادگای تێهەڵچوونەوە/ محكمة الاستئناف

court of cassation: دادگای پێداچوونەوە/ محكمة التمييز

notary = notary poblic: دادنووس/ كاتب العدل

courthouse: خانەی داد/ دار العدل

courtroom: هۆڵی دادگا/ قاعة المحكمة

court - martial: دادگای سەربازی/ محكمة عسكرية

court of inquiry: دادگای لێکۆڵینەوەی سەربازی/ مجلس التحقيق العسكري/ محكمة تحقيق عسكرية

juvenile court: دادگای نەوجەوانان/ محكمة الاحداث

law of nations: یاسای نێودەوڵەتی. القانون الدولي

penal code: یاسای سزاکان/ قانون العقوبات

supreme court: دادگای باڵا/ المحكمة العليا

criminal investigation department (C. I. D): بەشی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری/ قسم التحقيقات الجنائية

criminal procedural law: یاسای دادبینی تاوانکاری/ قانون المرافعات الجنائية

de jure recognition: دانپیانانی یاسایی/ اعتراف قانوني

legislative power: دەسەڵاتی یاسادانان/ السلطة التشريعية

legitimate excuse: بیانووی شەرعی/ عذر شرعي

legitimate marriage: ماربەرینی شەرعی

illegitimate marriage: ماربەرینی ناشەرعی

illegitimate: زۆڵ/ نَغِل

prerogative: مافی سەرپشکی/ حق الامتياز

good offices: هەوڵە خێرخوازەکان/ المساعي الحميدة

official documents: بەڵگەنامە ڕەسمییەکان/ الوثائق الرسمية

statutory limitation: ماوەی یاسایی/ المدة القانونية

social control: چاودێری کۆمەڵایەتی/ الرقابة الاجتماعية

crown cases: دادبینی تاوانکاری (لە یاسای ئینگلیزیدا)/ المرافعات الجنائية (في النظام الانگليزي)

deed of mortgage: گرێبەستی بارمتە/ عقد رهن

difinitive decree: بڕیاری کۆتایی/ حكم النهائي

attorney: جێگری داواکاری گشتی/ المدعي او النائب العام

dowry: ماڕەیی/ مَهْر

amendment: هەمواركردنی یاسا/ تبديل قانون او تعديله

to pass amendment: بڕیاری هەمواركردن دەردەکا/ يقر تعديلاً

text of amendment: دەقی هەمواركردن/ نص التعديل

debenture holder: هەڵگری سەهم/ حامل السهم أو السند

frozen debets: قەرزە ڕاگیراوەکان/ ديون مجمدة

penal servitude: کارە گرانەکان/ الاشغال الشاقة

protocol book: سجل التشريفات

duality of laws: دووڕوویی یاسا/ ازدواج القوانين

family court: دادگای کاروباری خێزانی/ المحكمة الشؤون العائلية

International court of Justice: دادگای دادی نێودەوڵەتی/ محكمة العدل الدولية

magistrate court: دادگای سزا/ محكمة الجزاء

chief justice: سەرۆکی دادگا/ رئيس المحكمة

municipal court: دادگای ناوخۆ/ محكمة المحلية

peace court: دادگای پێکهاتنەوە/ محكمة الصلح

court of justice: دادگای داد/ محكمة العدل

court of justiciary: دادگای تاوانە گەورەکان/ محكمة الجنايات الكبرى

court of personal statute: دادگای باری کەسی/ محكمة الاحوال الشخصية

court of reporter: نووسەری وردبینی دادگا/ كاتب ضبط المحكمة

court of session: دادگای گەورە/ محكمة كبرى

court of small cases: دادگای كێشە بچووكەكان/ محكمه القضايا البسيطة

prize court: دادگای دەسكەوتەكان/ محكمة الغنائم

probate court: دادگای سپاردە و میرات/ محكمة الوصايا والمواريث

religious court: دادگای ئایینی/ محكمة دينية/ محكمة شرعية

nullify = invalidate = cancel: بەتاڵی دەكاتەوە/ لەغوی دەكا/ يلغى

to withdraw an action: واز لە داواكەی دێنێ/ يسحب دعواه

record of the court: كۆنووسی دادگا/ محضر المحكمة

patriarchy: یاسایەكی كۆمەڵایەتییە كە تێیدا دەسەڵاتی تەواو بەدەست پیاوەوەیە

matriarchy: یاسایەكی كۆمەڵایەتییە كە تێیدا دەسەڵات زیاتر بەدەست ژنەوەیە لەوەی كە بەدەست پیاوەوە بێت

proxy marriage: ماڕەبڕین بەوەكالەت/ الزواج التوكيلي

exchange women in marriage: ژن بەژن/ زواج الشغار

spouse: هاوسەر

single: كەسێک كە ژنی نەهێنابێ/ اعزب

widow: بێوەژن

widower: پیاوێک ژنەكەی مردبێ یان تەڵاقی دابێ و ژنی تری نەهێنابێ

give somebady power of attorney: كەسێک دەكا بەوەكیلی ڕەسمی

traditional marriage: ماڕەبڕینێک بەپێی عورف و عادەت كرابێ/ الزواج العرفي

son - in - law: زاوای كەسێک (واتە: میردی كچەكەی)

father - in - law: خەزوور

mother - in - law: خەسوو

daughter - in - law: بووكی كەسێک (واتە: ژنی كوڕەكەی)

uncle: مام

cousin: ئامۆزا

maternal uncle: خاڵ

grandson: كوڕەزا یان كچەزا ئەگەر كوڕ بێت

granddaughter: كوڕەزا یان كچەزا ئەگەر كچ بێت

grandmother: نەنک

grandfather: باپیر

wife: ژنی كەسێک

husband: میرد

١- برای میردەكەت یان برای ژنەكەت: brother - in - law

٢- میردی خوشكەكەت

٣- میردی خوشكی میردەكەت

٤- میردی خوشكی ژنەكەت

١- خوشكی میردەكەت ٢- خوشكی ژنەكەت: sister - in - law

٣- ژنی براكەت (براژنت) ٤- ژنی برای میردەكەت

٥- ژنی برای ژنەكەت (ژنی ژن براكەت)

.....

great - grandson: كوڕەزا یان كچەزا ئەگەر كوڕ بێت

great - granddaughter: كوڕەزا یان كچەزا ئەگەر كچ بێت

niece: برازا یان خوشكەزا ئەگەر كچ بێت

nephew: برازا یان خوشكەزا ئەگەر كوڕ بێت

great - niece: برازازا یان خوشكەزازا ئەگەر كچ بێت

great - nephew: برازازا یان خوشكەزازا ئەگەر كوڕ بێت

great - grandfather: باوكی باپیر

great - grandmother: دایكی نەنک

aunt: پوور

grandaunt: پووری باوک یان دایک

bride: بووک

groom = bride groom: زاوا

bride and groom: بووک و زاوا

16- On the Phone لەسەر تەلەفۆن

- Black pool 65507.

- Hallo. Tom speaking. Is Sheelan there, please?

هەلەو. تۆم قسە دەکا. بەیارمەتی خۆت، ئایا شیلان لەوێیە؟

- Hang on a moment. تۆزێک چاوەڕوانی بکە.

- Sorry, but she's out. بەداخەوە چووەتە دەرەوە.

- Could you tell her I rang? ئایا دەتوانی پێی بڵێ من تەلەفۆنم بۆ کرد؟

- Certainly. بالتاکید.

.....

phone = telephone = call = ring: تەلەفۆن دەکا

hang on: چاوەڕوانی بکە

17- Sentences and Experssion Concerned with phone calls

ئەو ڕستە و دەستەواژانەی کە پەیوەستن بەتەلەفۆنکردنەوە

1- I want to make an A. D. C., personal call to 570331, please.

بەیارمەتی خۆت دەمەوێ تەلەفۆنێکی بکەم بۆ ٥٧٠٣٣١ A. D. C. کەسی.

A. D. C. = advise duration and charge.

«A. D. C» مانای وایە دوای تەواوکردنی قسەکردن بەتەلەفۆن کاربەدەستی تەلەفۆنات تەلەفۆنت بۆ دەکاتەوە و ئاگادارت دەکا دەربارەی ماوەی قسەکردن و کرێکە.

2- Who do you want to speak to? دەتەوێ لەگەڵ کێ قسە بکەی؟

3- The line suddenly went dead. لەپڕ خەت نەما.

4- Shaho called me from Britain. شاهۆ لە بەریتانیاوە تەلەفۆنی بۆ کردم.

5- Line engaged. خەت مەشغوڵە.

6- On the line. لەسەر خەتە.

7- Pick up the phone. It is rining. تەلەفۆنەکە هەڵگرە. جەرەس لێ دەدا.

8- Please, ring me up at 6 a.m.

بەیارمەتی خۆت، سەعات شەشی سەرلەبەیانی تەلەفۆنم بۆ بکە.

9- I don't want to go into details on the phone.

من نامەوێ لە تەلەفۆندا درێژە بەقسە بدەم.

10- Don't ring off! I haven't finished my speech yet.

کۆتایی بەگفتوگۆی تەلەفۆنی مەهێنە! من هێشتا قسەکەم تەواو نەکردووە.

11- I got cut off while I was speaking to him.

کاتێک کە من قسەم دەکرد لەگەڵ ئەو لەناکاو خەت بڕا.

12- Phone call for you, Bnar. Answer it.

تەلەفۆن بۆ تۆیە، بنار. وەڵامی بدەرەوە.

13- Try the ambulance service again. It was busy when I called.

دووبارە هەوڵبدە ڕاژەی فریاکەوتن وەربگری. کاتێک کە من تەلەفۆنم کرد مەشغوڵ بوو.

14- You can call back later. دەتوانی لە دواییدا تەلەفۆن بکەیتەوە.

15- I made a collect call to my fater.

من بەجۆرێک تەلەفۆنم کرد بۆ باوکم کە ئەو پارەی تەلەفۆنەکە بدا.

16- Call me collect. تەلەفۆنم بۆ بکە خۆم پارەی تەلەفۆنەکە دەدەم.

17- I always reverse the charges when I phone my parents.

کاتێک کە تەلەفۆن بۆ باوک و دایکم دەکەم هەموو جارێ پارەی تەلەفۆنەکە دەخەمە سەر ئەوان.

reverse the charges.

پارەی تەلەفۆنەکە بخەیتە سەر ئەو کەسەی کە تەلەفۆنی بۆ دەکەی.

18- He's still on the phone. ئەو هێشتا لەسەر تەلەفۆنە.

19- Peopel call him up from all over the world to get advice and information.

خەڵک لە هەموو شوێنێکی جیهانەوە تەلەفۆن بۆ ئەو دەکات بۆ دەستکەوتنی ئامۆژگاری و زانیاری.

20- She became angry and slammed the phone down on him.

ئەو تووڕە بوو و تەلەفۆنەکەی لەسەر داخست.

18- Games and Sports یاری و وەرزش

- Jalal is fond of backgammon, draughts, dominoes, chess, ping - pong, badminton, basketball, baseball, skipping, volleyball, cricket, the hurdles, the pole vault, the javelin, the discus, the high jump and the long jump.

جەلال ئارەزووی لە تاولّە و دامە و دۆمینە و شەترەنج و تێنس و ڕیشە و باسکە و بەیسبۆڵ و پەتپەتێن و بالە و کریکیت و بازدان بەسەر بەربەست و بازدان بەدار و ڕم هاوێشتن و قورس هاوێشتن و بازی بەرز و بازی درێژە.

- Roshna’s favourite sport is swimming.

ئەو یارییەی کە ڕۆشنا زۆر ئارەزووی لێیە مەلەکردنە.

- Yadgar likes chin - up but Gona likes gymnastics.

یادگار ئارەزووی لە یاری خۆهەڵواسینە بەڵام گۆنا ئارەزووی لە جیمناستیکە.

- Waran is interested in hide - and - seek. واران ئارەزووی لە چاوشارکێیە.

- The British and the Kurds like soccer.

بەریتانییەکان و کوردەکان ئارەزوویان لە یاری تۆپی پێیە.

- Jack gambled all his winnings on the races.

جاک هەموو ئەو پارەیەی کە بردبوویەوە کردی بەقومار لە پێشبڕکێی ئەسپدا.

- I like neither skiing nor skating.

نە ئارەزووم لە یاری خلیسکانی سەر بەفرە و نە خلیسکانی سەر بەستەڵەک.

- Can you play a tambourine? ئایا دەتوانی دەف لێ بدەی؟

- A shepherd can blow a pipe. شوان دەتوانێ شمشاڵ لێ بدا.

- The picnickers tipped the drummers, the percussionists and the clarinetists.

سەیرانکەرەکان بەخشیشیان دا بەدەهۆڵژەن و تەپڵژەن و کلارینێت لێدەرەکان.

- Bnar can play a violin but he can’t blow a clarinet.

بنار دەتوانێ کەمانچە لێ بدا بەڵام ناتوانێ کلارەنێت لێ بدا.

- Germany won by six goals to three against France.

ئەڵمانیا بە شەش گۆڵ بەرامبەر بە سێ لە فەڕەنسای بردەوە.

- The winners and the losers shook hands with each other.

براوەکان و دۆڕاوەکان لەگەڵ یەکتردا تەوقەیان کرد.

- The result of the football match was a draw.

ئەنجامی یاری تۆپی پێکە یەکسان بوو.

- Kids enjoy slides and swings. منداڵان خلیسکێنە و جۆڵانەیان پێ خۆشە.

- I do aerobics twice a week to strengthen my heart and lungs.

من هەفتەی دووجار وەرزشی هەوایی دەکەم بۆ ئەوەی دڵم و سییەکانم بەهێز بکەم.

- I hate wrestling, boxing, fencing and judo.

من ڕقم لە زۆرانبازی و بۆکسێن و شمشێربازی و جۆدۆیە.

- Athletes can keep fit by jogging and going on a diet.

وەرزشوانان دەتوانن بەڕاکردنی لەسەرخۆ و ڕێجیمکردن تەندروستی جەستەییان باش بکەن.

- I often climb mountains and go walking so as to stay in shape.

من زۆرجار بەسەر شاخدا سەردەکەوم و دەچم بۆ پیاسە بۆ ئەوەی تەندروستی جەستەییم باش بێت.

- Press - ups and chin - ups are good exercises.

شناو و خۆهەڵواسین ڕاهێنانی وەرزشی باشن.

- Heads or tails? بەشێر یان بەخەت؟

19- Asking for Change داوا بکەی پارەت بۆ ورد بکەنەوە

- Sorry to trouble you, but could you change a pound for me?

ببووره ئیزعاجم کردی، ئایا دەتوانی پاوەنێکم بۆ ورد بکەیتەوە؟

- Do you want coppers or silver? پارەی مست دەوێ یان زیو؟

- Silver, please. بەیارمەتیت، زیو.

- Here you are. فەرموو ئەوەتا.

- Here is the pound. فەرموو ئەوە پاوەندەکە.

20- At a Theatre لە شانۆیەکدا

- I'll like to book a seat for tomorrow.

دەمەوێ شوێنێکی دانیشتن بگرم بۆ سبەینێ.

- A - 10 and B - 15 are all that's left.

ئەوەی کە ماوە پلە یەکی (ئەی) ژمارە دە و پلەیەکی (بی) ژمارە پانزەیە.

- Haven't you got anything cheaper? شتێکی هەرزانترتان نییە؟

- No, I'm afraid that's all there is. نەخێر، بەداخەوە هەر ئەوە هەیە.

21- At a Hotel لە ئوتێلێکدا

- Do you have a single room for one night?

ئایا ژوورێکی یەک نەفەریتان هەیە بۆ یەک شەو؟

- Yes, I can offer you room 10 on the first floor.

بەڵێ، دەتوانم ژووری ژمارە دەت پێشکەش بکەم لە قاتی یەکەمدا.

- How much is it? نرخی چەندە؟

- £ 30 with service and TV. سی پاوەن بەخزمەت و تەلەفزیۆنەوە.

- Can I see it, please? بەیارمەتی خۆت ئایا دەتوانم ببینم؟

Certainly. Come this way, please. بەدڵنیاییەوە. فەرموو لێرەوە وەرە.

22- Some sentences concerned with hotel

هەندێ ڕستە کە پەیوەندییان بەئوتێلەوە هەیە

- I want to check in. دەمەوێ ناوی خۆم تۆمار بکەم.

2- I need a twin - bedded room.

من پێویستیم بەژوورێک هەیە دوو جێگای نوستنی جیای تێدابێ.

3- I need a daudle bed. من پێویستیم بەجێگایەکی نوستنی دوو نەفەری هەیە.

4- Can I check out now? ئایا دەتوانم ئێستا حیساب دەفع بکەم و بڕۆم؟

.....

check in: ناوی خۆی تۆمار دەکا لە ئوتێل، فڕۆکەخانە... هتد

check out: حیسابەکەی دەفع دەکا و ئوتێل بەجێ دەهێڵێ

23- Useful sentences concerned with talking to a travelle

ڕستەی بەسوود کە پەیوەستن بەقسەکردن لەگەڵ گەشتگەرێکدا

1- Your passport is invalid because it has expired.You should renew it.

پاساپۆرتەکەت کاری پێ ناکرێ چونکە ماوەکەی بەسەرچووە. پێویستە تازەی بکەیتەوە.

2- You travel a lot. You need a good valid passport. You need to be granted tourist visa, transit visa, entry visa, exit visa and re-entry visa.

تۆ گەشتی زۆر دەکەی. پێویستیت بەپاساپۆرتێکی باش هەیە کە بخوا (واتە: ماوەکەی بەسەرنەچووبێ و لە ڕووی یاساییەوە کاری پێ بکرێ). تۆ پێویستیت بەوە هەیە کە فیزەی گەشتیاری و فیزەی عبور و فیزەی داخڵبوون و فیزەی دەرچوون و فیزەی گەڕانەوەت پێ ببەخشرێ.

3- You'd better travel either tourist class or economy class because they are cheap. Travelling first class costs too much.

باشتر وایە تۆ یان بەپلەی گەشتیار یان بەپلەی ئابووری گەشت بکەی چونکە ئەوانە هەرزانن. گەشتکردن بەپلە یەک زۆر زۆری تێدەچێ.

4- Your passport is checked at a passport control.

لە کۆنترۆڵی پاساپۆرتدا پاساپۆرتەکەت دەپشکێنرێ.

5- You have to check in at least an hour before departure.

پێویستە بەلای کەمەوە یەک کاتژمێر پێش گەشتکردن ناوی خۆت تۆمار بکەی.

6- Tell the baggage handler to load your baggage.

بڵێ بەجانتا هەڵگرەکە جانتا و شتومەکەکانت بۆ بار بکا.

7- What time does the plane take off? چ کاتێک فڕۆکەکە دەردەچێ؟

8- I missed the first plane to Paris. یەکەم فڕۆکەی پاریسم لە کیس چوو.

9- I want to catch the next plane. دەمەوێ فریای فڕۆکەکەی تر بکەوم.

10- How much is a single ticket?

تیکتی یەک سەر بەچەندە؟ (واتە: تەنها ڕۆیشتن بۆ ئەو شوێنە)؟

11- How much is a return ticket?

تیکتی هەردوو سەر بەچەندە؟ (واتە: ڕۆیشتن و گەڕانەوە).

12- Where does the plane land? لە کوێ فڕۆکەکە دەنیشێتەوە؟

13- You must have your nationality certificate and your identity card on you.

پێویستە بڕوانامەی جنسییە و ناسنامەی خۆتت پێ بێ.

14- You have to wait in the departure lounge.

پێویستە لە ناو ژووری گەشتدا چاوەڕوانی بکەی

15- Could you cash this traveller's cheque, pleas?

بەیارمەتی خۆت، ئایا ئەم چەکی گەشتگەڕەم بۆ دەکەی بەپارەی کاش؟

16- I like travelling by a through train.

حەز دەکەم بەشەمەندەفەری ڕاستەوخۆ گەشت بکەم.

17- I hate travelling by sea. ڕقم لە گەشتی دەریایە.

18- I prefer air travel to sea travel.

من گەشتی ئاسمانی بەباشتر دەزانم لە گەشتی دەریا.

19- Goodbye, Bako. Have a nice trip. خواحافیز باکۆ. سەفەرێکی خۆش.

Thank you. Goodbye. سوپاست دەکەم. خواحافیز.

20- Let's travel by metro. با بەمیترۆ گەشت بکەین.

21- How much is the fare? کرێی گەشتەکە چەندە؟

22- How much is the return fare to Londan?

ئایا کرێی ڕۆیشتن و گەڕانەوە چەندە بۆ لەندەن؟

23- The taxi fare is on me. کرێی تەکسییەکە لەسەر منە.

24- Let's go Dutch. با هەرکەسەو پارەی خۆی بدا (واتە: وێرنییە).

invalid: کاری پێ ناکرێ، ناخوا/ لاغ

valid: کاری پێ دەکرێ، دەخوا/ ساری المفعول

toutist visa: فیزەی گەشتیاری/ تأشیرة سیاحیة

transit visa: فیزەی عبور

entry visa: فیزەی دخول

exit visa: فیزەی دەرچوون/ فیزەی خروج

re-entry visa: فیزەی گەڕانەوە/ تأشیرة عودة

toutist class: الدرجة السیاحیة (هەرزانترین تیکتی سەفەرکردن بەفڕۆکە، پاپۆڕ یان شەمەندەفەر)

economy class: هەرزانترین پلەی سەفەرکردن

baggage handler: هەڵگری جانتا و کەلوپەلی گەشت

through train: شەمەندەفەرێک ڕاستەوخۆ دەتبا بۆ ئەو شوێنەی کە دەتەوێ بەبێ ئەوەی لە ڕێگادا بوەستێ و بچێتە سەر شەمەندەفەری تر.

24- Taking a Taxi بەکرێگرتنی تاکسی

- The American Embassy, please. I have to be there by 10 a.m. بەیارمەتی خۆت بۆ بااڵیۆزخانەی ئەمەریکا. پێویستە کاتژمێری دەی سەرلەبەیانی لەوێ بم.

- I'll do my best to take you there in time.

ئەوپەڕی هەوڵ دەدەم لە کاتی دیاریکراودا بتگەیەنمە ئەوێ.

- This is the American Embassy, sir. You've still got five minutes to spare.

بەڕێز، ئەمە بااڵیۆزخانەی ئەمەریکایە. هێشتا پێنج دەقیقەت ماوە بۆ کاتەکە.

- Thanks a lot. Here is £ 8. You can keep the change.

زۆر سوپاس. فەرموو ئەوە هەشت پاوەن. دەتوانی باقیەکەی هەڵگری بۆ خۆت.

25- On a Bus لەسەر پاس (واتا: لەناو پاسدا)

- Does this bus go to the art gallery?

ئایا ئەم پاسە دەچێ بۆ هۆڵی دەرخستنی شتی هونەری؟

- No, you'll have to get off at the third stop and take a 192.

نەخێر، دەبێ لە شوێنی وەستانی سێیەمدا دابەزیت و بەپاسی ١٩٢ بڕۆی.

- Thanks a lot. زۆر سوپاس.

- Never mind. شایەنی نییە.

26- Tea - time کاتی چا خواردنەوە

- Would you care for a cup of tea? ئایا حەز دەکەی کوپێک چا بخۆیتەوە؟

- Yes, I'd love one if it is not too much trouble.

بەڵێ حەزم لێیە ئەگەر زۆر عەزیەت نەبێ.

- How do you like it? چۆنت حەز لێیە؟

- A strong one with a dash of milk and two lumps, please.

بەیارمەت خۆت، خەست بێت لەگەڵ تۆزێک شیر و دوو کلۆ شەکر.

27- At a lunch لە نانخواردنێکی نیوەڕۆدا

- Have some more chicken. فەرموو هەندێکی تر مریشک بخۆ.

- No, thanks. I'm on a diet. نەخێر، سوپاس. من ڕێچیم دەکەم.

- Please do. You've hardly eaten anything.

دەفەرموو بخۆ. تۆ زۆر کەمت خوارد.

- The chicken is delicious, but I needn't eat more.

مریشکەکە بەتامە بەڵام پێویست ناکا زیاتر بخۆم.

28- Making an Appointment دیاریکردنی کات بۆ چاوپێکەوتن

-Can the personnel manager see me at 10:30 tomorrow?

ئایا بەڕێوەبەری خۆیەتی (مدير الذاتية) دەتوانێ سبەینێ کاتژمێری دە و نیو بمبینێ؟

- Sorry, but he will be busy till 11. بەداخەوە، هەتا کاتژمێری یانزە سەرقاڵە.

- How about 11:30? ئەی کاتژمێر یانزە و نیو چۆنە؟

- Yes, he's free then. باشە، لەو کاتەدا دەستی بەتاڵە.

29- Finding a Job دۆزینەوەی ئیشێک

- Have you any vacancies for part - timers?

ئایا جێی بەتاڵتان هەیە بۆ کەسانێک کە بەشە کاتێک کار بکەن؟

- What kind of job would you like to do?

ئایا حەزت لە چ جۆرە ئیشێکە بیکەیت؟

- A hotel job of some sort. جۆرێک لە ئیشی ئوتێل.

- Have you ever done anything similar?

ئایا تۆ هەرگیز ئیشێکی لەو جۆرەت کردووە؟

- Not so far, no. نەخێر تا ئێستا نەمکردووە.

- Fill in this from and I'll let you know if anything turns up.

ئەم فۆرمە پڕ بکەرەوە و من ئاگادارت دەکەم ئەگەر هەچ شتێک بەڕێککەوت هەڵبکەوێ.

30- Useful sentences concerned with travelling and car problams

ڕستەی بەسوود کە پەیوەستن بەگەشتکردن و گرفتی ئوتومبیلەوە

1- I want to take a taxi. دەمەوێ تەکسی بگرم.

2- Flag down a taxi, please.

بەیارمەتی خۆت، ئیشارەت بدە بەتەکسییەک با ڕاوەستێ.

3- Take me to the municipality office, please.

بەیارمەتی خۆت بمبە بۆ فەرمانگەی شارەوانی.

4- I'm in time. لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا گەیشتووم.

5- I'm ten minutes late. دە دەقیقە دواکەوتووم.

6- I'm tip taxi drivers all the time.

من هەمیشە بەخشیش دەدەم بەشۆفێرانی تەکسی.

7- How much is the fare? کرێکە چەندە؟

8- How many fares did you have this morning?

ئەم بەیانییە چەند نەفەرت هەبوو؟

9- your car needs lubrication. سەیارەکەت پێویستی بەڕۆنکردن هەیە.

10- Ardashir was punished for exceeding the speed limit.

ئەردەشیر سزا درا لەبەر هۆی بەزاندنی سنووری خێرایی.

11- If you commit traffic offences, you'll be fined.

ئەگەر سەرپێچی بکەی لە یاسای هاتوچۆدا جەزات لێ دەسەنرێ.

12- A driver must fasten his seat belts and carry his driving - licence before he starts driving.

پێویستە شۆفێر قایشی ئەمان ببەستێ و مۆڵەتی لێخوڕین هەڵگرێ پێش ئەوەی دەست بکا بەلێخوڕین.

13- Check that the plug has not come loose. بزانە پلاگەکە بەر نەبووە.

14- Slow down at flyovers and bends.

خێرایی کەم بکەرەوە لە لۆفە و پردی جادە بڕدا.

15- There are some small dents and scratches in your car.

هەندێ قوپانی بچووک و شوخت بەسەیارەکەتەوەیە.

16- The dumper - truck swerved and turned over.

گەڵابەکە لەپڕ لای دا و وەرگەڕا.

17- The child hitch - hikes every day.

هەموو ڕۆژێ منداڵەکە بەخۆڕایی سواری ئوتومبیل دەبێ.

18- Which train do I take for Victoria? بە چ شەمەنەفەرێک بڕۆم بۆ ڤیکتۆریا؟

19- Must I change trains?

ئایا پێویست دەکا شەمەنەفەر بگۆڕم؟ (واتە: لە ڕێگادا بەرەو ئەو شوێنە لە شەمەنەفەرێک دابەزم و سەربکەوم بۆ سەر شەمەندەفەرێکی تر).

- No, it's a through train.

نەخێر، ئەمە شەمەندەفەری ڕاستەوخۆیە. (واتە: ڕاستەوخۆ دەتبا بۆ ئەو شوێنە بەبێ ئەوەی دابەزیت و سەربکەوی بۆ سەر شەمەندەفەری تر).

20- How long dose it take to travel from here to Paris by air?

ئایا چەند کات دەخایەنی لێرەوە گەشت بکەی بۆ پاریس بەفڕۆکە؟

21- Get on. سەرکەوە.

22- Where shall I get off? لە کوێ دابەزم؟

23- When do we get there? کەی دەگەینە ئەوێ؟

24- How far is it from here to London? ئایا دووری نێوان ئێرە و لەندەن چەندە؟

25- You don't need to brake at every bend.

پێویست ناکا لە هەموو لۆفەیەکدا بڕێک بکەی.

26- You have a puncture on the right front wheel.

تایەی لای ڕاستی پێشەوەت پەنچەرە.

27- Your left back wheel is flat. تایەی لای چەپی دواوەت فش بووەتەوە.

28- Try to reverse into a parking space.

هەوڵبدە بەبەگ بچیتە ناو شوێنێکی وەستانی ئوتومبیلەوە.

29- Hoot the horn. هۆرن لێ بدە.

30- Your right back wheel is wobbling.

تایەی لای ڕاستی دواوەت دەلەقی. (واتە: برغوەکانی شل بووە و یاری دەکا).

31- We've run out of petrol. سووتەمەنیمان پێ نەماوە.

32- Detour ahead. لادانی کاتی لە پێشەوە هەیە.

33- Slow down! The road is winding, steep, wet and slippery.

خێرایی کەم بکەرەوە! جادەکە پێچاوپێچ و لێژ و تەڕ و خلیسکە.

34- The wheel is rubbing on the mudguard.

تایەکە لە چەمەلغەکە دەخشێ. (واتە: لە کاتی سووڕانەوەدا بەری چەمەلغەکە دەکەوێ).

35- Recharge your battery. پاتریەکەت شەحن بکەرەوە.

- It has been discharged. .شەحنی تێدا نەماوە

36- The double - decker went over the dimple and jolted us.

پاسە دووقاتەکە بەسەر تاسەکەدا ڕۆیشت و ڕایتەکاندین.

.....

tip: بەخشیش دەدا

fare: ١- کرێی تەکسی، پاس، فڕۆکە... هتد. ٢- نەفەری تەکسی.

lubrication: ڕۆنکردن

exceed: لە سنووری خۆی دەردەچێ/ تەجاوەز دەکا

offences: سەرپێچیکردن لە یاسا/ مخالفات

fine: جەزای لێ دەسێنێ/ یغر□م

seat belt: قایشی ئەمان

driving - licence: مۆڵەتی لێخوڕین/ ئیجازەی سیاقەت

loose: کراوە/ بەربوو

flyover = overpass: بەرزە پرد، پردی جادەبڕ

bend: لۆفە

dent: قوپان

scratch: شوخت/ ڕۆشان

dumper - truck = tipper: گەلاّبە/ الشاحنه القلابه

swerve: لەڕێ لا دەدا/ دەست دەشکێنێتەوە

hitch - hike: بەخۆڕایی سواری سەیارە دەبێ

flat: فش بووەتەوە/ هەوای تێدا نەماوە

reverse: بەبەگ دەگەڕێتە دواوە

wobble: دەلەقی/ لەقەلەق دەکا

detour = diversion: لادانی کاتی/ تحویل مؤقت

winding: پێچاوپێچ

steep: لێژ

slippery: خلیسک

mudguard = fender = wing: چەمەلغ


recharge: شەحنی دەکاتەوە

double - decker: پاسی دووقات

dimple: تاسە/ چاڵ لەناو جادەدا

jolt: ڕای دەتەکێنێ/ هەڵی دەتەکێنێ

overpass = flyover



31- Television

- Is there anything worth watching on the other channel?

ئایا لە کەناڵەکەی تردا هیچ شتێک هەیە شایەنی سەرنجدان بێت؟

- I think there is a documentary flim. .وابزانم فیلمی بەڵگەنامەیی هەیە

- Do you mind if we switch over? ئایا پێت ناخۆشە ئەگەر بیگۆڕین؟

- Do’nt you want to see part three of the serial?

ئایا تۆ ناتەوێ سەیری بەشی سێیەمی زنجیرەکە بکەی؟

- I prefer a documentary flim to the serial.

من فیلمی بەڵگەنامەییم پێ باشترە لە زنجیرەکە.

32- Asking about the time پرسیارکردن دەربارەی کات

- What time is it? کاتژمێر چەندە؟

- It’s ten thirty. .دە و نیوە

- I think your watch is five minutes ahead.

وابزانم کاتژمێرەکەت پێنج دەقیقە لەپێشە.

- What about yours? Is it accurate? ئەی ئەوەی تۆ چۆنە؟ ئایا تەواوە؟

- Mine is not accurate, too. It’s three minutes slow.

ئەوەی منیش تەواو نییە. سێ دەقیقە لە دوایە.

- We have to set our watches by the clock.

پێویستە ئێمە کاتژمێرەکانمان لەسەر کاتژمێری دیوارەکە میقات بکەین.

- My watchband has faded and there is a scratch on its glass.

قایشی کاتژمێرەکەم کاڵ بووەتەوە و ڕۆشانێک بەشووشەکەیەوەیە.

- You must go to a watch - repairer. .پێویستە بچی بۆ لای کاتژمێر چاککەرەوە

33- Police Registration تۆمارکردن لە فەرمانگەی پۆلیس

- I’ve come along to registerwith you. .هاتووم بۆ لاتان بۆ تۆمارکردن

- Has your passport been up to the Home office?

ئایا پاسپۆرتەکەت نێردراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ؟

- Yes, they granted me three months. بەڵێ، ماوەی سێ مانگیان پێ بەخشیم.

- Then I'll need two photographs and the registration fee.

کەواتە من دوو وێنە و کرێی تۆمارکردنەکەتم دەوێ.

34- Showing the Way ڕێگە پیشاندان

- Excuse me, sir, how can I find the British Embassy?

بەیارمەتی خۆت بەڕێز، ئایا چۆن دەتوانم سەفارەتی بەریتانی بدۆزمەوە؟

- First right, second left. you can't miss it.

فەرعی یەکەم لەلای ڕاستەوە، ئینجا دووەم لەلای چەپەوە. لێت ون نابێ.

- Is it too far to walk? ئایا بەپێ دوورە؟

- Thanks for your help. سوپاس بۆ ئەو یارمەتییەت.

- Don't mention it. شایەنی نییە.

35- Some sentences and expressions concerned with showing the way

هەندێ ڕستە و دەستەواژە کە پەیوەندییان بەڕێگە پیشاندانەوە هەیە

1- Take the third turning on the right. فەرعی سێیەم بگرە لە ڕاستەوە.

2- Go straight on. ڕاست بڕۆ.

3- It's on the sixth floor. لە قاتی شەشەمدایە.

4- Three flights up and turn right.

بڕۆ بۆ قاتی سێیەم و پێچ بکەرەوە بۆ لای ڕاست

5- Go straight till you get to the roundabout. Then turn left.

ڕێک بڕۆ هەتا دەگەیتە فولکەکە. لە پاشان پێچ بکەرەوە بۆ لای چەپ.

6- Go along here till you get to the intersection.

بێرەدا بڕۆ هەتاکو دەگەیتە ئەو شوێنەی کە جادەکان یەکتر دەبڕن.

.....

intersection = crossroads. ئەو شوێنەی کە دوو جادە یان زیاتر لە دوو جادە یەکتر دەبڕن.

flight = storey = floor. قاتی خانوو یان قاتی بینا.

36- Thanks for Hospitality سوپاس بۆ میوانداریەتی

- It's time we were off. کاتی ئەوە هاتووە کە بڕۆین.

- So soon? Can't you stay a little longer?

وەها زوو؟ ئەی ناتوانی تۆزێک زیاتر بمێنیتەوە؟

- I wish I could, but I'm late. خۆزگە بمتوانیایە بەڵام بۆ من درەنگە.

- What a pity. بەداخەوە.

- Thanks very much for the tasty meal. زۆر سوپاس بۆ ژەمە بەتامەکە.

- Not at all. I hope you can come again.

شایەنی نییە. هیوام وایە جارێکی تریش بتوانی بێیت.

.....

tasty = delicious: بەتام

37- At a Railway Station لە ئێستگەیەکی شەمەندەفەردا

- Which train do I take for Victoria, please?

بەیارمەتی خۆت بە چ شەمەندەفەرێک بڕۆم بۆ ڤیکتۆریا؟

- 10.30. platform 5. شەمەندەفەری سەعات دە و نیو. شۆستەی ٥.

- When does it get in? کەی دەگات؟

- It gets there at 12.30. سەعات دوانزە و نیو دەگاتە ئەوێ.

- Must I change? ئایا پێویست دەکا لە ڕێگادا شەمەندەفەر بگۆڕم؟

- No, It's a through train. نەخێر. ئەوە شەمەندەفەری ڕاستەوخۆیە.

38- The London Underground ژێر زەمینی لەندەن

- Which line do I take for Marble Arch, please?

بەیارمەتی خۆت بە چ هێڵێک بڕۆم بۆ «مابل ئاچ»؟

- That's easy; It's the next station down the central line.

ئەوە ئاسانە، ئێستگەکەی تر‌ە لە خوارەوەی هێڵی مەرکەزییەوە.

- How do I get down to the trains? چۆن بڕۆمە خوارەوە بۆ لای شەمەندەفەرەکان؟

- Take that lift over there. ئەو مەسعەدە بەکار بهێنە لەو سەرەوە.

39- Booking Airline Tickets بڕینی پلیتی ئاسمانی

- I want to book a flight to London for Sunday the tenth.

دەمەوێ شوێنێک بگرم بۆ گەشتی ئاسمانی بۆ لەندەن ڕۆژی یەکشەمە دەی مانگ.

- O.K. Let me see the time - table. باشە. با خشتەی کاتەکە ببینم.

- Which class do you want, economy, business or First?

چ پلەیەکت دەوێ، هەرزانترین، ناوەند یان پلە یەک؟

- I want economy class. هەرزانترین پلەم دەوێ.

- Single or return? یەک سەر یان هەردوو سەر؟

- Return, please. بەیارمەتی خۆت هەردوو سەر

- All right you must be at the airport at 8 a.m.

باشە، پێویستە تۆ کاتژمێری هەشتی بەیانی لە فڕۆکەخانە بیت.

40- At a Garage لە گەراجێکدا

(لە گەراجی بەریتانیادا سەرەیەک تۆمار دەکەی بۆ ئەوەی پشکنینێک ئەنجام بدەن بۆ ئوتومبیلەکەت و کەموکوڕییەکانی چاک بکەن).

- Could you book me in for a full service, please?

بەیارمەتی خۆت دەتوانی سەرەیەکم بۆ تۆمار بکەی بۆ پشکنینی تەواوی ئوتومبیل و چاککردنی کەموکوڕییەکانی؟

- Yes, of course. Which model is it? بەڵێ، بەدڵنیاییەوە. چ مۆدیلێکە؟

- It's a 1997 model. مۆدیلی ١٩٩٧.

- I think I can fit you in tomorrow afternoon.

وابزانم دەتوانم لە پاش نیوەڕۆی سبەینێدا داتبنێم.

- That's quite fine. And could you also try to improve the windscreen wiper? It dosen't work well.

ئەوە باشە. ئەی دەتوانی هەوڵیش بدەی فرچەی جامەکە چاک بکەی؟ باش ئیش ناکات.

- Yes, We check every thing thoroughly.

بەڵێ، ئێمە هەموو شتێک بەتەواوی دەپشکنین و تاقی دەکەینەوە.

41- At a Bank لە بانکێکدا

- I'd like to change these dollars, please.

بەیارمەتی خۆت دەمەوێ ئەم دۆلارانە بگۆڕمەوە.

- How do you want it? چۆنت دەوێ؟

- Pounds, please. بەیارمەتی خۆت، پاوەن.

- Do you want anything else? ئایا هیچی ترت دەوێ؟

- Yes, I'd like to know the rate for marks. بەڵێ، حەز دەکەم نرخی مارک بزانم.

42- The Weather کەشوهەوا

- It seems to be clearing up. وا دیارە سایەقە دەکاتەوە.

- Yes, quite different from the forecast.

بەڵێ، بەتەواوی جیاوازە لەوەی کە پێشبینی بۆ کرا.

- The weather forecasters say we are in for snow.

کەشناسەکان دەڵێن پێشبینی بەفر دەکرێ.

- Yes, it is going to turn colder. بەڵێ خەریکە هەوا ساردتر ببێ.

43- Useful sentences concerned with weather

ڕستەی بەسوود کە پەیوەستن بەکەشوهەواوە

- In winter a lot of rain, hail and snow come down in the mountainous areas of Kurdistan.

لە زستاندا بڕێکی زۆر لە باران و تەرزە و بەفر لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا دەبارێ.

- Avalanches destroy houses and damage crops.

هەرەسی بەفر خانوو دەڕووخێنێ زەرەر و زیان بەبەروبوومی کشتوکاڵی دەگەیەنێ.

- A black cloud is a sign of heavy rain. هەوری ڕەش نیشانەی بارانی قورسە.

- When the weather is chilly, we can see icicles hanging from the eaves.

کاتێک کە هەوا زۆر ساردبێت چلوورەی سەهۆڵ دەبینین بەگوێسە بانەکانەوە شۆڕ دەبێتەوە.

- The violent storm was accompanied by thunder and lightning.

گەردەلوولە تونەکە هەورە تریشقە و بروسکەی لەگەڵ بوو.

- The meteorologist forecasted drizzle for tomorrow.

کەشناسەکە پێشبینی بارانی ورد و سووکی کرد بۆ سبەینێ.

- We have torrential rain in spring. ئێمە لە بەهاردا بارانی بەخورمان دەبێ.

- Cyclones and typhoons are violent tropical storms with very strong wids.

سایکلەون و تایفون گەردەلوولی ئیستیوائی توندن و هەوای زۆر بەهێزیان لەگەڵدایە.

- The period of very heavy rain in some countries is called monsoon.

ئەو ماوەیەی کە بارانی زۆر قورس دەبارێ لە هەندێ وڵات پێی دەوترێ بای وەرزی (ریح موسمیة).

- A tornado (twister) is a very strong wind moving in a circle.

گەردەلوولی توند (تۆرنەیدۆ) بایەکی زۆر بەهێزە بەبازنەیی هەڵدەکات.

- A whirlwind moves very fast in spinning movement and causes a lot of damage.

گێژەڵۆکەی توند (ریح دوامیة) زۆر بەخێرایی بەسووڕانەوە هەڵدەکات و دەبێ بەهۆی زەرەر و زیانێکی زۆر.

- We may have a clear frosty morning.

لەوانەیە سەرلەبەیانییەکی سایەقە و زوقمدارمان هەبێ.

- Floods formed when the snow started to melt.

کاتێک کە بەفرەکە دەستی کرد بەتوانەوە لافاو دروست بوو.

- We got caught in a heavy shower. ئێمە لە بارانە قورسەکەدا گیرمان خوارد.

- Sandstorms form dunes in deserts.

گەردەلوولی لماوی گردی بچووکی لماوی پێکدێنێ لە بیاباندا.

- We enjoyed the cool breeze. شەمالّە فێنکەکەمان پێ خۆش بوو.

- The strong gale destroyed the pergola. ڕەشەبا بەهێزەکە کەپرەکەی ڕووخاند.

- A rainbow appears in the sky when the sun shines through rain.

پەلکەزێرینە بەئاسمانەوە دەردەکەوێ کاتێک کە تیشکی خۆر دەدا لە باران.

C

Administration, Economy and Finance

کارگێڕی و ئابووری و دارایی

- A president is the leader of a republic. سەرۆک کۆمار سەرکردەی کۆمارە.
- A prime minister is the leader of the goverment in some countries.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرکردەی حکوومەتە لە هەندێ وڵاتدا.

- A minister is a senior member of the government who is in charge of one of the following ministries.

وەزیر ئەندامێکی پایەبەرزی حکوومەتە کە بەرپرسە لە یەکێک لەم وەزارەتانەی لای خوارەوە.

- Ministry of finance and Economy: وەزارەتی دارایی و ئابووری
- Ministry of Education: وەزارەتی پەروەردە
- Ministry of Health: وەزارەتی تەندروستی
- Ministry of Agriculture and Irrigation: وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری
- Ministry of Industry and Energy: وەزارەتی پیشەسازی و وزە
- Ministry of Reconstruction and Development:

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان

- Ministry of Transportation and Communication:

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

- Ministry of Municipalities and Tourism:

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

- Ministry of the Interior: وەزارەتی کاروباری ناوخۆ
- Ministry of Foreign Affairs: وەزارەتی کاروباری دەرەوە
- Ministry of Humanitarian aid and Co - operation:

وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری

- Ministry of Human Rights: وەزارەتی مافی مرۆڤ
- Ministry of Culture: وەزارەتی ڕۆشنبیری
- Ministry of Defence: وەزارەتی بەرگری
- Ministry of Religious Affairs: وەزارەتی کاروباری ئاینی
- Ministry of Commerce: وەزارەتی بازرگانی
- Ministry of Higher Education and Scientific Research:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

- A director - general is the head of a large office or organization with several directores and managers.

بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکی ڕێکخراوێک یان فەرمانگەیەکی گەورەیە کە چەند بەڕێوەبەرێکی ئەقدەم و بەڕێوەبەری تری هەبێ.

- A director is a senior mannager who runs a company or an a office.

بەڕێوەبەری ئەقدەم بەڕێوەبەرێکی پایەبەرزە کە کۆمپانیایەک یان فەرمانگەیەک بەڕێوە دەبا.

- A manager is a person who runs a department or an office.

بەڕێوەبەر کەسێکە کە بەشێک یان فەرمانگەیەک بەڕێوە دەبا.

- Offices have various departments such as personnel, accountancy, statistics, treasury, water supply, power supply, checking, dossier, registration, legal affairs, monitoring, sanitation, planning and pursuance, exchange, marketing and sales department… etc.

فەرمانگەکان بەشی هەمەجۆریان هەیە وەکو بەشی خۆیەتی و ژمێریاری و ئامار و خەزێنە و دابینکردنی ئاو و دابینکردنی کارەبا و وردبینی و دۆسیە و تۆمارکردن و کاروباری یاسایی و چاودێری و سیستەمی ئاوەڕۆ و پلان دانان و بەدواداچوون و بەداله و تەسویق و مبایعات... هتد.

- Inflation is a general rise in the prices of services and goods resulting in a fall in the value of money in a particular country.

هەڵئاوسان (تضخم) بەرزبوونەوەیەکی گشتی نرخی خزمەتگوزاری و شتومەکە کە دەبێ بەهۆی شکانی نرخی پارە لە وڵاتێکی تایبەتیدا.

- Deflation is a reduction in the amount of money in a counry's economy which makes prices fall or remain the same.

داکشان (انکماش) کەمبوونەوەی بڕی پارەیە لە ئابووری ولاتێکدا کە دەبێ بەهۆی ئەوەی نرخ دابەزێ یان وەکو خۆی بمێنێتەوە.

- A sanction is an official order that limits trade and contact with a particular country in order to make it obey international law.

سزای ئابووری فرمانێکی ڕەسمییە کە سنوور دادەنێ بۆ بازرگانی و پەیوەندیکردن لەگەڵ ولاتێکی تایبەتدا بۆ ئەوەی ملکەچی یاسای نێودەوڵەتی بێت.

- A crisis is a time of great danger or difficulty when problems must be solved.

قەیران (أزمة) کاتێکی مەترسی یان ناڕەحەتی گەورەیە کە گرفتەکان پێویستییان بەچارەسەرکردن هەیە.

- Balance of payments is the difference between the amount a country pays for imports and the amount it receives for exports in a particular period of time.

میزان المدفوعات جیاوازی نێوان ئەو بڕە پارەیە کە ولاتێک دەیدا بۆ ئەو شتانەی کە لە دەرەوە وەریدەگرێ و ئەو بڕە پارەیەی کە وەریدەگرێ لەو شتانەی کە دەینێرێتە دەرەوە لە ماوەیەکی تایبەتیدا.

- Balance Sheet is a wrriten statement showing the amount of money and property that a company has and listing what has been received and paid out.

میزانیة بەیانێکی نووسراوە بڕی ئەو پارە و سامانە پیشان دەدا کە کۆمپانیایەک هەیەتی لەگەڵ لیستی ئەوەی کە وەرگیراوە و ئەوەی کە دەفع کراوە.

- Balance of Trade is the difference in value between imports and exports.

میزانی تجاری نرخی جیاوازییە لە نێوان هێنراو و ناردراوەکانی ولات.

- Budget is the money that is available to a person or an organization and a plan of how it will be spent over a period of time.

یەدجە ئەو پارەیە کە کەسێک یان ڕێکخراوێک دەستی دەکەوێ لەگەڵ پلانێک بۆ چۆنیەتی سەرفکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

- Income is the money that a person, a region or a country earns from work, from investing money on business… etc.

داهات (دخل) ئەو پارەیە کە کەسێک یان ناوچەیەک یان ولاتێک دەستی دەکەوێ لە ئیش، لە وەبەرهێنانی پارە لە ئیشوکاردا... هتد.

- Income Tax is the amount of money you pay to the government according to how much you earn.

یاجی داهات (ضريبة الدخل) ئەو بڕە پارەیە کە دەیدەیت بەحکوومەت بەپێی ئەو بڕەی کە دەستت دەکەوێ.

- National Insurance is a system of payments that have to be made by employers and employees to provide help for people who are sick, old or unemployed.

بیمەی نیشتمانی (التأمين الوطني) سیستەمێکی پارەدانە لە لایەن خاوەن ئیشوکار گوزارەوە دەدرێ بۆ دابینکردنی یارمەتی بۆ کەسانی نەخۆش و پیر یان بێ ئیش.

- National Income is what a nation earns from producing goods and offering services by all its individuals during a certain period of time.

داهاتی نەتەوەیی (الدخل القومي) ئەوەی کە نەتەوەیەک لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەستی دەکەوێ لە بەرهەمهێنانی شمەک و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە لایەن هەموو تاکە کەسەکانییەوە.

- Economics is the study of how a society organizes its money, trade and industry.

زانستی ئابووری (علم الاقتصاد) لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی ئەوەی کە چۆن کۆمەڵگەیەک پارە و بازرگانی و پیشەسازی خۆی ڕێک دەخا.

- Marginal Product means that the cost of a product is equal to its price.

(المنتج الحدي) مانای وایە مەسرەفی بەرهەمێک یەکسانە بەنرخەکەی.

- Monopoly is the control of a commodity or service by a single seller.

قۆرخکردن (احتكار) کۆنترۆڵکردنی شمەک یان خزمەتگوزارییە لە لایەن تاکە فرۆشیارێکەوە.

- Investment is the act of buying property or shares in a company… etc. in the hope of making a profit.

وەبەرهێنان (استثمار) کرداری کڕینی مولّک یان پشک لە کۆمپانیایەک... هتد. بەهیوای قازانجکردن.

- Private Sector is a part of an economic system which is indepenent of government control.

کەرتی تایبەت (قطاع خاص) بەشێکە لە سیستەمی ئابووری کە سەربەخۆیە و لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتدا نییە.

- Wholesaling is buying goods from producers and reselling them to retailers.

فرۆشتنی بەکۆ (بیع بالجملة) کڕینی شمەکە لە بەرهەمهێنەر و فرۆشتنەوەی بەتاکفرۆش (بائع المفرد).

- infrastructure is the basic systems and services that are necessary for a country or an organization, for example buildings, transport, water and power supplies and administrative systems.

ژێرخانی ئابووری (البنیة التحتیة) ئەو سیستەم و خزمەتگوزارییە بنچینەییانەن کە پێویستن بۆ وڵاتێک یان ڕێکخراوێک، بۆ نموونە بینایات و گواستنەوە و دابینکردنی ئاو و کارەبا و سیستەمی کارگێڕی.

- Globalization is basically an economic phenomenon which is the product of the Western capitalist societies progress It economically means removing all the obstacles and borders in the way of trading in capital, goods and various products of industry in a free market without any governmental interference all over the world. The term politically means globalizing Western political concepts, such as democracy, individual freedom, emancipation of women and protecting human rights, whereas globalization faces some problems caused by the under development of economy and industry along with the existence of undemocratic backword regimes and conservative cultural tradition that do not accept the ideology of globalization and continue to fight it.

عەولەمە لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی ئابوورییە کە بەرهەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگە سەرمایەدارەکانی ڕۆژئاوایە. بەمانا ئابوورییەکەی واتا لابردنی هەموو کۆسپ و سنوورەکان لەبەردەم بازرگانی سەرمایە و شمەک و بەرهەمی جۆراوجۆری پیشەسازی لە بازارێکی ئازاد و بێ دەخالەتی حکوومەتان لە سەرانسەری جیهاندا. زاراوەکە لە ڕووی سیاسییەوە واتا بەعەولەمەبوونی مەفاهیمی سیاسی ڕۆژئاوایی وەک دیموکراسی و ئازادی فەردی و ئازادکردنی ئافرەتان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام لە هەمان کاتدا عەولەمە ڕوو بەڕووی هەندێ کێشە دەبێتەوە بەهۆی دواکەوتوویی ئابووری و پیشەسازی لەگەڵ بوونی ڕژێمی نادیموکراتی دواکەوتوو و دابونەریتی کەلتووری موحافەزەکاران کە ئایدیۆلۆجی عەولەمەیان پێ قبوولّ ناکرێ و بەردەوامن لە دژایەتیکردنی.

.....

phenomenon: دیاردە (ظاهرە)
obstacle: کۆسپ (عائق)
interference: خۆتێوەردان (تدخل)
concept: چەمک (مفهوم)
emancioation: ئازادکردن (تحریر)
underdevelopment: دواکەوتن (تخلف)
existence: بوون (وجود)
backword: دواکەوتوو
traditions: دابونەریت
conservative: خۆپارێز (محافظ)

- Depression is a period when there is little economic activity and many people are poor or without jobs.

بێ بازاڕی (کساد) ماوەیەکە کە چالاکی ئابووری تێدا کەمە و زۆربەی خەڵک هەژارە یان بێ ئیشە.

- The European Union is an economic and politiacal organization that many European countries belong to.

یەکێتی ئەورووپا ڕێکخراوێکی ئابووری و سیاسییە کە چەند وڵاتێکی ئەورووپی دەگرێتە خۆ.

- International Monetary Fund is an organization within the United

Nations concerned with trade and economic development.

سندووقی نەختـی نێـودەوڵەتی (صندوق النقـد الدولي) ڕێکخـراوێکە لە ناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە پەیوەندی بەبازرگانی و گەشەپێدانی ئابووریـیەوە هەیە.

- United Nations Children's Fund (UNICEF) is an organization within the United Nations that helps to look after the health and education of children all over the world.

سندووقی سـەرپەرشـتی منداڵان سـەر بەدەسـتـەی نەتەوە یەکگرتووەکـان (صندوق رعاية الطفـولة التابع لهيـئة الامم المتـحدة) ڕێکخـراوێکە لە ناو نەتەوە یەکگرتووەکـاندا کـە یارمەتی دابین دەکا بۆ بایەخدان بەتەندروستی و پەروەردەی منداڵان لە هەموو جیهاندا.

- Recession is reduction in economic activity when there is less trade and industrial activity than usual and more people are unemployed.

کزی ئابووری (ركـود اقتـصادي) کەمبوونەوەی چالاکی ئابووریـیە کاتێک کە بازرگانی و چالاکی پیشەسازی لە ئاستی ئاسایی کەمترە و زۆربەی خەڵک بێ ئیشە.

- Currency is the system of money that a country uses.

دراو (عملة) سیستەمی پارەیە کە وڵاتێک بەکاری دەهێنێ.

- Hard currencyis the money that is easy to exchange for money from another country because it is not likely to lose its value.

دراوی بەها گران (العملة الصعبة) پارەیەکە کە بەئاسانی دەگۆڕدرێتەوە بەپارەی وڵاتێکی تر چونکە ئەگەر نییە بەهاکەی لە دەس بدا.

- Forgery is the crime of copying money, documents and certification in order to deceive people.

تەزویر تاوانی کـۆپیـکردنی پارە و بەڵگەنامـە و بڕوانامـەیە بۆ ئەوەی خـەڵکی پێ بخەڵەتێنی.

- Fiscal Policy is the governmental management of the economy by varying the size of taxation, public debt, public expenditure, government funds…etc.

سیـاسـەتی دارایی بەڕێوەبردنی ئابووریـیـە لە لایەن حکوومـەتەوە بەگـۆڕینی قـەبارەی قەرزی گشتی، مەسرەفی گشتی، سەرچاوە دارایـیەکان... هتد.

- Statistics is the science of collecting and analysing information shown in numbers.

زانستی ئامار (علم الاحصاء) زانستی کـۆکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو زانیاریـیـەیە کە بەژمارە پیشان دەدرێ.

- A census is the process of officially counting something or a country's population along with recording various facts.

سەرژمێری پرۆسەی ژماردنی شتێک یان دانیشـتوانی وڵاتێکە بەشێوەی ڕەسمی لەگەڵ تۆمارکردنی چەند ڕاستییەکی هەمەجۆر.

- Economic Stabilization is the use of monetary, and fiscal techniques to avoid deflation or inflation in the industrial nations of the western world.

سەقامگیری ئابووری (الاستقرار الاقتصادي) بەکارهێنانی تەکنیکی دراوی و دارایی بۆ دوورکەوتنەوە لە داکشان یان هەڵئاوسان لە وڵاتە پیشەسازییەکانی جیهانی ڕۆژئاوادا.

- Accountancy is the profession of keeping or checking financial accounts.

ژمێریاری (محاسبة) پیشەی تۆمارکردن یان وردبینیکردنی حیساباتی دارایـیە.

D
News and Political Affairs
دەنگوباس و کاروباری سیاسی

- We are struggling for federalism within the frame of a united democratic Iraq.

ئێمە خەبات دەکەین بۆ فیدرالیزم لە ناو چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی و یەکگرتوو.

- Our neighbouring countries needn't get worried because we do not demand independency.

پێویست ناکا وڵاتە دراوسێکانمان نیگەران بن چونکە ئێمە داوای حکوومەتی سەربەخۆ ناکەین.

- We are against racial segregation and dogmatism.

ئێمە دژی سیاسەتی جیاکاری ڕەگەزی و یاسای نەگۆڕی بەزۆر سەپێنراوین.

- We are against fanaticism practised by some totalitarian regimes.

ئێمە دژی توندڕەوین کە لە لایەن هەندێ ڕژێمی دیکتاتۆرییەوە پیادە دەکرێ.

- Human rights must not be violated. پێویستە مافی مرۆڤ پێشێل نەکرێ.

- Anarchists believe that laws and governments are not necessary.

ئاژاوەچییان بڕوایان وایە یاسا و حکوومات پێویست نین.

- Tyrants oppress people. زۆرداران زۆرداری لە خەڵک دەکەن.

- Pacifists should try to suppress pugnacious people.

پێویستە ئاشتیخوازان هەوڵبدەن بۆ سەرکوتکردنی کەسانی شەڕخواز.

- We signed a bilateral treaty concerning the parliamentary session and some other affairs.

ئێمە ڕێککەوتننامەیەکی دوو لایەنەمان مۆر کرد دەربارەی دانیشتنی پەرلەمانی و هەندێ ئیشوکاری تر.

The conspirators are planning for a coup against constitutionalism.

پیلانگێڕەکان پلان دادەنێن بۆ کودەتایەک دژی یاسای فەرمانڕەوایی دەستووری.

- The fundamentalists are aginst secularism. ئوسوولییەکان دژی عیلمانییەتن.

- Iraq's mass destructive weapons were annihilated.

چەکە کۆکوژەکانی عێراق لەناوبران.

- Currently we follow non - intervention policy in the internal affairs of other countries.

ئێستا ئێمە شوێنی سیاسەتی خۆتێوەرنەدان دەکەوین لە کاروباری ناوەوەی وڵاتانی تردا.

- Fundamentalism and secularism are aginst each other.

ئوسوولییەت و عیلمانییەت دژی یەکترن

- We hope disarmament and demobilization will replace armament and mobilization.

بەهیوای ئەوەین چەک دامالێن و تەسریحکردنی سەرباز جێگەی خۆ پڕ چەککردن و کۆکردنەوەی هێزی سەربازی بگرێتەوە.

- The committee met in closed session and held a high - level dialogue concerning the status quo of the region.

لیژنەکە لە دانیشتنێکی داخراودا کۆبووەوە و دیالۆگێکی ئاست بەرزی ئەنجام دا دەربارەی بارودۆخی ئێستای هەرێمەکە.

- We have other fish to fry.

ئێمە کاروباری گرنگترمان هەیە کە پێویستی بەبایەخ پێدان هەیە.

- The leader has a card up his sleeve.

سەرکردەکە پلانێکی نهێنی هەیە بۆ کاتی پێویستی

- We saw shots of mass graves on TV.

ئێمە گرتەی (لقطات) گۆڕە بەکۆمەڵەکانمان لە تەلەفزیۆندا بینی.

- We can achieve freedom and democracy by abolishing fanaticism, terrorism, racial discrimination and dictatorship.

ئێمە دەتوانین ئازادی و دیموکراسییەت بەدی بهێنین بەنەهێشتنی توندڕەوی (تعصب) و جیاوازکاری ڕەگەزی و دیکتاتۆرییەت.

- The progressives and the retrogressives are at loggerheads with each other

پێشکەوتووخوازەکان و کۆنەپەرستەکان ناکۆکییان هەیە لەگەڵ یەکتردا.

- Living standards improved rapidly during the post-war boom.

ئاستەکانی ژیان بەخێرایی بەرەو چاکبوون ڕۆیشت لە ماوەی گەشەکردنی ئابووری دوای شەڕدا.

- The politician ploughs a lonely furrow.

سیاسەتمەدارەکە کارێک دەکا کە خەڵکی تر نایکات (یان ئارەزووی لە شتێکە کە خەڵکی تر ئارەزووی لێ نییە).

- Both the leftists and the rightists voted for the president.

چەپڕەوەکان و ڕاستڕەوەکان هەردووکیان دەنگیان دا بۆ سەرۆک کۆمارەکە.

- His resignation came as a bolt from the blue.

دەست لە کارکێشانەوەکەی ئەو کوتوپڕ بوو (مفاجأة).

- The Peshmargas were ready to fight to the bitter end.

پێشمەرگەکان ئامادەبوون تا ئاخر دڵۆپی خوێن شەڕ بکەن.

- How can you stand by and see tyrants commit genocide against our people?

ئایا تۆ چۆن دەتوانی وەکو سەیرکەر بووەستیت و کەسانی زۆردار ببینی تاوانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ ئەنجام بدەن دژی گەلەکەمان؟

- The two sides called a truce to avoid further bloodshed.

دوو لایەنەکە بانگەوازیان کرد بۆ ڕێککەوتننامەیەکی کاتی بۆ ئەوەی لەوە زیاتر خوێن نەڕژێ.

- Soon after the 1991 uprising, the Kurdish people evacuated the cities and crossed the border in a mass exodus.

دەسبەجێ دوای ڕاپەڕینەکەی ۱۹۹۱، گەلی کورد شارەکانی چۆڵ کرد و بەکۆڕەو سنووری بەزاند.

- The political leader punished those who tyrannized the minorities.

سەرکردە سیاسییەکە سزای ئەوانەی دا کە زوڵمیان لە کەمایەتییەکان کرد.

- It is time for the retrogressives to settle their grudges and adapt themselves to the new world of globalization and internet.

کاتی ئەوە هاتووە کۆنەپەرستان ڕقوکینەی دڵیان دامرکێنن و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ جیهانی عەولەمە و ئەنتەرنێتدا.

- The president met with senior Wite House aides.

سەرۆک کۆمار کۆبوونەوەی ئەنجام دا لەگەڵ یاریدەدەرانی پایەبەرزی کۆشکی سپی.

- All the pacifists and mediators were pessimistic about the negotiations because they reached a deadlock.

هەموو ئاشتیخوازان و ناوبژیکەران بێ هیوابوون دەربارەی وتووێژی ڕێککەوتنەکە چونکە بەتەواوی فەشەلبوون و ڕێک نەکەوتن.

- The live coverage of the war attracted our attention.

گواستنەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانی شەڕەکە (التغطية المباشرة لاحداث الحرب) سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا.

- Lie flat on the ground as soon as you hear an air - raid siren.

کە گوێت لە شووتی ئاگادارکردنەوە بوو دەربارەی هێرشی ئاسمانی دەستبەجێ لە سەر زەوی تەخت بکەوە.

- The village was razed to the ground.

گوندەکە تەخت کرا (واتا: بەجۆرێک ڕووخێنرا کە لەگەڵ زەویدا تەخت بوو).

- I recognized the corporal by his long moustache.

من عەریفەکەم بەسمێڵە درێژەکەیدا ناسییەوە.

- I recognize your peace keeping effforts.

من سوپاسی ئەو هەوڵانەت دەکەم بۆ پاراستنی ئاشتی.

- We appreciate your support. ئێمە سوپاسی پشتگیرییەکەی تۆ دەکەین.

- We appreciate your plan. ئێمە پلانەکەی تۆ بەئەوپەڕی جوان و باش دەزانین.

- We should do our best to bury the hatchet.

پێویستە ئێمە ئەوپەڕی هەوڵدانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی کۆتایی بەناکۆکی بهێنین و ئاشت بینەوە.

- We are struggling for federalism within the frame of a free, pluralistic, united and democratic Iraq.

ئێمە خەبات دەکەین بۆ فیدرالیزم لەناو چوارچێوەی عێراقێکی ئازاد و فرە حزبی و یەکگرتوو و دیموکراتیدا.

- The leaders and representatives of all the political parties and sides held a conference in Baghdad to establish a provisional government in Iraq.

سەرکردە و نوێنەرانی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان کۆنفرانسێکیان لە بەغدا بەست بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی ئینتیقالی لە ناو عێراقدا.

- The leaders and authorities of the two main kurdish parties have taken an oath not to fight each other for ever.

سەرکردە و دەسەلاتداریەتی دوو حزبە کوردییە سەرەکییەکە سوێندیان خواردووە بۆ هەتاهەتایە شەڕ لەگەڵ یەکتردا نەکەن.

- The reconstruction of Iraq is on the front burner. بایەخی تەواو دەدرێ بەبنیاتنانەوەی عێراق.

- The disarmament of the mass destructive Iraqi weapons was not neglected

دامالێینی چەکە کۆکوژەکانی عێراق پشتگوێ نەخرا.

- We should do our best to establish peace, security, stability and democracy.

پێویستە ئێمە ئەوپەڕی هەوڵ بدەین بۆ دامەزراندنی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری و دیموکراسییەت.

- The highwayman is on the lam. چەتەکە ڕای کردووە.

- The double - dealer got the sack. دووڕووەکە (منافق) دەرکرا.

- The refugees are in a pickle. پەنابەرەکان لە بارودۆخێکی خراپ و ناخۆشدان.

- Kurdistan is the land of milk and honey.

کوردستان شوێنی ژیانی پڕ لە خۆشی و شادییە.

- The prime minister made a speech on justice.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وتارێکی دا دەربارەی دادپەروەری.

- The security forces try to suppress instability and anarchy.

هێزەکانی ئاسایش هەوڵ دەدەن بۆ نەهێشتنی ناسەقامگیری و پشێوی.

- All the members signed the bilateral treaty.

هەموو ئەندامەکان پەیماننامە دوو لایەنەکەیان مۆر کرد.

- The allied forces were plotting to topple the president.

هێزە هاوپەیمانەکان پیلانیان دادەنا بۆ ئەوەی سەرۆک کۆمارەکە لەسەر حوکم لابەرن.

- The Kurds refused decentralization and autonomy in the past.

کوردەکان حوکمی لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمییان لە ڕابوردوودا ڕەت کردەوە.

- The mediators tried to settle the dispute.

ناوبژیکەرەکان هەوڵیان دا بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکە.

- We are against racism and fanaticism. ئێمە دژی ڕەگەزپەرستی و توندڕەوین.

- A provisional government was formed in a fganistan.

لە ئەفغانستان حکوومەتێکی ئینتیقالی پێک هێنرا.

- I don’t want to overstep my authority.

من نامەوێ لە دەسەلاتی خۆمدا زیادەڕۆیی بکەم.

- The decision was unanimous. بڕیارەکە ڕای هەمووانی لەسەر بوو.

- Currently our political aspiration is federalism.

ئێستا طموحی سیاسی ئێمە فیدرالیزمە.

- What is his best card?

ئایا بەهێزترین بەڵگە بەدەستی ئەوەوە چییە بۆ بەدیهێنانی ئەوەی کە خۆی دەیەوێ؟

- We need a cartel.

ئێمە پێویستمان بەیەکگرتنی کۆمەڵانی سیاسی هەیە لە پێناوی کارێکی هاوبەشدا.

- He claims to be neutral, whereas he is a Labour supporter.

ئەو بانگەوازی ئەوە دەکا کە بێ لایەنە، کەچی لایەنگری پارتی کرێکارانە.

- The leader sent his double to the war fronts to goad the combatants on.

سەرکردەکە شەبیهەکەی خۆی نارد بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ ئەوەی هانی جەنگاوەرەکان بدا.

- The picket threatened the looters to give in.

تیمی فریاکەوتن هەڕەشەی لە تالآنکەرەکان کرد بۆ ئەوەی خۆیان بەدەستەوە بدەن.

- Sometimes political rivalries result in fighting.

هەندێ جار پێشبڕکێی سیاسی دەبێ بەهۆی شەڕ.

- We don't click. I think you realize our grief.

ئێمە پێکەوە ناگونجێین. وا بزانم تۆ لە گرفتی ئێمە دەگەی.

- To be honest with you, we sacrifice everything for our people.

بەڕاستی پێت بڵێم ئێمە قوربانی بەهەموو شتێک دەدەین بۆ گەلەکەمان.

- Anarchists can rock the boat if they are not controlled.

ئاژاوەچییان دەتوانن بارودۆخ تێک بدەن ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێن.

- The case is still pending.

کێشەکە هێشتا بەهەڵپەساردراوی ماوەتەوە (واتا: هێشتا بڕیاری لەسەر نەدراوە یان چارەسەر نەکراوە).

- The thieves were killed in an ambush. دزەکان لە کەمیندا کوژران.

- The police are investigating possible links between the two suspects.

پۆلیس لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدا دەربارەی ئەگەری پەیوەندی لە نێوان دوو گومان لێکراوەکەدا.

- The genocide and atrocities committed against the Kurdish people goaded the Kurds into being clever politicians to defend their nation.

ئەو جینۆساید و کردارە نامرۆڤانەی کە دژی گەلی کورد ئەنجام دران هانی کوردەکانی دا ببن بەسیاسەتمەداری زیرەک بۆ ئەوەی بەرگری لە نەتەوەکەیان بکەن.

- The environment in which the Kurds have grown up has always been an arena of politics due to the economic and strategic importance of the region.

ئەو ژینگەیەی کە کوردەکانی تێدا گەورە بووە هەمیشە مەیدانێکی بەربەرەکانێی سیاسی بووە لەبەر هۆی گرنگی هەرێمەکە لە ڕووی ئابووری و ستراتیجییەوە.

- The Kurds have faced a lot of complicated political situations which made them have a lot of experience in policy.

کوردەکان بەرەنگاری چەند بارودۆخێکی سیاسی ئاڵۆز بوونەتەوە ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی شارەزاییەکی زۆریان هەبێ لە سیاسەتدا.

- The Kurdish nation struggle is too hard because it has a lot of enemies and each of the enemies has his own special interests against the Kurdish self - determination.

خەباتی نەتەوەی کورد زۆر سەختە چونکە دوژمنانی زۆرە و هەریەکە لەو دوژمنانەش بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە دژی مافی چارەنووسی کورد..

- The Iraqi Governing Council resented war prisoner status for war criminals.

ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی عێراق ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر بەباری یاسایی دیلی جەنگ بۆ تاوانبارانی جەنگ.

- The security forces discovered a car stuffed with explosives.

هێزەکانی ئاسایش ماشێنێکیان دۆزییەوە پڕ کرابوو لە تەقەمەنی.

- The factional infighting sides in lebanon agreed on ceasefire.

لایەنەکانی مشتومڕی دووبەرەکی تۆندوتیژ لە لبنان ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر ئاگربەست.

- What is the key blueprint for peace in Iraq?

ئایا بەرنامەی کاری گرنگ چییە بۆ ئاشتی لە عێراقدا؟

- The police fired a volley over the heads of the demonstrators to disperse them.

پۆلیس بەسەلیە تەقەی کرد بەسەر سەری خۆپیشاندەرەکاندا بۆ ئەوەی بلاوەیان پێ بکا.

- During the demonstration a passer - by was shot dead by a bullet ricocheted off a nearby wall.

لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا ڕێبوارێک بەگوللەیەک کوژرا کە لە دیوارێکی نزیکەوە هەڵگەڕابووەوە.

- The masses rallied in support of the refugees.

جەماوەر کۆبوونەوە بۆ پشتگیریکردن لە پەنابەرەکان.

- The politician tried to woo the voters.

سیاسەتمەدارەکە هەوڵی دا دەنگدەرەکان ڕاکێشێ بەلای خۆیدا.

- A brigadier was taken hostage during the war.

لە کاتی شەڕەکەدا عەمیدێک بەبارمتە گیرا.

- The parliament members did their best to bridge the divide between the two main parties.

ئەندامانی پەرلەمان ئەوپەڕی هەوڵیان دا بۆ نەهێشتنی ناکۆکی لە نێوان دوو حزبە سەرەکییەکەدا.

- Federalism is not a prelude to division of Iraq.

فیدرالیزم سەرەتایەک نییە بۆ دابەشبوونی عێراق.

- A panel is a group of specialists' meeting to discuss various topics on radio or television.

مێزگرد کۆبوونەوەی کۆمەڵە پسپۆڕێکە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتی هەمەجۆر لە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆندا.

- panelists appeared on TV last night to discuss the status quo and answer people's questions.

دوێنێ شەو بەشداربووانی مێزگرد لە تەلەفزیۆن دەرکەوتن بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بارودۆخی ئێستا و وەڵامدانەوەی پرسیاری خەڵک.

- Don't switch over before the newscast ends.

کەناڵەکە مەگۆڕە پێش ئەوەی بڵاوکراوەی دەنگوباس کۆتایی پێ بێت.

- The TV programme was interrupted by a newsbreak.

بەرنامەی تەلەفزیۆنەکە بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی کورتی گرنگەوە پچڕا.

- A reporter from the New York Times gave us a report on the suicide bomber.

پەیامنێرێک لە نیویۆرک تایمز ڕاپۆرتێکی پێ داین دەربارەی خۆتەقێنەوەکە.

- The news - sheet hit the news - stands. ڕۆژنامە بچووکەکە کەوتە بازارەوە.

- A news conference will be held next week.

هەفتەی ئایندە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری دەبەسترێ.

- Press release is a piece of news given to a newspaper or magazine to be published before other newspapers or magazines.

دەسپێشخەری ڕۆژنامەگەری (المسبقة الصحفية) هەواڵێکە دەدرێ بەڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک بۆ ئەوەی پێش ڕۆژنامە و گۆڤاری تر بڵاو بکرێتەوە.

- The newscaster asked the programme director to insert a comic strip into tonight's programmes.

بێژەرەکە (مذيع نشرة الاخبار) داوای لە بەڕێوەبەری بەرنامەکان کرد زنجیرەیەکی کۆمیدی بخاتە ناو بەرنامەکانی ئەمشەوەوە.

- I like weather forecast description on TV.

من ئارەزووم لە باسی پێشبینی کەشوهەوایە لە تەلەفزیۆندا.

- General amnesty was announced for all prisoners excluding lifers.

لێبوردنی گشتی ئاشکرا کرا بۆ هەموو زیندانییەکان جگە لە زیندانییە هەتاهەتاییەکان.

- Biologists tried to clone the beauty queen.

پسپۆرانی زیندەوەرزانی هەوڵیان دا شاجوانەکە کۆپی بکەن.

- The outbreak of a flu epidemic threatened the life of the population in the area.

پەیدابوونی پەتای ئەنفلونزا لەناکاو ژیانی دانیشتوانی ناوچەکەی خستە مەترسییەوە.

- Good aid was provided for the survivors and the wounded of the earthquake.

یارمەتی باش تەرخان کرا بۆ ڕزگاربووان و بریندارانی بوومەلەرزەکە.

- A freight car derailed and caught fire killing several people.

ئوتومبیلێکی بارهەڵگر لەسەر ڕێگا دەرچوو و ئاگری گرت و چەند کەسێکی کوشت.

- An explosive - laden truck struck a concretr barrier and exploded.

شاحینەیەکی بارکراو لە ماددەی تەقێنەر دای لە بەربەستێکی کۆنکریت و تەقییەوە.

- How many candidates were there in the local elections?

ئایا چەند پاڵێوراو هەبوون لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکەدا؟

- The ambush caught the spies who had infiltrated into our country.

کەمینەکە ئەو جاسووسانەی گرت کە بەنهێنییەوە هاتبوونە ناو وڵاتەکەمانەوە.

- We were on the horns of a dilemma.

ئێمە لە بارودۆخێکدا بووین کە ناچار بووین لە نێوان ئەو شتانەدا کە زەرەری ئێمەی تێدا بوو یەکێکیانمان هەڵبژاردایە (واتا: داڕێکمان بەدەستەوە بوو هەردوو سەری پیس بوو).

- The magistrate told the forger to come to the point without prevarication.

حاکمەکە بەتەزویرکەرەکەی وت ڕاستی بڵێ بەبێ پێچوپەنا.

- What are the guiding principles for American post - conflict policy in Iraq?

ئایا پرانسیپە ڕێ نیشاندەرەکانی سیاسەتی ئەمریکی دوای جەنگ لە عێراقدا چین؟

- The prime minister chaired a cabinet session to discuss Kurdistan attitude towards the neighbouring countries.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد بۆ وتووێژکردن دەربارەی هەڵوێستی کوردستان بەرامبەر بەوڵاتە دراوسێکان.

- A tripartite meeting was held to analyse Kurdistan current situation.

کۆبوونەوەیەکی سێ لایەنە بەسترا بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی کوردستان.

- You're telling me = I completely agree with you.

من بەتەواوی ڕام لەگەڵ ڕای تۆدایە

- You can never tell = You can never be sure. تۆ هەرگیز ناتوانی دڵنیابیت.

- The situation may go to the dogs. لەوانەیە بارودۆخەکە زۆر خراپ ببێ.

- Don't let the cat out of the bag. نهێنییەکەت لە دەم دەرنەچێ.

- We must separate the sheep from the goats.

پێویستە ئێمە کەسانی باش لە کەسانی خراپ جیا بکەینەوە.

- Don't let teenagers saw their wild oats.

مەهێڵە هەرزەکاران بەکەیفی خۆیان ڕابوێرن بەبێ ئەوەی بیر لە بەرپرسیی بکەنەوە.

- I think we will go far in the future.

من بڕوام وایە ئێمە لە ئایندەدا زۆر سەرکەوتوو دەبین.

- The displaced people should be paid quid pro quo.

پێویستە دەرکراوەکان قەرەبوو بکرێنەوە.

- What is the sine qua non for our development plan?

ئایا مەرجی پێویست چییە بۆ پلانی گەشەپێدانەکەمان؟

- The director's resignation came out of the blue.

دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێوەبەرەکە شتێکی پێشبینی نەکراو بوو.

- In Kurdistan earthquakes happen once in a blue moon.

لە کوردستاندا بوومەلەرزە زۆر بەکەمی ڕوو دەدا.

- Our country is ripe for development. وڵاتەکەمان گونجاوە بۆ گەشەکردن.

- I'm an asylum seeker. من داوای مافی پەنابەرێتی دەکەم.

- Some of the refugees were granted asylum

هەندێ لە پەنابەران مافی پەنابەرێتی سیاسییان پێ بەخشرا.

- Some people take public services for granted.

هەندێ کەس قەدری خزمەتگوزاری گشتی نازانی.

- partridge hunting is forbidden in Kurdistan.

ڕاوە کەو قەدەغەیە لە کوردستاندا.

- The workers are striking for increase in wages.

کرێکارەکان مان دەگرن بۆ زیادکردنی کرێ.

- Prices may fall in the short run. .لەوانەیە بەم زووانە نرخ دابەزێ

- I think unemployment will fall in the long run.

من بڕوام وایە لە ئایندەی دووردا بێ کاری کەم دەبێتەوە.

- We may get into hot water. .لەوانەیە تووشی گرفت ببین

- The hawks are always at odds with the doves.

سیاسەتمەدارانی لایەنگری هێزی سەربازی هەمیشە ناکۆکییان هەیە لەگەڵ سیاسەتمەدارانی لایەنگری ئاشتی و دیبلۆماسییەت.

- Those who crossed the border were extradited.

ئەوانەی کە سنووریان بەزاند سنووردارش کرانەوە.

- Two policemen were wounded in a grenade attack.

دوو پۆلیس بریندار بوون لە پەلامارداناێکی نارنجۆکدا.

- A dusk - to - dawn curfew was imposed on the city till further notice.

قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە ئێوارەوە بۆ بەیانی زوو بەسەر شارەکەدا سەپێنرا هەتا ئاگادارکردنەوەیەکی تر.

- I bear him no grudge. .من هیچ ڕقێکم لە دڵدا نییە بەرامبەر بەو

- Why don’t you incorporate my suggestion into your plan?

بۆچی پێشنیارەکەی من تێهەڵکێش ناکەی لە ناو پلانەکەی خۆتدا؟

- He was accused of collaborating with the enemy.

ئەو تاوانبار کرا بەهاوکاریکردنی دوژمنی داگیرکەر.

- Coercive measures are not suitable for placating turbulence.

ڕێ و شوێنی تۆندوتیژ گونجاو نییە بۆ دامرکاندنی ئاژاوە و پشێوی.

- We need a cohesive power to be able to stand against our enemies.

ئێمە پێویستیمان بەهێزێکی یەکگرتوو هەیە بۆ ئەوەی بتوانین دژی دوژمنانمان بووەستین.

- Us has a bicamreal parliament consisting of the Senate and the House of Representatives.

پەرلەمانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوو ئەنجوومەنی یاسادانانی هەیە کە پێکدێن لە ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەران.

- Hand - to - hand fighting between the two tribes resulted in many casualties.

شەڕی دەسە و یەخەی نێوان دوو هۆزەکە چەند کوژراو و بریندارێکی زۆری لێ کەوتەوە.

- The American air - raids started with pre - emptive strikes on the military bases.

هێرشی ئاسمانی ئەمریکی بەلێدانی بنکە سەربازییەکان دەستی پێ کرد بەجۆرێک کە بەرامبەرەکەیان نەیتوانی دەست بکاتەوە.

- They achieved a significant breakthrough in negotiations.

ئەوان لە ناکاو پێشکەوتنێکی گرنگیان بەدی هێنا لە وتوێژی ڕێککەوتندا.

- I presume he is still abroad. .من پێم وایە ئەو هێشتا لە دەرەوەی وڵات بێت

- The parties resumed peace talks.

حزبەکان سەرلەنوێ دەستیان کردەوە بەوتووێژی ئاشتی.

- We need to know a brief resumé of the events.

ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کورتەیەک دەربارەی ڕووداوەکان بزانین.

-Your application with your resumé should reach the mayor by July 10th.

پێویستە هەتا دەی تەموز داواکارییەکەت لەگەڵ کورتەی ژیاننامەکەت بگاتە دەستی سەرۆکی شارەوانی.

- They should comply with UN Resolutions.

پێویستە ئەوان گوێڕایەڵی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بن.

- Incitement to apartheid is a sort of human right violation.

هاندانی سیاسەتی جیاکاری ڕەگەزی جۆرێکە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ.

- The masses were on tenterhooks all day waiting for the election results.

جەماوەر بەپەرۆشی و شڵەژاوییەوە بەدرێژایی ڕۆژ چاوەڕوانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان دەکرد.

- Currently we need a tentative programme for our project.

ئێستا ئێمە پێویستیمان بەپرۆگرامێکی ئەزموونی هەیە بۆ پرۆژەکەمان.

- The refugees need a haven.

پەنابەرەکان پێویستییان بەشوێنێکی ئارام و بێ وەی هەیە.

- The two brothers always go at it hammer and tongs.

دوو براکە هەمیشە شەڕ و هەرایانە.

- The Iraqi Kurdistan National Assembly convened a special session to find solutions for the major problams.

ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی تایبەتی بەست بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سەرەکییەکان.

- The American launching pad launched a tomahawk at the craggy mountion and killed two snipers.

سەکۆی مووشەک هاوێشتنی ئەمریکی تۆماهۆکێکی گرتە شاخە سەختەکە و دوو قەناسی کوشت.

- The International Security Council gave the go - ahead to inspect Iraq's nuclear weapons.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تیشکی سەوزی دا بۆ پشکنینی چەکی نەوەوی عێراق.

- Our plan needs further elaboration.

پلانەکەمان پێویستی بەگەشەپێدانی زیاتر هەیە.

- The mortgagor and the mortgagee have locked horns with each other over the mortgage

ڕەهنکەرەکە و ڕەهندەرەکە هەریەکە لەگەڵ ئەوی تر لە مشتومڕدایە دەربارەی ڕەهنەکە.

- What are the prerequisites for the plan we are going to work out?

ئایا ئەو مەرجە بنەڕەتییانە چین بۆ ئەو پلانەی کە ئێمە بەنیازین نەخشەی بۆ بکێشین؟

- Some of the detainees were pardoned but they were released on bail.

هەندێ لە دەستگیرکراوەکان لێبووردران بەڵام بەکەفالەت بەردران.

- He lied and blamed the accident on his friend to save his own skin.

ئەو درۆی کرد و ڕووداوەکەی خستە ئەستۆی هاوڕێکەی بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکا.

- No entry! چوونە ژوورەوە قەدەغەیە!

- Entry to the museum is free. چوونە ناو مۆزەخانە بەخۆڕاییە.

- How much is the entry rate? نرخی چوونە ژوورەوە چەندە؟

- The Joint Chiefs of Staff advise the president on military matters.

سەرۆکانی ئەرکانی هاوبەش ئامۆژگاری سەرۆک کۆمار دەکەن لە کێشە سەربازییەکاندا.

- The criminal's land was confiscated.

دەستبەسەر زەوی تاوانبارەکەدا گیرا (موسادەرە کرا).

- The customs have seized a lot of contraband.

گومرگ بڕێکی زۆر لە شتومەکی قاچاخی گل داوەتەوە (حیجزی کردووە).

- All the goods must be cleared through customs.

پێویستە هەموو شتومەکەکە گومرگ بکرێ.

- We need a very well thought out plan to be able to drive a wedge in our enemy's unity and cohesiveness paving the way to forge through its machinations.

ئێمە پێویستیمان بەپلانێکە کە زۆر بەباشی و بەوردی بیری لێ کرابێتەوە و دانرابێ بۆ ئەوەی بتوانین دووبەرەکی بخەینە ناو یەکێتی بەهێز و پتەوی دوژمنەکەمانەوە و ئاسانکاری بکەین بۆ ئەوەی بەزۆر بخزێینە ناو پلانە نهێنی و ئاڵۆزەکانییەوە.

- The anarchist tried to set up a booby trap for the security forces.

ئاژاوەچییەکە هەوڵی دا بۆمبێکی شاراوە دابنێ بۆ هێزەکانی ئاسایش.

- We have to suppress those who sow mistrust between the two main parties and create chasms.

دەبێ ئێمە ئەو کەسانە سەرکوتکەین کە تۆوی بێ بڕوایی لە نێوان دوو حزبە سەرەکییەکەدا دەچێنن و دووبەرەکی دەنێنەوە.

- Kirkuk is the domicile of the Kurds who are the majority of the city's population.

کەرکووک شوێنی نیشتەجێی هەمیشەیی کوردەکانە کە زۆرینەی دانیشتوانی شارەکەن.

- Flags were flown at half mast on the day of the leader's passing away.

لە ڕۆژی کۆچی دوایی سەرکردەکەدا ئالآ هەڵکرا بۆ نیوەی دار ئالآ.

- We need a state - of - the - art system.

ئێمە پێویستیمان بەتازەترین و پێشکەوتووترین سیستەمی تەکنیکییە.

- That elderly woman is a mutton dressed as lamb.

ئەو ژنە بەسالآچووە خۆی بەگەنجتر دەزانێ لە تەمەنی خۆی و جلی گەنجان لەبەر دەکا.

- The security forces searched every nook and cranny of the builing.

هێزەکانی ئاسایش هەموو کون و قوژبنێکی بیناکەیان پشکنی.

- Palaeontologists are trying to discover skeletons of extinct animals.

پسپۆڕانی پالیۆنتۆلۆجی هەوڵ دەدەن بۆ دۆزینەوەی ئێسکە پەیکەری گیانلەبەرە قرتێکەوتووەکان.

- He amassed riches through conning people by impersonation.

سامانێکی زۆری کۆکردەوە بەوەی کە خۆی دەکرد بەکەسانی تر و خەڵکی دەخەڵەتاند.

- The police were searching for those who were blacklisted.

پۆلیس بەدوای ئەوانەدا دەگەڕا کە ناویان خرایە لیستی ڕەشەوە.

- The Kurdish colonies in Europe started to jubilate when the Iraqi Kurds were granted federalism.

جالیاتی کورد لە ئەوروپا دەستیان کرد بەکەیفکردن و هەلهەلەکێشان کاتێک کە کوردەکانی عێراق فیدرالییان پێ بەخشرا.

- They tried to appease the enemy lest it should rock the boat.

One friday morning I heard my doorbell ringing. When I opened the door, I saw a young swarthy gypsy dressed in black. She looked at me and said, “I am a fortune teller and a palmist. I practise hypnotism and I have information about horoscopes. I can fruster amulets as well.” As soon as she finished her speech, I said to her, “You had better go to another house because we don’t believe in superstitions.” Then she showed me a small bottel, two turquoises and a rosary, trying to tempt me to buy them . I asked her what there was in the small bottle. she said that it contained philtre. I smiled and said to her, “You had better drink the philtre yourself because it is good for you. At last the crafty gypsy begged me to give her some alms. I offered her five dinars and told her to go away. Thus I got rid of that crafty gypsy.

٥- قەرەچێکی مەکرباز

سەرلەبەیانییەکی هەینی گوێم لە زەنگی دەرگاکە بوو لێیدا. کاتێک کە دەرگاکەم کردەوە قەرەچێکی گەنجی ڕەشتاڵەم بینی جلی ڕەشی لەبەردابوو. کچە قەرەچەکە سەیری کردم و وتی: «من خوێنەری ناو لەپ و بەختگرم. تەنوێمی موگناتیسی دەکەم و زانیاریم هەیە دەربارەی بورجەکان. هەروەها دەتوانم دوعا بەتاڵ بکەمەوە.» منیش کە قسەکەی تەواو کرد دەستبەجێ پێم وت: «باشتر وایە بچی بۆ مااڵێکی تر چونکە ئێمە باوەڕمان نییە بەخەرافات. لە دواییدا بوتڵێکی بچووک و دوو پیرۆزە و تەسبێحێکی پیشاندام و هەوڵی دا سەرنجم ڕاکێشێ بۆ ئەوەی بیانکڕم. منیش پرسیارم لێ کرد و وتم بوتڵەکە چی تێدایە. ئەویش وتی شەرابی خۆشەویستی تێدایە. منیش زەردەخەنەیەکم کرد و پێم وت: «باشتر وایە خۆت شەرابەکە بخۆیتەوە چونکە بۆ خۆت باشە.» لە کۆتاییدا کچە قەرەچە مەکربازەکە لێم پاڕایەوە هەندێ خێری پێ بکەم. منیش پێنج دینارم پێشکەش کرد و پێم وت بڕوا. بەم جۆرە ئەو قەرەچە مەکربازەم لە کۆڵی خۆم کردەوە.

.....

crafty = cunning: مەکرباز، فێڵباز

gypsy: قەرەچ

swarthy: ڕەشتاڵە

fortune teller: بەختگر

palmist: (قارىء الكف) خوێنەری ناولەپ

hypnotism: تەنوێمی موگناتیسی

horoscope: بورج

amulet: دوعا

fruster: بەتاڵی دەکاتەوە

superstitions: خەرافات

turquoise: پیرۆزە (فیروز)

philtre: شەرابی خۆشەویستی

rosary: تەسبیحی سەڵەواتدان

alms: خێر

6- A Memory of Daily Life in a Traditional Kurdish Village

It is pleasant to live in a traditional Kurdish village. In the morning you can see women churning yogurt mixed with water to get better and buttermilk You can see a girl spining wool with a spindle and talking to another girl baking bread on a griddle. During the day goats bleat, cows bellow, donkeys bray, horses neigh, hens cackle, cocks crow and turkeys gobble.

Late in the afternoon after the daily hard work, boys and girls make themselves look smart. Some boys try to flirt with flirtatious coquettish maidens by exchanging signs and words of love.

As soon as it gets dark, the village becomes quiet. Far away in the distance owls hoot and wolves howl with their melancholy sound which is traditionally believed to be a sign of disaster.

During the winter nights children sit round wood - burning stoves and listen to their parents telling them stories about goblins and giants till they fall asleep.

٦- بیرەوەرییەکی ژیانی ڕۆژانە لە گوندێکی کوردەواریدا

خۆشە ژیان بەرێتە سەر لە گوندێکی کوردەواریدا. بەیانیان دەبینی ژنان مەشکە دەژەنن بۆ ئەوەی کەرە و دۆیان دەست بکەوێ. چاوت لە کچێک دەبێ بەتەشی خوری دەڕێسێ و قسەش دەکا لەگەڵ کچێکی تر کە نانی سەر ساج دەکا. لە کاتی ڕۆژدا بزن دەبارێنێ و مانگا دەبۆڕێنێ و گوێدرێژ دەزەڕێ ئەسپ دەحیلێنێ و مریشک دەگارێنێ و کەڵەشێر دەخوێنێ قەل قلولولو دەکا.

درەنگانێک لە پاش نیوەڕۆدا لە دوای ئیشی گرانی ڕۆژانە کوڕان و کچان خۆیان جوان و ڕێکوپێک دەکەن. هەندێ کوڕ هەوڵ دەدەن دڵداری بکەن لەگەڵ کچە عازەبی غەمزە و نازکەری چاوباشقەڵدا بەگۆرپینەوەی ئیشارات و وشەی خۆشەویستی.

کە تاریک دەکا دەستبەجێ گوندەکە بێدەنگ دەبێ. لە دوورەوە کوندەبەبۆ دەخوێنێ و گورگ دەلوورێنێ بەدەنگە غەمناکەکەیان کە لە ڕووی بیروباوەڕی دابونەریتی کۆنەوە بڕوا وایە نیشانەی کارەساتە. لە شەوەکانی زستاندا منداڵان لە دەوری سۆبای دار دادەنیشن و گوێ لە باوک و دایکیان دەگرن چیرۆکیان بۆ دەگێڕنەوە دەربارەی جنۆکە و دێو.

.....

traditional: نەریتی
churn: دەژەنێ
buttermilk: دۆ
spin: دەڕێسێ
spindle: تەشی
griddle: ساج
bleat: دەبارێنێ
bellow: دەبۆڕێنێ
bray: دەزەڕێ
neigh: دەحیلێنێ
howl: دەلوورێنێ
cackle: دەگارێنێ
crow: دەخوێنێ، خوێندنی کەڵەشێر
gobble: قلولو دەکا ، قلولولوی قەل
smart: جوان و ڕێکوپێک
flirt: دڵداری دەکا
flirtatious: چاوباشقەڵ
coquettish: غەمزە و نازکەر
maiden: کچە عازەب
owl: کوندەبەبۆ
wolve: گورگ
goblin: جنۆکە
giant: دێو

7- A Pleasant Picnic

On May 10, 2003 I went for a picnic with my family and spent a nice time in the country.

We found a nice place at the bank of a winding river near Haji Baiz village. We sat in the shade of aspen and willow trees. We watched the scenery and breathed fresh air. At noon we made a big fire out of dried branches of oak - trees. We grilled mutton and had a tasty meal under a big oak - tree. Then we started to play, dance and sing till 5 p.m.

I never forget that pleasant picnic and I hope we'll go for picnics whenever we have leisure.

.....

winding: پێچاوپێچ
aspen: چنار
willow: دار بی
oak - tree: دار بەڕوو
mutton: گۆشتی بەرخ
leisure: کاتی پشوودان

٧- سەیرانێکی خۆش

لە ١٠ی مایسی ٢٠٠٣دا لەگەڵ خێزانەکەم ڕۆیشتین بۆ سەیرانێک و کاتێکی خۆشمان لە لادێ بەسەر برد.

لە قەراغی ڕووبارێکی پێچاوپێچدا لە نزیک گوندی حاجی بایز شوێنێکی باشمان دۆزیبەوە. لە سێبەری چنار و دار بیدا دانیشتین. سەرنجی دیمەنی سروشتی جوانمان دا و هەوای پاکمان هەڵمژی. لە نیوەڕۆدا بەلقی وشکی داربەڕوو ئاگرێکی گەورەمان کردەوە. گۆشتی بەرخمان لە ژێر دار بەڕوویکی گەورەدا برژاند و ژەمێکی بەتامان خوارد. لە دواییدا دەستمان کرد بەیاریکردن و سەماکردن و گۆرانی وتن هەتاکو کاتژمێری پێنجی ئێوارە.

من هەرگیز ئەو سەیرانە خۆشەم لەبیر ناچێتەوە و بەهیوای ئەوەم هەچ کاتێک کاتی پشوودانمان هەبێ بچین بۆ سەیران.

G

Sentences and Expressions on Formal Letters

ڕستە و دەستەواژە لەسەر نووسراوی فەرمی

- To whom it my concern: بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان

- Dear Sir: بەڕێز

- Dear Sirs: بەڕێزان

- Dear Madam: خانمی بەڕێز

- Attached is a copy of our letter No. 234 dated May 20, 2004 concerning a campaign to update the voting system:

هاوپێچ وێنەی نووسراومان ژمارە ٢٣٤ لە مێژووی ٢٠ی مایسی ٢٠٠٤ دەربارەی هەڵمەتێک بۆ نوێکردنەوەی سیستەمی دەنگدان

- Please find enclosed a copy of my CV:

تکایە هاوپێچ وێنەی کورتەی ژیاننامەمە ببینن

- I look forward to hearing from you: چاوەڕێی وەڵامی جەنابتانم

CV = curriculum vitae = resumé:

کورتەیەک دەربارەی ئەو بڕوانامە و ئیشانەی کە کەسێک لە ژیانی خۆیدا هەیبووە و پێشکەشی دەکا کاتێک کە داوا بکا لە ئیشێکدا دابمەزرێ.

- This is to certify that Kalthoom Hama Khan is a graduate of Teachers Central Institute. She graduated from the above mentioned institute in 2002. We hereby grant her this document.

- گەواهی دەدەین کەلسوم حەمە خان دەرچووی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانە. ساڵی ٢٠٠٢ لە پەیمانگەی ناوبراو دەرچووە. بەم پێیە ئەم بەڵگەنامەیەی پێ دەبەخشین.

- Reference to your advertisement in Khabat News paper of April 3, 2004 concerning your need for an accountant, I am writing to apply for this job.

- ئاماژە بەئاگاداریتان لە ڕۆژنامەی خەباتی ٣ی نیسان ٢٠٠٤ دەربارەی پێویستبوونتان بەژمێریارێک، من داواکاری پێشکەش دەکەم بۆ ئەم ئیشە.

- We draw your attention to the fact that you haven't flufilled your duty properly.

- سەرنجتان ڕادەکێشین بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئێوە ئەرکی خۆتان بەشێوەی ڕاست جێبەجێ نەکردووە.

- We admonish all the employees in your office for leaving the doors of the office open after office work.

- سەرزەنشتی هەموو کارگوزاران دەکەین لە فەرمانگەکەتان چونکە دوای دەوام دەرگای فەرمانگەکە داناخەن.

- We give Mr. Jack a warning not to leave the office during office hours without asking for permission.

- مستەر جاک ئاگادار دەکەینەوە لە کاتی دەوامدا فەرمانگە بەجێ نەهێڵێ بەبێ ئەوەی داوای مۆڵەت بکا.

- We owe you a great debt of gratitude for your cooperation in slum clearances in the city.

- ئەوپەڕی سوپاسی جەنابت دەکەین بۆ هاوکاریکردنت لە پاککردنەوەی ناوچە پیس و پۆخڵەکانی ناو شار.

H

Sentences and Expressions on commercial Letters

ڕستە و دەستەواژە لەسەر نووسراوی بازرگانی

- We acknowledge the receit of your letter No. 340 dated July 12, 2004.

- جەنابتان ئاگادار دەکەینەوە نووسراوتان ژمارە ٣٤٠ مێژووی ١٢ی تەمووزی ٢٠٠٤ بەدەستمان گەیشت.

- I have the pleasure to inform you that our office was transferred to the new building next to the Ministry of Health.

- خۆشحاڵم جەنابتان ئاگادار بکەمەوە کە فەرمانگەکەمان گوێزرایەوە بۆ بینا تازەکەی تەنیشتی وەزارەتی تەندروستی.

- Please inform us about today's market quatation.

- تکایە لە نرخی ئەمڕۆی گەنم لە بازاڕ ئاگادارمان بکەنەوە.

- Our company ships the goods at your responsibility in accord with the enclosed invoice.

- بەپێی لیستی هاوپێچ کۆمپانیاکەمان شتەکان دەنێرێ خۆتان لێیان بەرپرسیارن.

- We ask you to settle the bills on your name amounting to $ 2000. otherwise, we will be obliged to take all measures against you.

- داواتان لێ دەکەین پارەی ئەو سەنەدانەتان بدەن کە بەناوی خۆتانەوەن و بڕەکەیان دەکاتە ٢٠٠٠ دۆلار، ئەگەرنا ئێمە ناچار دەبین هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی دژ بەئێوە وەربگرین.

- The bill binds me to pay an amount of $ 1000 to Mr. Jabar Fatah on September 4, 2004.

- من پابەندی ئەم سەنەدەم بەوەی کە لە ٤ی ئەیلولی ٢٠٠٤دا بڕی ١٠٠٠ دۆلار بدەم بە جەبار فەتاح.

- On demand, pay to the order of Mr. Jack brown the sum of only $ 200 to Mr. Peter Green.

- لەسەر فەرمانی بەڕێز جاک براون بڕی تەنها ٢٠٠ دۆلار بدەن بەبەڕێز پیتەر گرین هەرکاتێ داوا بکا.

- Please send us pro forma invoices for the goods ordered.

- تکایە لیستی وردەکاری ئەو شتانەمان بۆ بنێرن کە داواکراون.

- We have the pleasure to inform you that we have received our import licence valid for six months from the fixed date.

- خۆشحاڵین ئاگادارتان بکەینەوە کە ئێمە مۆڵەتی هێنانی شتومەکمان وەرگرتووە و بۆ ماوەی شەش مانگ کاری پێ دەکرێ لە مێژووی دیاریکراوەوە.

- We regret to inform you that owing to unfavourable economic situation we will be unable to pay the bill No 242 amounting to $ 10,000 due on November 29, 2004.

- بەداخەوە ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئێمە لەبەر هۆی بارودۆخی ئابووری نالەبار ناتوانین پارەی سەنەدی ژمارە ٢٤٢ بدەین کە بڕەکەی دەکاتە ١٠٠٠٠ دۆلار و کاتی دانەکەشی ٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤ە.

- We grant Mr. Jalal Amin the exclusive right to sell Vestel TV sets in Hawler and Sulaimani.

- ئێمە مافی تایبەت دەبەخشین بەبەڕێز جەلال ئەمین بۆ فرۆشتنی تەلەفزیۆنی ڤیستڵ لە هەولێر و سلێمانی.

- Mr. Tom Brown grants Mr. Peter White a commission of %10 on all sales effected Through him.

- مستر تۆم براون عمولەیەک بەڕێژەی لە سەدا دە دەبەخشێ بەمستر پیتەر وایت بۆ هەموو ئەو فرۆشتنانەی کە بەهۆی خۆیەوە ئەنجام دەدەرێن.

- The period of this agency is fixed at five years commencing as from December 1, 2004.

- ماوەی ئەم وەکالەتە بەپێنج ساڵ دیاریکراوە کە لە یەکی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ەوە دەست پێ دەکا.

- Each side may terminate this contract by giving notice to the other side two months before the expiry of the contract.

– هەریەکە لە لایەنەکان بۆی هەیە کۆتایی بەم قۆنتەراتە بهێنێ بەوەی کە دوو مانگ پێش تەواوبوونی ماوەی قۆنتەراتەکە لایەنەکەی تر ئاگادار بکاتەوە.

I- A Letter of Condolence

December 3, 2004

Dear John

The news of your father's passing away was a bad shock to us all. We cannot express by words how sorrowful we are. I wish I could attend the funeral. Please give our condolences to all the members of your family. I hope you bear this difficulty because we all know the fact that no one is immortal except God.

پرسەنامە

٣ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٤

بەڕێز جۆن

هەواڵی کۆچی دوایی باوکت کۆستێکی ناخۆش بوو بۆ هەموومان. ئێمە ناتوانین بەوشە دەری بڕین کە چەند خەفەتبارین. خۆزگە بمتوانیایە ئامادەی ڕێوڕەسمی جەنازەکە بوومایە. تکایە پرسە و سەرەخۆشی ئێمە بگەیەنە بەهەموو ئەندامانی خێزانەکەت. هیوام وایە بەرگەی ئەم ناڕەحەتییە بگری چونکە ئێمە هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە هیچ کەس نەمر نییە جگە لە خوا.

J

Miscellaneous Sentences on Bewildering Words

ڕستەی هەمەجۆر لەسەر وشەی سەرشێوێنەر

- The **miner** made up his **mind** to **mine** the field.

– مین دانەرەکە بڕیاری دا کێڵگە مین ڕێژ بکا.

- I don't **mind** walking home.

– من پێم ناخۆش نییە بەپێ بچمەوە بۆ ماڵ.

- I informed the police that the butt found near a **mine** in the **goldmine** was not **mine**.

من پۆلیسم ئاگادارکردەوە کە ئەو ئاغزە جگەرەیەی کە لەناو کانە زێڕەکەدا لە نزیک مینێک دۆزرایەوە هی من نەبوو.

- **Mind** your own business. Don't set your **mind** on anything that dosen't concern you.

خەریکی ئیشی خۆت بە. خۆت سەرقاڵ مەکە بەشتێکەوە کە پەیوەندی بەتۆوە نەبێ.

- The farmer told the kids not to scatter the **ground** fodder on the **ground**.

جووتیارەکە بەمندالەکانی وت ئالیکە هاڕدراوەکە بەسەر زەوییەکەدا بلاو نەکەنەوە.

- He was such a good **shot** that he **shot** the grouse with one **shot**.

ئەو نیشانەشکێنێکی وەها باش بوو بەیەک گوللە قەتێکەی کوشت.

- TV **shots** showed how the ctiminal was detained.

گرتەی تەلەفزیۆنی پیشانی دا کە چۆن تاوانبارەکە دەستگیر کرا.

- A shotgun cartridge contains **shots**. فیشەکی تاپڕ ساچمەی تێدایە.

- I like partridge **shooting**. ئارەزووم لە ڕاوە کەوە.

- Don't **shoot** at the squirrel. تەقە مەکە لە سمۆرەکە.

- The new **shoots** of the greengage tree are beautiful.

تەرزە تازەکانی دار هەڵووژەکە جوانن.

- Crows were cawing and wolves were howling in the forest.

لەناو دارستانەکەدا قەلەڕەشە دەیقڕاند و گورگ دەیلووران.

- An **adder** has bitten the cow in the **udder**.

کەوە ماریّک داویەتی بەگوانی مانگاکەوە.

- That **urban** man doesn't wear a **turban**.

ئەو پیاوە شارییە میّزەر لەسەر ناکا.

- The **lion** took a bite at the **loin** of the deer.

شێرەکە قەپێکی گرت لە کەلەکەی ئاسکەکە.

- We saw a **plane** flying over sharazoor **plain**.

ئێمە فڕۆکەیەکمان بینی بەسەر دەشتی شارەزووردا دەفڕی.

- A **plane** is a tool used for making the surface of wood smooth.

ڕەندە ئامێرێکە بەکاردێ بۆ سافکردنی ڕووی دار.

- Do you want **plain** paper or lined paper?

ئایا تۆ کاغەزی سادەت دەوێ یان خەتدار؟

- Chiman turned **pale** when she saw that there was a frog in her **pail**.

چیمەن ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا کاتێک کە بینی بۆقێک لەناو سەتڵەکەیدا بوو.

- When a dog sees its owner, it **wags** its **tail**.

کاتێک کە سەگ خاوەنەکەی دەبینێ کلک دەلەقێنێ.

- Why don't you **tell** us a **tale**? بۆچی تۆ چیرۆکێکمان بۆ ناگێڕیتەوە؟

- When are the **wages** paid? کەی کرێکان دەدرێن؟

- We tried to **lessen** the political tensions in the city but no one **listened** to us.

ئێمە هەوڵمان دا گرژی سیاسی لەناو شارەکەدا کەم بکەینەوە بەڵام هیچ کەس بەگوێی نەکردین.

- Did you anjoy the **lesson**?: ئایا تۆ وانەکەت پێ خۆش بوو؟

- **Gargle** with salty water because it is good for your sore throat.

غەرغەرە بکە بەئاوی سوێر چونکە بۆ قورگ ئێشەکەت باشە.

- Water **gurgles** as it gushes from a spring.

ئاو قوڵپە قوڵپ دەکا کاتێک کە لە کانی هەڵدەقوڵێ.

- The roof is **leaking**. بنمیچەکە دڵۆپە دەکا.

- Chop the **leek** and slice the cucumbers.

کەوەرەکە بجنە و خەیارەکە قاش بکە.

-There is a **leak** in the barrel. بەرمیلەکە کونێکی تێدایە.

- Kurdish villagers build their houses in the **lee** of the mountains to avoid gales.

کوردە گوندنشینەکان خانووەکانیان لە پەنای شاخەکاندا دروست دەکەن بۆ ئەوەی لە ڕەشەبا بەهێزەکانەوە دوور بن.

- The hunter showed me a bear **lair** on the surface of Hawraman Mountain.

ڕاوچییەکە لانە ورچێکی پێشان دام لەسەر ڕووی شاخی هەورامان.

- I don't like him because he is a **liar**. من ئەوم خۆش ناوێ چونکە درۆزنە.

- An ostrich **plume** is beautiful. پەڕە نەعامە جوانە.

- A ripe **plum** is sweet. هەڵووژەی گەییو شیرینە.

- The **plump** child ate asugar **lump**. منداڵە خرپنەکە کلۆ شەکرێکی خوارد.

- Tell the child to chew the **lump** well before swallowing it.

بەمنداڵەکە بڵێ پاروەکە بەباشی بجوی پێش ئەوەی قووتی بدا.

- The man has a **lump** on his head. لوویک بەسەری پیاوەکەوەیە.

- The **lamp** doesn't give enough light. چراکە ڕووناکی تەواو نادات.

- Can a **plumber** repair a broken tap?

ئایا بۆڕیچی دەتوانێ بەلوعەی شکاو چاک بکاتەوە؟

- **A flea** market sells second - hand goods at law prices:

بازاڕی لەنگە شتومەکی کۆن بەنرخی هەرزان دەفرۆشێ.

- Was he able to **flee** from the enemy? ئایا ئەو توانی لە دەستی دوژمن ڕا بکا؟

- The extermination of insects such as locusts, ants, **fleas**, lice, worms, flies and small flies is not an easy task.

قەلاچۆکردنی مێرووی وەکو کوللە و مێروولە و کێچ و ئەسپێ و کرم و مێش و مێشوولە کارێکی ئاسان نییە.

- The American **fleet** makes use of the most modern technologies in war.

هێزی دەریایی ئەمەریکا تازەترین تەکنۆلۆجی بەکار دەهێنێ لە شەڕدا.

- She wears **fleece - lined** slippers at home.

ئەو لە ماڵەوە سووکە پێڵاوی بەخوری ناوپۆشکراو لە پێ دەکا.

- A protractor is a tool used for measuring **angles**.

گۆشەپێو ئامێرێکە بەکاردێ بۆ پێوانی گۆشە.

- The religious man talked about **angels**, fairies and genies.

پیاوە ئاینییەکە باسی فریشتە و پەری و جنۆکەی کرد.

- The shopkeeper whose shop is in the **alley** fleeces his customers.

ئەو دوکاندارەی کە دوکانەکەی لە کۆڵانەکەدایە کرپیارەکانی خۆی دەخەڵەتێنێ (واتا: شتیان بەگران پێ دەفرۆشێ).

- Canada is a NATO **ally**. کەنەدا هاوپەیمانی ناتۆیە.

- She cann't **bear** working ten hours a day.

ئەو بەرگەی ئەوە ناگرێ ڕۆژی دە کاتژمێر ئیش بکا.

- There is a **bear** in the cave. ورچێک لەناو ئەشکەوتەکەدایە.

- I don't drink **beer**. من بیرە ناخۆمەوە.

- They put the corpse in a **bier**. ئەوان لاشەکەیان خستە ناو دارمەیتەوە.

- He decided to grow a **beard** and a moustach.

ئەو بڕیاری دا ڕیش و سمێڵ بهێڵێتەوە.

- The farmer was **peering** at the **pears** on the pear - tree.

جووتیارەکە بەوردی سەیری هەرمێکانی دەکرد بەدار هەرمێکەوە.

- Do you like **pea** soup or bean **soup**?

ئایا ئارەزووت لە شلەی بازیلایە یان شلەی لۆبیا؟

The child wants to have a **pee**. منداڵەکە دەیەوێ میز بکا.

- Tell the child to wash his hands with **soap** and water.

بەمنداڵەکە بڵێ دەستی بەئاو و سابوون بشوا.

- It is time for us to **wean** the child.

کاتی ئەوە هاتووە منداڵەکە لە شیر ببڕینەوە.

- uproot the **weeds** in the field.

گژوگیای ناو کێڵگەکە بەڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەنە.

- There is a **wee** drop of ink on your shirt.

دڵۆپێکی زۆر بچووک لە مەرەکەب بەکراسەکەتەوەیە.

- I **ween** that our team will win the game.

من بڕوام وایە تیمەکەی ئێمە یارییەکە دەباتەوە.

- We may **lose** each other in the crowd.

لەوانەیە ئێمە لە قەڵەبالّغییەکەدا یەکتر ون بکەین.

- The horse has broken **loose**. ئەسپەکە بەربووە.

- You have a puncture. **Loosen** the nuts and change the wheel.

تایەت پەنجەڕە. سەموولەکان بکەرەوە و تایەکە بگۆڕە.

- We made a **loss** on the deal. ئێمە لە مامەڵەکەدا زەرەرمان کرد.

- An **owl** hoots at night. کوندەبەبۆ بەشەو دەخوێنێ.

- An **awl** is a pointed tool used by a shoe repairer for picking holes in leather.

درەوش ئامێرێکی نووک تیژە پینەچی بەکاری دەهێنێ بۆ کونکردنی چەرم.

- Let's sit in the back **row.** با لە ڕیزی دواوە دانیشین.

- A boatman can **row** well. بەلەمەوان دەتوانێ بەباشی سەوڵ لێ بدا.

- Gona likes **raw** tomatoes. گۆنا ئارەزووی لە تەماتەی خاوە.

- A **roe** is a small European and Asian deer.

ڕەو ئاسکێکی بچووکی ئەوروپایی و ئاسیاییە.

- **Shoo** the hens. کشە لە مریشکەکان بکە.

- I need **shoe** polish. من پێویستیم بەبۆیاخی پێڵاو هەیە.

- A blacksmith can **shoe** a horse. ئاسنگەر دەتوانی ئەسپ نالّ بکا.

- Rezan Filled a **bowl** with chickpea soup.

ڕێزان قاپێکی خڕی قوولّی پڕ کرد لە نۆکاو.

- The old woman died of **bowel** cancer. پیرەژنەکە بەشێرپەنجەی ڕیخۆلّە مرد.

- The farmer **felt** tired and sat on a piece of **felt** to take rest.

جووتیارەکە هەستی بەماندوویەتی کرد و لەسەر پارچەیەک لباد دانیشت بۆ ئەوەی پشوو بدات.

- I hope your wound will soon **heal**. هیوام وایە برینەکەت زوو چاک ببێتەوە.

- A small nail stuck in his **heel**. بزماریّکی بچووک چوو بەپاژنەی پێیدا.

- **Beet** is used for making suger. چەوەندەر بەکار دێ بۆ دروستکردنی شەکر.

- Don’t let the kids **beat** the dog. مەهێلّە منداڵەکان لە سەگەکە بدەن.

- They lay on the **beach** to sunbathe themselves.

ئەوان لە کەناری دەریا پاڵکەوتن بۆ ئەوەی خۆیان بدەن لە خۆر.

- **Beech** is used for making stools. داری زان بەکار دێ بۆ دروستکردنی تەپلّەک.

- Tomorrow **morning** we’ll take part in the **mourning**.

سبەینێ سەرلەبەیانی ئێمە بەشداری تازیەکە دەکەین.

- Carnation is a sweet smelling **flower**. گوڵە میخەک گوڵێکی بۆنخۆشە.

- I like the bread which is made from brown **flour**.

من ئارەزووم لەو نانەیە کە لە ئاردی بۆر دروست دەکرێ.

- The **queen** punished the **quean**. شاژنەکە کچە بەدخوەکەی سزا دا.

- Why did that impolite boy **spit** at the man?

بۆچی ئەو کوڕە بێ ئەدەبە تفی لە پیاوەکە کرد؟

- We need some **spits** to grill the meat.

ئێمە پێویستیمان بەهەندێ شیش هەیە بۆ برژاندنی گۆشتەکە.

- I bear no **spite** towards him. من هیچ ڕقێکم لەو نییە.

- The **maid made** us a cake. کارەکەرەکە کێکێکی بۆ دروستکردین.

- He would like to **dye** his hair black. ئەو حەز دەکا ڕەنگی قژی ڕەش بکات.

- The old man is about to **die**. پیاوە پیرەکە خەریکە بمرێ.

- He hasn’t decided **whether** to go abroad or stay here.

ئەو بڕیاری ئەوەی نەداوە ئایا بچێ بۆ دەرەوەی وڵات یان لێرە بمێنێتەوە.

- How is the **weather** today? ئەمڕۆ کەشوهەوا چۆنە؟

- Most flowers **wither** in autumn. لە پایزدا زۆربەی گوڵ هەڵدەوەرێ.

- The **swallow swallowed a worn**. پەڕەسێلکەکە کرمێکی قووت دا.

- Wash yourself with **warm** water. بەئاوی شلّەتێن خۆت بشۆ.

- We saw a **marten** running after a squirrel in the forest.

ئێمە لەناو دارستانەکەدا دەڵەکێکمان بینی بەدوای سمۆرەیەکدا ڕای دەکرد.

- A **martin** is a bird resembling a swallow.

تێر ئەبابیلکە بالّندەیەکە لە پەڕەسێلکە دەچێ.

- We **pray** five times a day. ئێمە ڕۆژی پێنج جار نوێژ دەکەین.

- An owl catches its **prey** at night. کوندەبەبۆ بەشەو نێچیری خۆی دەگرێ.

- A horse must have a **manger**. پێویستە ئەسپ ئاخوڕی هەبێ.

- The personnel **manager** runs his department very well.

بەڕێوەبەری خۆیەتی زۆر بەباشی فەرمانگەکەی خۆی بەڕێوە دەبا.

- A **boa** is a large type of snake that winds itself around its prey and crushes it.

بەووە جۆرە ماریّکی گەورەیە پێچ دەخواتەوە بەدەوری نێچیری خۆیدا و تێکی دەشکێنێ.

- A **boar** is fond of wallowing in mud.

بەرازە کێوی حەز دەکا خۆی لەناو قوڕدا بگەوزێنێ.

- I **expect** a rise in fuel prices next month.

من پێشبینی دەکەم مانگی ئایندە نرخی سووتەمەنی بەرز ببێتەوە.

- All the trees were cut down **except** the osier.

هەموو درەختەکان بڕدرانەوە جگە لە شۆڕەبییەکە.

- Some of the prisoners tried to **escape** but they were not successful.

هەندێ لە دیلەکان هەوڵیان دا ڕابکەن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

- She didn't **accept** to marry the boy. ئەو ڕازی نەبوو شوو بکا بەکوڕەکە.

- We have to think of the problem from every **aspect**.

پێویستە ئێمە لە هەموو ڕووێکەوە بیر لە گرفتەکە بکەینەوە.

- I **weigh** 75 Kilos. من کێشم حەفتاوپێنج کیلۆیە.

- What is your **weight**? تۆ کێشت چەندە؟

- The policeman forced his **way** through the crowd.

پۆلیسەکە بەزۆر بەناو قەڵەباڵغییەکەدا ڕۆیشت.

- Natural yogurt contains **whey**.

ماستی سروشتی ئاوێکی مزری مەیلەو زەردی تێدایە.

- He has some **weird** ideas. ئەو هەندێ بیروبۆچوونی نامۆی هەیە.

- Don't have frienship with **weirdos**. هاوڕێیەتی کەسانی نامۆ مەکە.

- The farmer built a **weir** across the stream so that the water would rise and flow through the brooks.

جووتیارەکە بەربەستێکی لەبەر جۆگەکەدا دروست کرد بۆ ئەوەی ئاوەکە بەرز ببێتەوە و بەناو جۆگەلەکاندا بڕوا.

- A cold **draught** is coming in through the open window.

تەوژمی بایەکی سارد بەناو پەنجەرە کراوەکەدا دێتە ژوورەوە.

- Can you play **draughts**? ئایا دەتوانی یاری دامە بکەی؟

- We suffered two years of **drought**. ئێمە دوو ساڵ بێ بارانیمان چێژا.

- Hold the **rein** to control the horse.

لەغاوەکە بگرە بۆ ئەوەی ئەسپەکە کۆنترۆڵ بکەی.

- He became a minister during the **reign** of the king.

ئەو لە سەردەمی پاشاکەدا بوو بەوەزیر.

- A thief uses a **ladder** to climb up a wall.

دز پەیژە بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی بەدیواردا سەربکەوێ.

- He is suffering from the inflammation of the **bladder**.

ئەو تووشی هەوکردنی میزڵدان بووە.

- My hands are tingling from cold. دەستم لە سەرمادا سڕبووە.

- A copper pot will **tinkle** if you beat it with your hand.

مەنجەڵی مس دەزرنگێتەوە ئەگەر بەدەست لێی بدەی.

- A baby **babbles**. منداڵی ساوا گڕوگاڵ دەکا.

- Waran is fond of **bubble** gum. واران ئارەزووی لە بنێشتی بلّقدارە.

- Waran likes a hat with a **bobble** on top.

واران حەزی لە کلاوێکە گولّەنگی بەسەرەوە بێت.

- Damn those who built this bad **dam**.

لەعنەت لەو کەسانەی کە ئەم بەنداوە خراپەیان دروست کرد.

- The colt, the filly and the **mare** are grazing in the pasture.

جوانوەکە و نۆماکە و ماینەکە لە لەوەڕگاکەدا دەلەوەڕێن.

- Don't let those drunken boys **mar** the game.

مەهێڵە ئەو کوڕە مەستانە یارییەکە تێک بدەن.

- Put some leaven into the boiled milk, cover it with a thick piece of **cloth** and **leave** it there until it **clots** and becomes good yogurt.

هەندێ هەوێن بکەرە ناو شیرە کوڵاوەکەوە و بەپارچە قوماشێکی ئەستوور دایبپۆشە و وازی لێ بهێنە هەتاکو دەمەیێ و دەبێ بەماستی باش.

- The cow is **bellowing below** the hill.

مانگاکە لە خوارەوەی گردەکەوە دەبۆڕێنێ.

- I bought some **corn** for the chickens:

من هەندێ دانەوێڵەم کڕی بۆ مریشکەکان.

- The farmer’s son found some **acorns** under an oak - tree.

کوڕی جووتیارەکە لە ژێر دار بەڕووێکدا هەندێ بەڕووی دۆزییەوە.

- As soon as the **sun** shone, the farmer started sowing seeds.

کە خۆر هەڵهات دەستبەجێ جووتیارەکە دەستی کرد بەتۆو وەشاندن.

- A sculptor can **carve** a flower out of a piece of stone.

پەیکەرتاش دەتوانێ لە پارچە بەردێک گوڵێک هەڵبکۆڵی.

- She always **craves** loquats: ئەو هەمیشە شەیدای یەنگی دنیایە

- That **craven** boy didn’t allow the dentist to pull his bad tooth out.

ئەو کوڕە ترسنۆکە نەیهێشت پزیشکی ددان ددانە خراپەکەی بۆ دەربهێنێ.

- The bedroom **suite** doesn’t **suit** my needs.

تاقمی ژووری نوستن لەگەڵ پێویستییەکانی مندا ناگونجێ.

- **Honeydew** is as sweet as **honey**. گەزۆی سروشتی وەکو هەنگوین شیرینە.

- The **wind** is blowing now. ئێستا هەوا هەڵی کردووە.

- I forgot to **wind** my watch. لەبیرم چوو قورمیشی کاتژمێرەکەم بکەم.

- **Wind** the thread onto the reel. دەزووەکە هەڵکە بۆ سەر بەکرەکە.

- The snake **wound** itself around the branch of the tree.

مارەکە خۆی بەدەوری لقی دارەکەدا لوول دا.

- The doctor wanted to see the patient’s **wound**.

پزیشکەکە ویستی برینی نەخۆشەکە ببینێ.

- Some Kurdish women dye their **hair** with henna and **woad**.

هەندێ ژنی کورد بەخەنە و وسمە قژیان ڕەنگ دەکەن.

- We saw ahedgehog and a **hare** in a melon patch.

ئێمە لەناو بێستانێکی کاڵەکدا ژیشکێک و کەرۆشکە کێوییەکمان بینی.

- We can **hire** a room here. ئێمە دەتوانین لێرە ژوورێک بەکرێ بگرین.

- I cann’t **hear** her voice. من دەنگی ئەو نابیسم.

- The land is **barren**. زەوییەکە بێ پیتە.

- The woman is **barren**. ژنەکە نەزۆکە (واتا: منداڵی نابێ).

- The farmer cut down the **barren** tree.

جووتیارەکە درەختە بێ بەرەکەی بڕییەوە.

- A farmer stores his wheat in a **barn**.

جووتیار لە گەنجینەی دانەوێڵەدا گەنمەکەی هەڵدەگرێ.

.....

miner: مین دانەر

made up his mind = decided: بڕیاری دا

mine: مین دادەنێ، مینڕێژ دەکا

mind (v.): پێی ناخۆشە

mine: مین

goldmine: کانە زێڕ

mine: هی من

mind: ئاگای لێ دەبێ، گرنگی دەدا

mind: بیر، میشک

scatter = spread: بڵاوی دەکاتەوە

ground (adj): هاڕدراو

ground: زەوی

shot (n.): نیشانەشکێن

shot (p. and pp. of shoot): کوشتی (بەگوللە)

shot (n.): گوللە تەقاندن

shot (n.): گرتە (لە وێنەی سینەمایی و تەلەفزیۆنی)

shotgun: تاپۆ

shot: ساچمە

shoot (v.): ١- ڕاو دەکا ٢- تەقە دەکا

shoot (n.): تەرزی درەخت یان تەرزی ڕووەک

crow: قەلەڕەشە
caw: دەقڕێنێ
cow: مانگا
wolf: گورگ
howl: دەلوورێنێ
adder: کەوە مار (جۆرە ماریّکی بچووکی ژەهراوییە)
udder: گوان
urban: شاری
turban: میّزەر
lion: شێر
loin: کەلەکە
bite (bit - bitten): گاز دەگرێ
plane = aeroplane: فڕۆکە
plain: دەشت
plane: ڕەندە
plain: سادە
pale (adj): ڕەنگ زەرد
pail: سەتڵ
tail: کلک
tell a tale: چیرۆک دەگێڕێتەوە
wag /wæg/: دەلەقێنێ
wage: کرێ
lessen (v.): کەم دەکاتەوە
lesson (n.): وانە
listen: بەگوێی دەکا ، گوێ دەگرێ
gargle: غەرغەرە دەکا
gurgle: قوڵپ قوڵپ دەکا
gush: هەڵدەقوڵێ
leak (v.): دڵۆپە دەکا
leak (n.): کونی بچووک
leek: کەوەر

lee: پەنایەک کە با نەیگرێتەوە
gale: ڕەشەبای بەهێز
lair /leə/: لانی گیانەوەری کێوی
liar /'laIə/: درۆزن
ostrich: نەعامە
plume /plu:m/: پەڕی گەورە
plum : هەڵووژە
plump: خرپن
lump: ١- کلۆ ٢- پاروو ٣- لوو
lamp: چرا
plumber: بۆڕیچی
flea market: بازاڕی لەنگە
flee: ڕادەکا
flea: کێڵ
second - hand: کۆن
goods: شتومەک
exterminate: قەلاچۆی دەکا
locust: کوللە
ant: میّروولە
lice (plural of louse): ئەسپێ
worm: کرم
fly: میّش
small fly: میّشوولە
fleet: هێزی دەریایی
fleece: خوری مەڕ
fleece - lined: بەخوری ناوپۆشکراو
slippers: پێڵاوی سووک، نەعل
protractor: گۆشەپێو
angle: گۆشە
angel: فریشتە
fairy: پەری

genie: جنۆکە
alley: کۆڵان
ally: هاوپەیمان
bear (v.): بەرگە دەگرێ
bear (n.): وەرچ
beer: بیرە
bier: دارمەیت
beard: ڕیش
moustache: سمێڵ
peer: بەوردی سەیر دەکا
pear: هەرمێ
pee: میزکردن
pea: پۆلکە، بازیلا
bean: لۆبیا
soup /su:p/: شلە، شۆربا
soap /səup/: سابوون
wean: لە شیر دەبڕێتەوە
wee: زۆر بچووک
ween: بڕوای وایە
weed: گژوگیای زیانبەخش
lose (v.) /lu:z/: وونی دەکا
loose (adj.): بەربووە، کراوەتەوە
loosen (v.): دەیکاتەوە
loss (n.): زەرەر
owl /aUl/: کوندەبەبۆ
awl /o:l/: دڕەوش (ئامێرێکی نووک تیژە بەکاردێ بۆ کونکردنی چەرم)
pick holes in: کونی تێ دەکا
row (n.) /rəU/: ڕیز
row (v.): سەوڵ لێ دەدا
raw (adj.): خاو
roe: جۆرە ئاسکێکی بچووکی ئەوروپایی و ئاسیاییبیە

shoo: کشەی لێ دەکا
shoe: پێڵاو
shoe (v.): نالێ دەکا
bowl /bəUl/: قاپی خڕ و قوول
bowel /'baUəl/: ڕیخۆڵە
felt (p. of feel): هەستی کرد
felt (n.): لباد
heal (v.) = recover = get well: چاک دەبێتەوە
heel (n.): پاژنە
beet (n.): چەوەندەر
beat (v.) = strike = hit: لێی دەدا
beach = seaside = seashore = coast = shore: کەناری دەریا
beech: داری زان
morning: بەیانی
mourning: تازیە
sunbathe: خۆی دەدا لە خۆر
stool: تەپلەک



carnation: گوڵە مێخەک (گوڵێکی جوان و بۆنخۆشە ڕەنگی سپی و پەمەیی و سووری هەیە. بۆنی وەکو بۆنی مێخەکە)

flower: گوڵ
flour: ئارد
queen: شاژن
quean: کچێکی بەدخوو
spit (v.): تف دەکا
spit (n.): شیشی گۆشت برژاندن
spite: ڕقوکینە
maid: کارەکەر
made (p. of make): دروستی کرد
dye: ڕەنگی دەکا
die: دەمرێ
whether: ئایا

weather: کەشوهەوا
wither: هەڵدەوەرێ
swallow (n.): پەڕەسێلکە
swallow (v.): قووتی دەدا
worm: کرم
warm: گەرمی مامناوەندی، شلّەتێن (بۆ ئاو)
marten: دەڵەک
martin: تێر ئەبابیلکە (باڵندەیەکە لە پەڕەسێلکە دەچێ)
squirrel: سمۆرە
pray: نوێژ دەکا
prey: نێچیر
manger: ئاخور
manager: بەڕێوەبەر
boa /'bəʊə/: جۆرە ماریّکی گەورەیە، لە ئەمەریکای باشووردا هەیە
boar: بەرازی کێوی
wallow: خۆی دەگەوزێنێ
expect /Ik’spekt/: پێشبینی دەکا
except: /Ik'sept/: بێجگە، جگە
escape /I'skeIp/: ڕادەکا
accept /ək'sept/: ڕازی دەبێ
aspect /'æspekt/: ڕوو
weigh (v.): کێشانەی دەکا
weight (n.): کێش، قورسایی
way: ڕێگا
whey: ئاوێکی مزری مەیلەو زەردە هەندێ جار لەسەر ماست دەردەکەوێ
weird = strange = unusual = extraordinary = abnormal = mysterious: نامۆ
weirdo: کەسێکی نامۆ
weir: بەنداو، بەربەست
stream: جۆگە
brook: جۆگەلە
draught /dra:ft/: تەوژمی با (تیار هوائی)

draughts = checkers: دامە
drought /draut/: وشکی، بێ بارانی
rein /reIn/: لەغاو
reign /reIn/: سەردەم، ماوەی فەرمانڕەوایی
ladder: پەیژە
bladder: میزڵدان
tingle: سڕ دەبێ
tinkle: دەزرنگێتەوە
babble: گڕوگاڵ دەکا
bubble: بڵق
bobble: گوڵەنگی خڕ
damn: لەعنەتی لێ دەکا
dam: بەنداو (سد)
mare /meə/: ماین
mar /ma:/ = spoil: تێکی دەدا
colt: جوانو
filly: نۆما
leaven /'levn/: هەوێن
leave: بەجێ دەهێڵی
clot: دەمەیێ
cloth: قوماش
bellow /'belƏU/: دەبۆڕێنێ
bellow /bI’lƏU/: لە خوارەوە
corn: دانەوێڵە
acorn: بەڕوو
son: کوڕ
sun: ڕۆژ
sow seeds: تۆو دەچێنێ
carve: هەڵدەکۆڵێ
crave /kreIv/: شەیدایە، زۆر حەزی لێیە. بیزووی پێوە دەکا
craven /'kreIvn/: ترسنۆک (جبان)

suite: /swi:t/: تاقم
suit /su:t/: دەگونجێ
sweet: شیرین
wind: هەوا
wind (v.) /waInd/: ١- قورمیشی دەکا ٢- هەڵی دەکا (بۆ دەزوو، لەفاف... هتد)
wound /waund/ (p. of wind): لوولی دا، هەڵی کرد، پێچای، قورمیشی کرد
wound /wu:nd/: برین
hair /heə/: قژ
hare /heə/: کەروێشکی کێوی
hire /'haIə/: بەکرێ دەگرێ
here /hIə/: لێرە
hear /hIə/: دەبیسێ
henna: خەنە
woad: وسمە
hedgehog: ژیشک، ژوو ژوو
melon patch: بێستانی کاڵەک
barren /'bærən/: ١- بێ پیت ٢- نەزۆک ٣- بێ بەر
barn /ba:n/: گەنجینەی دانەوێڵە

K

Military Affairs and Ranks

کاروبار و پلەوپایەی سەربازی

- The corporal commanded the infantrymen to lie flat on the ground.

عەریفەکە فەرمانی دا بەسەر سەربازە پیادەکاندا تەخت لەسەر زەوی بکەون.

- The lance corporal commanded the conscript to clean his rifle.

جێگری عەریفەکە فەرمانی دا بەسەر سەربازە داواکراوەکەدا تفەنگەکەی خۆی پاک بکاتەوە.

- The lieutenant stood in front of his platoon and gave a speech on weapons of mass destruction.

ئەفسەری پلە یەک لەبەردەم فەسیلەکەی خۆیدا ڕاوەستا و وتارێکی دا لەسەر چەکی کۆکوژ

- A company is a part of a battalion. سریە بەشێکە لە بەتالیۆن.

- A captain is an officer below the rank of a major.

نەقیب ئەفسەرێکە لە خوارەوەی پلەی ڕائیدەوە.

- The sergeant - major was promoted to the rank of second - lieutenant.

پلەی جێگری ئەفسەرەکە بەرزکرایەوە بۆ ئەفسەری پلە دوو.

- The lieutenant colonel commanded the troops to withdraw from the area.

موقەدەمەکە فەرمانی دا بەسەر هێزە سەربازییەکاندا لە ناوچەکە بکشێنەوە.

- The brigadier, the general and the marshal met in closed session.

عەمیدەکە و لیواکە و موشیرەکە لە دانیشتنێکی داخراودا کۆبوونەوە.

- Shoulder arms!: چەک بۆ سەر شان! (تنكب سلاح!)

- Ground arms!: چەک لە سەر زەوی دانێ! (أرضاً سلاح!)

Right dress: لەسەر لای ڕاست ڕیزبە (يميناً تراصف!)

- Left dress: لەسەر لای چەپ ڕیزبە! (يساراً تراصف!)

- Right - hand - wheel!: بەلای ڕاستدا بسووڕێ (یميناً استدر!)
- Eyes front!: بۆ بەردەم بڕوانە! (امامك!)
- About turn!: بۆ دواوە وەرگەڕێ! (الى الوراء دُر!)
- Right turn!: بۆ لای ڕاست وەرگەڕێ! (الى اليمين دُر!)
- Turn out!: کۆبن! (تجمع)
- Turn out the guard!: پاسەوانان کۆبن! (الحرس تجمع!)
- By the left!: پێشڕەوان بۆ لای چەپ! (القدوة الى اليسار!)
- Left about! = Half left!: نیو خول بۆ لای چەپ! (نصف دورة الى اليسار!)
- Open order march!: بفتح النظام... سر!
- Order arms!: چەک بۆ لاتەنیشت! (جنباً سلاح!)
- About ship!: ئالآ هەلّکە! (ارفع العلم!)
- Fire by bursts!: بەسەلیە تەقە بکە
- Fire shot by shot!: بەتاک تاک تەقە بکە!

Fall out!: بلاّوە بکەن! (تفرَّقْ!)

Hault!: بوەستە! (قف!)

- Half right!: نیو خول بۆ لای ڕاست! (نصف دورة الى اليمين)

Blow the bridge!: پردەکە بتەقێنەرەوە

Lay a bridge!: پردێک دابنێ، پردێک دابمەزرێنە

.....

conscript: سەربازی داواکراو (جندی مكلف)

lance corporal: سەربازی پلە یەک (جندی اول)، جێگری عەریف (نائب عريف)

reservist: سەربازی یەدەک (جندی احتياط)

seaman: سەربازی دەریاوان (جندی بحری)

Tommy: سەربازی بەریتانی

invalid: سەربازێک کە بۆ خزمەتی سەربازی نەگونجێ (جندي غير صالح للخدمة العسكرية)

regular: سەربازی نیزامی (جندي نظامي)

rapparee: سەربازی غیر نیزامی (جندي غير نظامي)

franc - tireur: سەربازی خۆبەخش (جندي متطوع)

infantryman: سەربازی پیادە (جندي مشاة)

hessian = mercenary: سەربازی بەکرێگیراو (جندي من المرتزقة)

continental: سەربازی ئەمەریکی

corporal: عەریف

rifle: تفەنگ

lieutenant: ئەفسەری پلە یەک (ملازم أول)

platoon: فەسیل (فصيل)

company: سریە

battalion: بەتالیۆن

captain: نەقیب

major: ڕائید

sergeant - major: جێگری ئەفسەر (نائب ضابط، رقيب أول)

second - lieutenant: ئەفسەری پلە دوو (ملازم ثان)

lieutenant colonel: موقەدەم (مقدم)

brigadier = brigadier general: عەمید (عميد، قائد لواء)

general: لیوا

marshal: موشیر

colonel: کۆلۆنێل، عەقید، زعيم

commander in chief: فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان (القائد الاعلى للقوات المسلحة)

generalissimo: فەرماندەی گشتی (القائد العام)

rear admiral: عەمیدی دەریاوان (العميد البحري)

admiral: میری دەریا (أمير البحر)

commander: فەرماندە (آمر، قائد)

general staff: ئەرکانی گشتی (الاركان العامة)

staff officer: ئەفسەری ڕوکن (ضابط الاركان)

general officer: گەورە ئەفسەر (له سەرووی پلەی کۆلۆنێل یان زەعیم)، ضابط كبير (فوق الكولونيل أو الزعيم)

commodore: عەمیدی دەریاوان (عميد حربي)

warrant officer: ئەفسەری پۆل (ضابط صف)

bugle - major: سەرۆکی بوق لێدەران (رئيس البواقين)

bugler /'bju:glə/: بوق لێدەر (بواق)
staff: ئەرکان
chief of staff: سەرۆکی ئەرکان (رئيس الاركان)
staff college: کۆلێژی ئەرکان (كلية الاركان)
battery: سریەی تۆپخانە (سرية مدفعية)
regiment : یەکە، فەوج (وحدة، فوج)
regimental entries: تۆمارەکانی یەکە (سجلات الوحدة)
division: تیپ (فرقه)
armoured division: تیپی زرێپۆش (فرقة مدرعة)
division commander: فەرماندەی تیپ (قائد الفرقة)
mechanized division: تیپی میکانیکی (فرقة آلية)
combat troops: کەرتە جەنگاوەرەکان (قِطَعْ القتال)
tank platoon: فەسیلی تانک (فصيلة دبابات)
double march: هەڕوەلە
until further orders: تا ئاگادارکردنەوەیەکی تر (حتى إشعار آخر)
admiral of the fleet: فەرماندەی هێزە دەریاوانەکان (قائد القوات البحرية)
squadron: ١- سریەی ئەسپ سواران (سرية الخيالة) ٢- پۆلە فڕۆکە (سرب طائرات)
radio jamming: شێواندنی پەخشی ڕادیۆ (تشويش راديوي)
sick leave: مۆڵەتی نەخۆشی (إجازة مَرَضية)
full - pay leave: مۆڵەت بەمووچەی تەواوەوە (إجازة براتب تام)
top secret: ئەوپەڕی نهێنی (سرّي للغاية)
female nurse = nurse: پەرستیار (ممرضة)
male nurse: ممرض
close - range weapon: چەکی کورتهاوێژ (سلاح قصير المدى)
headquarters company: سریەی بارەگا (سريه المقر)
orderly officer: ئەفسەری ئێشکگر (ضابط الخفر)
issue an order: فەرمان دەردەکات (يصدر أمراً)
supplies: دابینکردنی ئازووقە (تموينات)
charge: حەشوە
Face about!: نیو خول (نصف دورة)
police superintendent: کۆمیسەری پۆلیس (مفوض الشرطة)

picket: تیمی فریاکەوتن (مفرزة طوارئ)
outlying of pickets: دانانی ڕەبیە (زرع الربايا)
peg picket: نیشانە (شاخِصْ)
police picket: پاسەوانی ڕێککاری (حرس الانضباط)
air officer: ئەفسەری فڕۆکەوان (ضابط طيار)
non commissioned officer: ئەفسەری پۆل (ضابط صف)
reserve officer: ئەفسەری یەدەک (ضابط احتياط)
warrant officer: جێگری ئەفسەر (نائب ضابط)
infantry division: تیپی پیادە (فرقة مشاة)
regimental number: ژمارەی یەکە (رقم الوحدة)
recruiting officer: ئەفسەری بەسەربازکردن (ضابط التجنيد)
discharge from the service: دەرچوون لە خزمەتی سەربازی (تسريح من الخدمة)
date of discharge: مێژووی دەرچوون لە خزمەتی سەربازی (تأريخ التسريح)
mobilization: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی سەرباز (تعبئة)
demobilization: ١- کۆتایی هێنان بەسەربازگیری گشتی (انهاء النفير)
٢- دەرچوون لە خزمەتی سەربازی (تسريح)
conscript (v.): بەزۆر دەیکا بەسەرباز
disarmament: چەک دامالّین (نزع السلاح)
striking force: هێزی دەست وەشێن (قوة الضاربة)
prohibited area: ناوچەی قەدەغەکراو (منطقة محرمة)
combat order: فەرمانی شەڕ (أمر قتال)
suspension bridge: پردی هەڵواسراو (جسر معلَّق)
absolute: ڕەها (مُطْلَق)
accountant general: بەڕێوەبەری گشتی ژمێریاری (مدير الحسابات العام)
aircraft carrier: فڕۆکە هەڵگر (حاملة الطائرات)
airdrop (n.): دابەزاندنی ئاسمانی (الانزال الجوي)
airdrop (v.): لە ئاسمانەوە دادەبەزێنێ (ينزل جوياً)
air lift: پردی ئاسمانی(جسر جوي)
air - to - air rockets: مووشەکی ئاسمان بەئاسمان (صواريخ من الجو الى الجو)
air raid: هێرشی ئاسمانی (غارة جوية)
insinuation: فەرمان پێدان (إيعاز)

military fortifications: قایمکاری سەربازی، تونەوتۆڵی سەربازی (تحصينات عسكرية)
non - intervention policy: سیاسەتی دەست تێوەرنەدان (سياسة عدم التدخل)
zero hour: کاتژمێری سفر (ساعة الصفر)
good offices: هەوڵی خێرخوازانە (المساعي الحميدة)
launching pad: سەکۆی مووشەک تەقاندن (منصة الاطلاق)
missile /'mIsaIl/: مووشەک
ballistic missile: مووشەکی بالیستی
missile base: بنکەی مووشەک (قاعدة صاروخ)
guided missile: مووشەکی ئاراستەکراو (القذيفة الموجهة: قذيفة أو صاروخ توجه أثناء طيرانها بأشارات لاسلكية – الخ)
open fire on = start shooting at: دەست دەکا بەتەقەکردن
at random: بەکوێرانە (عشوائياً)
stray bullet: گوللەی وێڵ

L
Social Affairs

کاروباری کۆمەڵایەتی

- Sociology is the scientific study of the nature and development of society and social behaviour.

کۆمەڵناسی زانستێکە کە لە سروشتی کۆمەڵگە و گەشەپێدانی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە.

- Society is all the people living together in a particular area or country sharing certain laws, beliefs, ways of living and behaviour.

کۆمەڵگا هەموو ئەو خەڵکەیە کە لە ناوچەیەک یان وڵاتێکی تایبەتیدا پێکەوە دەژین و هاوبەشن لە یاسا و بیروباوەڕ و شێوازی ژیان و ڕەفتاری تایبەتیدا.

Aggregation is gathering and dwelling in a place without special relationship.

ئاگریگەیشن کۆبوونەوە و نیشتەجێبوونە لە شوێنێک بەبێ پەیوەندی تایبەتی.

Technocracy is a social or political system in which people with scientific knowledge have a lot of power.

تیکنۆکرەسی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسییە کە تێیدا خەڵک بەهۆی زانیاری زانستییەوە دەسەڵاتی زۆر بەدەست دەهێنێ.

Class conflict is dispute between the classes of society.

ململانێی چینایەتی ناکۆکییە لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا.

Norm is a pattern of behaviour that is accepted in society.

نۆرم نموونەیەکە لە ڕەفتار کە لەناو کۆمەڵگەدا پەسەند دەکرێ.

Endogamy is marriage between close relatives.

هاوسەرێتی خۆبەخۆیی ژنهێنانە لە نێوان خزمانی نزیکدا.

Exogamy is marriage between people who are not close relatives.

هاوسەرێتی دەرەکی ژنهێنانە لە نێوان کەسانێک کە خزمی نزیک نەبن.

polygamy is the custom of having more than one wife at the same time.

پەلیگەمی نەریتێکە کە ڕێگە بەوە دەدات کەسێک لەیەک کاتدا زیاتر لەیەک ژنی هەبێ.

- Monogamy is the custom of being married to only one person.

مەنۆگەمی نەریتێکە کە دەبێ کەسێک تەنها یەک ژن یان یەک مێردی هەبێ.

- Demography is the scientific study of population.

دیمۆگرەفی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە دەربارەی دانیشتوان.

- Anthropology is the study of human race.

ئانشرەپۆلەجی لێکۆڵینەوەیە لە ڕەگەزی مرۆڤ.

- Any abnormal behaviour that is not accepted in the society is called deviation.

هەر ڕەوشتێکی نامۆ کە لەناو کۆمەڵگادا پەسەند نەکرێ پێی دەوترێ لادان (إنحراف).

- Culture is the customs, beliefs, art, way of life and social organization of a country or group.

کولتوور دابونەریت و بیروباوەڕ و هونەر و شێوازی ژیان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی وڵاتێک یان کۆمەڵێکە.

- Tradition is a belief, custom or way of doing something that has existed for a long time among a particular group of people.

نەریت باوەڕ و داب و شێوازی ئەنجامدانی کارە کە لە نێوان کۆمەڵە کەسانێکی تایبەتیدا بۆ ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە.

- Ethnopraphy is the scientific description of different races and cultures.

ئیتنۆگرافی وەسفێکی زانستییە دەربارەی ڕەگەز و کولتووری جیاواز.

- Ethnology is the scientific study and comparison of human races.

ئیتنۆلەجی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بەراوردکردنە دەربارەی ڕەگەزەکانی مرۆڤ.

- Rationalism is the belief that all behaviour and opinions should be based on reason rather than on emotions or religious beliefs.

ئەقڵگەرایی(العقلانية)ئەو باوەڕەیە کە بەپێویستی دەزانێ هەموو ڕەوشت و بیرۆکەکان زیاتر لەسەر بنەمای ئەقڵ بن نەوەک لەسەر بنەمای سۆز و بیروباوەڕی ئاینی بن.

- Totem is an animal or other natural object that is chosen and respected as a special symbol of a tribe or family.

تەوتەم گیانەوەرێک یان شتی تری سروشتییە کە وەکو هێمایەکی تایبەتی بۆ هۆز یان خێزان هەڵدەبژێردرێ و ڕێزی لێ دەگیرێ.

- Fratricide is the crime that somebody kills his / her brother or sister.

فراتریساید ئەو تاوانەیە کە کەسێک برای خۆی یان خوشکی خۆی دەکوژێ.

- Parricide is the crime that somebody kills his / her father, mother or a close relative.

پاریساید ئەو تاوانەیە کە کەسێک باوکی خۆی یان دایکی خۆی یان خزمی نزیکی خۆی دەکوژێ.

- Patricide is the crime that somebody kills his / her father.

پاتریساید ئەو تاوانەیە کە کەسێک باوکی خۆی دەکوژێ.

- Matricide is the crime that somebody kills his / her mother.

ماتریساید ئەو تاوانەیە کە کەسێک دایکی خۆی دەکوژێ.

- Suicide is the act of killing yourself deliberately.

سوویساید کرداری خۆکوشتنە بەئەنقەست.

-Psychopathology is the scientific study of mental disorders.

سایکەوپەثۆلەجی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە دەربارەی نەخۆشی مێشک.

- Segregation is the act of separating people of different races, religions or sexes and treating them differently.

سەگریگەیشن کرداری جیاکاری ڕەگەزی و ئاینی یان سێکسییە لەگەڵ هەڵسوکەوتکردن بەشێوەی جیاواز بەرامبەر بەو کەسانە.

- Equality is the fact that all people are equal in rights.

یەکسانی ئەو ڕاستییەیە کە هەموو خەڵک لە مافەکاندا یەکسانن.

- Taboo is a cultural or religious custom that forbids a particular thing.

تەبوو نەریتێکی کەلتووری یان ئاینییە کە شتێکی تایبەتی قەدەغە دەکا.

- Social stratification is the division of society into different classes.

سەوشڵ ستراتیفیکەیشن دابەشبوونی کۆمەڵگایە بەسەر چین و توێژی جیاوازدا.

- Patriarchy is a society, system or country that is ruled by men.

باوکسالاری کۆمەڵگایەک یان سیستەمێک یان وڵاتێکە کە لەلایەن پیاوەوە فەرمانڕەوایی دەکرێ.

- Matriarchy is a social system that gives power and authority to women rather than men.

دایکسالاری سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە کە هێز و دەسەڵات زیاتر بەژن دەدات نەوەک بەپیاو.

- Nuclear family is a family that consists of father, mother and children.

خێزانی ناوکی خێزانێکە کە پێکدێت لە باوک و دایک و منداڵ.

- Extended family is a family that consists of parents, children and other close relatives with a close relationship among its members.

خێزانی فراوان خێزانێکە کە پێکدێت لە باوک و دایک و منداڵ و خزمانی تری نزیک لەگەڵ بوونی پەیوەندی نزیک لە نێوان ئەندامەکانیدا.

- Utopia is an imaginary place or state in which everything is perfect.

یووتەوبیا شوێنێک یان دەوڵەتێکی خەیاڵییە کە تێیدا هەموو شتێک تەواو و نموونەییە.

چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٥

(٣٣٧) بەتەنیشت فەنابوونەوە. شیعری: بەرزان هەستیار.
(٣٣٨) شیعر تەنیا هەر بنەمایە. لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی: ئەحمەدی مەلا.
(٣٣٩) دیوانی بێکەس. ئومێد ئاشنا ڕێکی خستووەتەوە و لێی زیاد کردووە و پاشکۆی بۆ داناوە.
(٣٤٠) مێژووی بەلوچ و بەلوچستان. بەرگی یەکەم. نووسینی: میر نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ. وەرگێڕانی: هیوا محەمەد زەندی.
(٣٤١) کورد و کوردستان. نووسینی: ئارشاک سافراستیان. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەمین شوان.
(٣٤٢) دوو دونیا. چیرۆک. نووسینی: گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.
(٣٤٣) کورد و مەسەلەی کورد. نووسینی: دوکتۆر شاکر خەسباک. وەرگێڕانی: ئەمجەد شاکەلی.
(٣٤٤) ڕەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە. دانانی: محەمەد ئەمین هەورامانی.
(٣٤٥) اللُّر كردٌ أم لُرّ. خسرو جاف. ترجمة: محمد البدري.
(٣٤٦) تأريخ القانون. الدكتور منذر الفضل.
(٣٤٧) ١٩٨٤. جۆرج ئۆرویڵ. وەرگێڕانی لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس.
(٣٤٨) گوندی ئێمە. ڕۆمان. نووسینی: مەحموود ماکاڵ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد بەهرەوەر.
(٣٤٩) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی – بەرگی یەکەم. د. موحسین ئەحمەد عومەر.
(٣٥٠) وڵاتەکەت باشتر بناسە. دانانی: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی.
(٣٥١) تەنەکاوا. ڕۆمان. نووسینی: ڕەزا هەمڕاە. وەرگێڕانی: محەمەد بەهرەوەر.
(٣٥٢) زەویی چاک. ڕۆمان. نووسینی: پێرل باک. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد بەهرەوەر
(٣٥٣) زستانە خەون. چیرۆک. نووسینی: گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.
(٣٥٤) من الانفال الى الاستقلال – شعب يصنع التاريخ. تأليف: الدكتور منذر الفضل .
(٣٥٥) کەرنەڤاڵی سەرفەرازی. ئەلبووم. بەهرام وەڵەد بەگی.
(٢٥٦) فەرهەنگی خاڵ. شێخ محەمەدی خاڵ.
(٣٥٧) کۆتر و پلنگ. بیر و بۆچوون. حەمەسەعید حەسەن.
(٣٥٨) مالێک لەناو زەریا مالێک لە تەنیشت بیابان. کۆی شیعرەکان. دلاوەر قەرەداغی.
(٣٥٩) خەونەکانی ئیقلیمی با. کۆچیرۆک. ناسر وەحیدی.
(٣٦٠) بەدامێنی شاخێکەوە. ڕۆمان. ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی.
(٣٦١) چرپە بەدەنگی بەرز. چەپکێ چیرۆکی ئافرەتانەی فارسی. نەجیبە ئەحمەد.
(٣٦٢) حەشری گوڵە هەرمێ. کورتەچیرۆک. نەجیبە ئەحمەد.
(٣٦٣) مامزێک لە ئاو. شیعر، نەجیبە ئەحمەد.
(٣٦٤) فەرهەنگی نۆبەرە. گیو موکریانی.
(٣٦٥) مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی پێنجەم. د. مارف خەزنەدار.
(٣٦٦) ظهور الكورد في التأريخ: دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية ومهدها. الجزء الأول. الدكتور جمال رشيد أحمد.

(٣٦٧) ظهور الكورد في التأريخ: دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية ومهدها. الجزء الثاني. الدكتور جمال رشيد أحمد.
(٣٦٨) ظهور الكورد في التأريخ: دراسة شاملة عن خلفية الأمة الكوردية ومهدها. الجزء الثالث. الدكتور جمال رشيد أحمد.
(٣٦٩) زیندانی ڕۆح. شیعر. هاشم سەراج.
(٣٧٠) المسؤولية الطبية. تأليف: الدكتور منذر الفضل.
(٣٧١) Legal Studies. By: Munther Al Fadhal, PhD of Law
(٣٧٢) فەرهەنگی باشوور. عەباس جەلیلیان.
(٣٧٣) هونەری شێوەکاری مۆدرن. گارا.
(٣٧٤) سەرجەمی بەرهەم. شێرزاد حەسەن – کۆمەڵە چیرۆکەکانی: تەنیایی، گوڵی ڕەش، گەڕەکی داهۆڵەکان، پیرەپەپوولەکانی ئێوارەان.
(٣٧٥) سەرجەمی بەرهەم. شێرزاد حەسەن – ڕۆمانەکانی: حەسار و سەگەکانی باوکم، پێدەشتی کارمامزە کۆڕاوەکان، تەمی سەر خەرەند.
(٣٧٦) لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق. د. كاظم حبيب.
(٣٧٧) شەڕی چل ساڵە. شیعر. سەباح ڕەنجدەر
(٣٧٨) هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی. حەمەسەعید حەسەن.
(٣٧٩) دیوانی ئەدەب – عەبدوڵڵا بەگی میصباح دیوان. کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوە و فەرهەنگ: محەمەد حەمە باقی
(٣٨٠) فیمینستناسی و جڤاکی کوردی. کازیوە سالح
(٣٨١) کوردستانی هاوچەرخ. گوشاد حەمەسەعید
(٣٨٢) ڕەنگی خۆڵ. نەزەند بەگیخانی – دلاوەر قەرەداغی
(٣٨٣) دڵۆپێک لە هەتاو. تیشکە محەمەدپوور
(٣٨٤) تکایە دەست بەشیعرەوە بگرن! – توێژینەوەی ئەدەبی. محەمەد فەریق حەسەن
(٣٨٥) ئاسۆس – روایة. محي الدين زنگنه
(٣٨٦) هۆنەرێ نقیسینێ چاوا باش بنقیسین؟. جگەرسۆز پێندرۆیی
(٣٨٧) ڕۆژانی دڵۆپەکانی فەنا – ئەو دەقانەی توانای نووسینەوەیانم نەبوو. عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
(٣٨٨) فەلەکەدین کاکەیی – بەرەنگی خۆی دوور لە سیاسەت. شێرزاد عەبدولڕەحمان
(٣٨٩) ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی. بەرگی یەکەم. ئێدیت سۆدێرگران، گونار ئێکێلۆف، ئارتور لوند کڤیست. وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی
(٣٩٠) حەج. تەوافی گەورە عاشقان. دڵشاد عەبدوڵڵا